چاودێر
THE OBSERVER
Aweekly Political, Educational & Social Press
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٥٤) دوو شەممە ٢٠٠٥/١١/٢١

ئەگەری بڵاوبوونەوەی ئەنلفۆنزای پەلەوەر لەدوبز

هاتووە و دوای مردنیشیان چاویان هەڵتۆقیوە، و ئەم حاڵەتانەش ئاماژەن بۆ ... ٥٠ پەلەوەری وەک مریشک و قاز و قەل مرداربوونەتەوە، و ئەمرۆیش (دووشەممە) بە هێنان و بردنی پەلەوەر لەقەزاکەوە بۆ دەرەوە یان بەپێچەوانەوە.■

وەزارەتی ڕۆشنبیری سەدان ملیۆن دینار تەسویە ناکا

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی سلێمانی زیاتر لە (٤٠) سلفەی وەزارەتەکەی لەگەڵ گەنجینەی (٢)دا تەسویەنەکردووە و بەمەیش سستی کەوتووەتە ئیشوکارەکانی وەزارەتی ناوبراوەوە.

لەمبارەیەوە یاسین عومەر کەریم بەڕێوەبەری گەنجینەی (٢)ی سلێمانی بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی (٦٠) پێشینە (سولفە)ی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بەڵام تەنها نزیکەی (١٥) لەو سولفانەی تەسویەکردووە، و ئەوانی تر ماونەتەوە.

ناوبراو ئاماژەی ٤٢٥٠٠٠ بەوەکرد: بۆ نموونە لە ١/١٢ی ئەمساڵدا (٤) چوار ملیۆن و ٢٥٠ هەزار دیناریان وەک پێشینە بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتی منداڵانی کەرکوک وەرگرتووە، و بەڵام تا ئێستا ئەو سلفەیەیان تەسویەنەکردووە، و ڕوونیشیکردەوە: تەواوی ئەو سلفانە لەوکاتەدا بوون کە فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیری بووە، و ئاشکراشیکرد: لەوەزارەتی داراییەوە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کراوە و ئاگادارکراوەتەوە لە سستی ...

بەڕێوەبەری گەنجینەی (٢)ی سلێمانی

... ئیشوکارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریارییان کە نووسخەیەکی ئەو نووسراوەمان لەلایە، و سەرجەمی ئەو پارانەیشی کە تەسویە نەکراون، بە سەدان ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێن.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: دوێنێ بەفەرمانی کارگێڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەست لەکارکێشانەوەی فەتاح زاخۆیی بەسەر تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتەکەدا تەعمیمکرا، کە ئیمزای شەماڵ عەبدولوەفا وەزیری ڕۆشنبیری بەوەکالەتی بەسەرەوەیە.■

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی:
خەڵکانێک هاتوونەتە سەر حازری و وەها خۆیان نیشاندەدەن تێکۆشەرن و پڕوپاگەندە بڵاودەکەنەوە

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاند: خەڵکانێک هاتوونەتە سەر حازری و دەیانەوێ وەها لەخەڵکی کوردستان تێبگەیەنن تێکۆشەرن و پڕوپاگەندە لە دژی ئەو حزبە تێکۆشەرانە بڵاودەکەنەوە کە ساڵانێکی زۆرە لەشاخ خەبات دەکەن. هەر لەو وتارەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا کە دوێنێ لە مەراسیمی کردنەوەی نۆیەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیریی گەلاوێژ لەهۆڵی سەنتەری گەنجان پێشکەشی کرد: کۆسرەت ڕەسوڵ تەئکیدیکردەوە دەبێ کەسانی شیاو لەجێگای شیاودابن، و ئەم تەئکیدکردنەوەیەش دوابەدوای ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی هات کە لەژمارەی ڕابردوودا بڵاومانکردەوە کە بە "نهێنی" ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران-سلێمانی کراوە بە چاوخشاندنەوە بە (٨٠) پلەوپۆستی تایبەتیدا کە مەرجی یاساییان نییە.

کۆسرەت ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەش کرد: هێشتا زیاتر لە (٥٠) مادەی دەستوری یەکلاینەکراونەتەوە و یاسایان بۆ دەرنەچووە، بۆیە پێویستە زۆرترین خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردن بکەن، تاوەکو زۆرترین نوێنەرمان لەبەغدا هەبێ.■

پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری

سەرچاوەیەکی هەواڵ لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران-ئیدارەی سلێمانییەوە بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دیوانی چاودێریی دارایی سەبارەت بە نەبوونی مەرجی پێویست لە (٨٠) پلەی تایبەتیە وەک بەڕێوەبەری گشتی، ڕاوێژکار، شارەزا، و جێگری بەڕێوەبەری گشتی.

هەر لەو بارەیەوە یەکێک لەو کەسانەی کە لەنێو ئەو لیستە (٨٠) کەسیەدایە، بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەت پێی ڕاگەیاندووم لیژنەیەکمان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهێناوە بۆ تاوتوێکردنی وردەکاری ئەو ڕاپۆرتەی دیوانی چاودێریی دارایی کە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٦ ئاراستەی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت کراوە، دەربارەی نەبوونی مەرجی یاسایی لە (٨٠) پلەی تایبەتی حکومەتدا.

ئەو سەرچاوەیە ڕوونیشیکردەوە: دوابەدوای ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیە سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریی دارایی، حکومەتی هەرێم بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە دەدا.■

سەعدی پیرە ڕەخنە لە لێپرسراوە سەربازییەکانی پارتی دەگرێ

دڵشاد صابر-هەولێر:

سەعدی ئەحمەد پیرە لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ڕایگەیاند: کێشەمان لەگەڵ هەندێ لێپرسراوی سەربازی پارتیدا هەیە کە بەعەقلیەتی شەڕی ناوخۆ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، و ئاشکراشیکرد: لە ئیدارەی هەولێر تەعلیماتی ڕاشکاوانە هەیە کە داواکراوە ئەو کەسانەی یەکێتین نابێ زەویان بدرێتێ، بۆیە بەنیازین دوای گەڕانەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەشتەکەی، لەگەڵیدا دابنیشین بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشانە.

هەر لەو چاوپێکەوتنەیدا بۆ "چاودێر" کە لەژمارەی داهاتوودا دەقەکەی بڵاودەکەینەوە، لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی کشانەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان وتی: گەر یەکگرتووی ئیسلامی بیانووی کشانەوەی بەرگرتنە لەگەندەڵی، ئەوا یەکگرتوو لەکاتێکدا بەشداری لەحکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێرادا کرد کە شەڕی براکوژی لەئەوپەڕیدابوو.

دەربارەی نەبوونی حەماسی هاووڵاتیانیش بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسی سەر دەستور، هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ خراپی ئەدای دەزگاکانی هەردوو حکومەتی هەرێم و هەروا دابڕانی نەوعی لەنێو حزبە سیاسییەکان و جەماوەردا، و وتی: گەر یەکێتی و پارتی دەیانەوێ بەردەوامبن لە حوکمڕانی لەکوردستان، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن ئەو کەلێنەی لەنێوان خۆیان و جەماوەردا دروست بووە بچوکی بکەنەوە، کە ئەوەیش بەوە دەکرێ دەبێ بەخۆماندا بچینەوە لە مامەڵەکردنماندا لەگەڵ جەماوەر.■

لەڕاپرسییەکی "چاودێر"دا
وەزارەتی پەروەردە خراپترین وەزارەتە

چاودێر:

لەڕاپرسییەکی "چاودێر"دا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی سلێمانی بە خراپترین وەزارەت دادەنرێ لەڕووی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی.

لەو ڕاپرسییەدا کە لە (٣) ڕۆژی ڕابردوودا لەنێو "٤٨٥" هاووڵاتی شاری سلێمانی بەسەرجەمی چین و توێژەکانیەوە تیایدا بەشداربوون، (٢٣٤)یان وەزارەتی پەروەردەیان بە خراپترین وەزارەت داناوە کە دەکاتە ڕێژەی ٤٨٪ی بەشداربووان، و دوای ئەویش وەزارەتی تەندروستی کە ڕێژەکەی (٢٦٪)، واتا (١٢٧)ی بەشداربووان بەوەزارەتێکی خراپیان داناوە، و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیش بە پلەی سێیەم هاتووە.

هەر لەو ڕاپرسییەدا کە (٢٧٤) پیاو و (٢١١) ژن بەشداریان تیاکردووە، (٣٢٠)یان کە دەکاتە ڕێژەی (٦٥٪) وەزارەتی ناوخۆیان بە وەزارەتێکی باش داناوە.

بە پلەی دووەمیش وەزارەتی شارەوانی هاتووە، کە تەنها (٥٧) بەشداربوو پەسەندیان کردووە، و بە پلەی سێیەمیش وەزارەتی دارایی هاتووە کە تەنها (٣٤) دەنگدەر پەسەندیان کردووە.■

هەواڵ و مەترسی

■ کوژرانی مفەوەزێکی گومرگ

دوێنێ بەیانی پۆلیسێکی گومرگ بەپلەی مفەوەز بەناوی جەوهەر محەمەد عەزیز لەنزیک ماڵە ئاوارەکانی زێرینۆک لەشاری سلێمانی لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تەقەیلێکرا و کوژرا.

"چاودێر" زانیویەتی مفەوەزەکە خەڵکی شاری هەولێرە و لێکۆڵینەوەیش لەهۆکاری کوشتنی بەردەوامە.■

■ کوژرانی مولازمێک و سێ پۆلیس

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو مەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوک لەگەڕەکی شاری یاری ئەو شارە، لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە تەقەیان لێکرا و سەرەنجام مولازمێکی تورکمان بەناوی موراد عەباس و سێ پۆلیسی تر کوژران.■

■ دەستگیرکردنی شۆفێرێکی تورکی

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو پۆلیسی هاتوچۆی دەرەوەی کەرکوک شۆفێرێکی تورکی بەناوی "مەتین چلیک" لەنێوان ڕێگای بێجی-کەرکوک دەستگیرکرد، کە هیچ بەڵگەیەکی شۆفێری پێنەبووە.■

> **سەلام سەعید قەزاز بریکاری وەزارەتی کارەبای عیراق:**
>
> ## وەزیری کارەبای عیراق بەڵێنیداوە لەماوەی (١٤) ڕۆژی داهاتوودا چارەسەری بەپەلەبکات بۆ زیادکردنی ئەو کارەبایەی دەگاتە کوردستان
>
> ئەندازیار سەلام سەعید قەزاز بریکاری وەزارەتی کارەبای عیراق ڕایگەیاند دکتۆر موحسین شلاش وەزیری کارەبای عیراق کە ماوەی سێ ڕۆژە بەسەردانێک لەسلێمانییە، بەڵێنیداوە لەماوەی (١٤) ڕۆژدا، واتا لەمڕۆوە چارەسەری بەپەلە بکات بۆ زیادکردنی ئەو بڕە کارەبایەی دەگاتە کوردستان، و پێشبینیشیکرد: لەشەوو ڕۆژێکدا ماوەی کارەبا لە ١٠-١٢ سەعات کەمتر نەبێت.
>
> ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد: پێشتر سەرۆکی دەزگای کارەبای هەرێم هیچ زانیارییەکی نەدەداینێ، بۆیە ئێمەش نەماندەزانی چۆن داوای کارەبا لە حکومەتی عیراق بکەین
>
> **دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕە (٣)دایە.■**

خۆپیشاندەران پەلاماری بارەگایەکی پارتی و بنکەیەکی پۆلیس دەدەن

دڵشاد کاوانی-شەقڵاوە:

نزیکەی ٤٠٠-٥٠٠ هاووڵاتی شارۆچکەی کۆڕێ خۆپیشاندانێکی نارەزاییان لەدژی بڕیارێکی سەرکەوت ڕەسوڵ قایمقامی قەزای شەقڵاوە ئەنجامدا سەبارەت بە ڕوخاندنی (١٨٠) خانووی تەجاوەزی شارۆچکەکەیان.

ڕۆژی (١٦)ی ئەم مانگە ئەو ژمارەیەی خۆپیشاندەران، کە زۆربەیان گەنج بوون، پەلاماری بارەگای ڕێکخراوی "کۆڕێ"ی پارتی دیموکرات و بنکەی پۆلیسی شارۆچکەکەیان داو دواتر ئاگریان لەچەندین تایەدا لەبەردەم هەردوو بارەگاکەداو پاشان موسا گەردی لێپرسراوی سوپای (٨)ی سۆران و لێپرسراوی ناوچەی سەلاحەدینی پارتی توانیان بەفشار خۆپیشاندانەکە کپبکەنەوە.

خۆپیشاندەرێکیش بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: داوامان وایە ئەم خانووانە تێکنەدرێن، چونکە ئەم زەوییانە کە خانووەکانی لەسەر دروستکراوە، لەلایەن بەڕێوەبەری شارەوانیی کۆڕێ بە لێپرسراوان و "بەگزادەکان"ی ناوچەکە فرۆشراوە و ئێستایش بە بیانووی تەجاوەز دەیانەوێ بیانڕوخێنن.■

وەزارەتی ڕۆشنبیری زیاتر لە (١٦٠) ملیۆن دینار دەداتە چەند هونەرمەندێک!

نەبەز محەمەد-چاودێر:

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی سلێمانی زیاتر لە (١٦٠) ملیۆن دیناری بەخشیوەتە چەند هونەرمەندێک.

لەمبارەیەوە و بەگوێرەی چەند نووسراوێکی ڕەسمی وەزارەتی ناوبراو کە ئاراستەی گەنجینەی (٢)ی سلێمانی کراوە، بەناوی کاروگەشتی هونەرییەوە بڕی زیاتر لە (١٦٠) ملیۆن دینار دراوەتە چەند گۆرانیبێژ و شانۆکار و نیگارکێشێک.

لەنێو ئەو کەسانەدا کە ئەو هاوکارییەی وەزارەتی ناوبراو گرتوونیەتیەوە، خەرجکردنی بڕی (٥٢٦٥٦٦٠٠) دینارە بۆ گۆرانیبێژ ئەیوب عەلی بەمەبەستی تۆمارکردنی سیدییەکی تازەی، هەروەک چۆن پێشتر ناوبراو ڕایگەیاندبوو گەر لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هاوکارینەکرێ ئەوا وازلەهونەر دەهێنێ!

یەکێکیتر لەو گۆرانیبێژانە عەدنان کەریمە کە (٤٥) ملیۆن دیناری دراوەتێ، لەگەڵ دیاری قەرەداغی گۆرانیبێژ کە (٢٥٦٠٠٠٠٠) دیناری دراوەتێ، و "لوقمان سەلیم"ی گۆرانیبێژیش (٩) ملیۆن دیناری دراوەتێ و دواتریش لەڕێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەمان بڕە پارەی لە ١٠/١١ی مانگی ڕابردوودا بۆ سەرفکراوەتەوە!

گۆرانیبێژ بورهان خۆشناویش (٧) ملیۆن دیناری بۆ کاری هونەری بە نووسراوێک بۆ خەرجکراوە، و شانۆکار شوان عەتوفیش (٥) ملیۆن دیناری بۆ سەرفکراوە، لەگەڵ سەرفکردنی (٥) ملیۆن دینار بۆ گەشتێکی هونەرمەندی نیگارکێش ئیسماعیل خەیات، و (٦) ملیۆن دیناریش بۆ کەیوان محەمەدی دەفژەن، سەربەری سەرفکردنی دەیان ملیۆن دیناری تر بۆ چەندین هونەرمەندی تر کە کارە هونەرییەکانیان دیارنین.

هەر لەنێو ئەو ناوانەدا هونەرمەندی کۆچکردووی تێدایە کە زیاتر لە (٤٩) ملیۆن دیناری بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ سەرفکراوە.

سەرجەمی ئەو بڕە پارانەیش لەوکاتەدا سەرفکراون کە فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیری بوو، و هەر لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بە "چاودێر"ی ڕاگەیاند: زۆربەی ئەو پارە سەرفکراوانە لەڕێی لیژنە پسپۆڕییەکانەوە ڕەزامەندییان بۆ وەرنەگیراوە.■

بەهۆی بێ باکی نەخۆشخانەی خانەقی
زۆربەی بریندارەکانی دوو تەقینەوەکە شەهیددەبن

هۆگر حەمەساڵح- "چاودێر":

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی ڕایگەیاند: دوای تەقینەوەکانی ڕۆژی (١٨)ی ئەم مانگەی شاری خانەقی، نەخۆشخانەکەی ئەو شارە هیچ دکتۆرێکی تیا نەبووە و لەوانەیە چەند بریندارێک بەوهۆیەوە شەهیدبووبن.

لەو لێدوانەیدا بۆ "چاودێر" دکتۆر سەباح هەورامی ڕوونیشیکردەوە: دوابەدوای تەقینەوەکە ستافی پزیشکی... هیچ بریندارێکی وەرنەگرتووە کە زیاتر لە (٤٠) بریندارەبوون، و وتیشی: پەیوەندی بە دکتۆرەکانەوە کراوە، بەڵام هیچیان بەدەم پەیوەندییەکەوە نەهاتوون.

ڕاشیگەیاند: بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی و کەلار کراون بۆ چارەسەرکردن، و دەتوانرا هەندێ لەو بریندارانە دەستبەجێ لەمەرگ ڕزگاربکرانایە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی دکتۆرەکانەوە شەهیدبوون، و هەروا گلەیشی کرد لە دەزگا...

لەکەرکوک دوو بنکەی سیخوڕی تورکیا ئاشکرادەکرێن

پەیامنێری کەرکوک:

لەنووسراوێکی ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆی عیراقدا کە لەڕێی فەرماندەی پۆلیسی کەرکوکەوە ئاراستەی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە کراوە، ئاماژە بەوە کراوە: هەریەک لەکۆمپانیای "باب الکانتور" و ڕێکخراوی "یەکێتیی قوتابیانی تورکمان ئیلی" بارەگاکانیان لە کەرکوک بۆ کاری سیخوڕی موخابەراتی تورکی بەکاردەهێنن.

لەبەشێکی تری نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە: ئەو شۆفێرە تورکییانەی سوتەمەنی بۆ ناو...

لیژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک بێ کورسی و فەرمانبەرە!

حەمید مەجید موسا سەرۆکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک ڕایگەیاند: تائێستا بڕیارێکی ڕەسمیم لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقەوە پێنەگەیشتووە بە پێکهێنانی لیژنەی... بڕیارێکم لەوبارەیەشەوە پێنەگەیشتووە، دەربارەی چۆنیەتی سەرفکردنی.

هەر لەو چاوپێکەوتنەیدا بۆ ڕۆژنامەی (الصباح الجدید)، کە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، موسا ئاشکرایکردووە:...

ÇAWDÊR
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (54) 21-11-2005
THE OBSERVER
www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com

یەک تیرم نا بەدڵی (براد بیت)ەوە
لەشەڕە تەقەی کۆڵانەوە بۆ فیلمی (ترۆی)
هونەرمەندی لاو (شێرۆ ڕەوف) لەدیدارێکی دوا لاپەڕەدا

سازدانی: سۆران

شێرۆ ڕەووف لەفیلمی (ترۆی) دا

هیوادارم لاوانی کوردستان ڕەشبین نەبن بەرامبەر هێنانەدی خەونەکانیان.. ڕۆژێک لەڕۆژان هەردێنە دی.

شێرۆ ڕەوف ئەو گەنجە کوردەیە کە خولیاکانی منداڵی وەک خۆی دەڵێت، کارکردن بووە لەسینەمادا، لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆری بۆ داوە، هەموو سەردەمی منداڵی و سەرەتای لاوێتی خۆی بەبیرکردنەوە لەوپێناوەدا بەسەربردووە...



فۆتۆی فیلمی ترۆی

شێرۆ و جانکلود ڤاندام

شێرۆ و ستیڤن سیگاڵ

دوا پرۆژەت چیە؟..

ڕێبوار سەعید (شێوەکار) لەوەڵامی ئەم پرسیارەی دوا لاپەڕەدا پێی ڕاگەیاندین: نوێترین پرۆژەم کارکردنە لەسەر مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ لەسلێمانی، کە بڕیارە لەگەڵ هونەرمەند (نیاز بەیاتی) پێکەوە کاری لەسەر بکەین، دیارە ئەم پرۆژەیە بەمۆزاییک جێبەجێدەکرێت لەو ڕووبەرەدا کە تەلاری مۆزەخانەکە دەکەوێتە ناو ڕووبەری حەوزەکەوە. بیرکردنەوە لەوەی کە بتوانین بەشێوازێکی نوێ کار لەسەر ئەو ڕووبەرە بکەین، کە گوزارشت لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتی و مۆتیڤە کولتووریەکان. جێی باسە ئەم مۆزەخانەیە لەلایەن ئەندازیار (کاروان تەیب) نەخشەی بۆ کێشراوە و لەسەر بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دروستدەکرێت.■



أصالە نصری و کێشەکانی

ئا:سەهەند



بەرۆونیەی کچە گۆرانیبێژی بەتوانای لوبنانی (أصالە نصری) پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەجۆرێک کەلەدووگرنگترین بواری ژیانیدا توشی فشاری گەورە هاتووە. کاتێک لەباری هاوسەرییەوە بەدۆخێکی زۆر ناهەمواردا تێدەپەڕێت بەتایبەتی لەدوای جیابوونەوەی لە (أیمن الذهبي) و بەجێهێشتنی کوڕو کچێک بەناوی (خالد و شام) لەو هاوسەرگیرییە.

لەهەمان سەرچاوەدا هاتووە کەسەرەرای ئەو ئاستەنگەی کەژیانی هاوسەری ئەم خانمەی پیاتێپەڕ دەبێت، لەلایەکی ترەوە فشاری ئەو بارە هونەرییە ناهەموارەی کە...

ئابووری شەشەم
شەریک شعور

هەق وایە

کە باسی وتارە حەماسیەکانی بەششار ئەسەدت بۆ ئەکەن، لە دڵی خۆتا ئەڵێی هەق وایە ئەم برادەرە لە بیدایەتی هەشتاکانا لای خۆمان ئەندام کەرت بوایە. وەختێکیش کە لە ... ئەڵێی هەق وایە ئەم داماوە هەڵگرن و بیبەن بۆ مەتحەف. موزاهەرەی تەلەبە بێ ئاوو کارەباکانی زانکۆی سلێمانییش بە کوردییەکی پەتی هاوار ئەکات ئەڵێ هەق وایە لە زێڕی خالص پەیکەرێکی تایبەت بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا داتاشین. هەر برادەرێکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیشی بکەوێتە وەستاو کرێکاری ئەم مەملەکەتە ئەوا هەناسەیەکی سارد هەڵئەکێشێ و ئەڵێ هەق وایە هەموو کتێبەکانی لینین و مارکس بکەین بە لوولەی پاقلە. کە تەلەفزیۆنە محەلی و ئاسمانییەکانی کوردیش ئەو حەمکە گۆرانی و بەرنامە ناخۆشەت بەسەرا ساغ ئەکەنەوە ناهەقت ناگرم گەر بڵێی هەق وایە ئینسان تەنیا (یەک) تاقە گوێی هەبێ و ئەویش لە سەیارەی صەقەر گرانتر بێت. کە لە ئەخباریشا ئەبیستیت بە قەرارێکی ...

ماڵی جیهان

نۆهەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ هەنگاوێکی گەورەتر

ڕەنج قەرەداغی

سپی تر بەسپییێتی



یەکگرتوو لەبەردەم هەستی نیشتمانپەروەریدا!

(هەڵبژاردنی داهاتوو وەک نموونەو پێوەر)

بەهرە رەحیم

یەکێک لەو بانگەشانەی کەهەمیشە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەرۆژی دامەزراندنیەوە، شانازی پێوە ئەکات و ئەندام و لایەنگرانی پێوە سەرقاڵ دەکات. مەسەلە نەتەوایەتیەکانە، گوایە یەکگرتوو حزبێکی کوردستانییەو لەپێناوی بەختەوەری خەڵکی کوردستاندا، تێدەکۆشێت. بەڵام ئەوکەسەی شارەزا بێت، لەئەدەبیات و سەرچاوەی فیکری و کاری سیاسی یەکگرتوو زۆر باش دەزانێت، کەیەکگرتوو لەبنەرەتدا حزبێکی ئیخوانیەو بەخۆ جیاکردنەوەی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان گەورەترین خزمەت بەعەرەبو ...

سەلماندی کە یەکگرتوو جگەلە پۆشینی دەمامکێک، هیچ راستگۆییەکی تێدا نەماوەتەوە، کەخەڵکی کوردستان چاوەڕێی بکەن. چونکە یەکگرتوو، بۆخۆی باش دەزانێ کەهێشتا مەسەلە چارەنووسسازو ...

یەکگرتوو لەرۆژانی سەختی خەباتدا. تەنها رۆژێک مێژووی تێکۆشانیان نییە تاوەکو شانازی پێوەبکەن، هاوکات لەم قۆناغەشدا کەسەردەمی خەباتی سیاسی و مەدەنییە، یەکگرتوو غیاب و نائامادەیەو رووی ...

هەڵبژاردنی عێراق چ خزمەتێک بەخەڵکی کوردستان و داوا رەواکانیان بکات. تاوەکو یەکگرتوو شانازی پێوە دەکات؟ تەنانەت یەکگرتوو راستگۆش نییە لەوەدا کەلەبەر گەندەڵی و تەزویرە، چونکە هەڵبژاردنی ...

کوردستانەوە گەشەیان کردو داهاتی کەنداویان بۆ مەرامی سیاسی و حزبی خۆیان بەکارهێناو ئێستاش چەند ساڵێکە ئەو داهاتەیان لێبڕاوە و بەیەکجاری نفوزو لایەنگرانیان لەکەمبوونەوەدایە. لەم حاڵەتەدا ...

لەبەشداری و خزمەت بەهۆی کوردەوە بووە. نەک لەبەر حزبی بوونی خۆتان. ئێستاش دڵی دوژمنانی کورد خۆش دەکەن و لەژێرەوە دەستیان لەگەڵدا تێکەڵ دەکەن. ئەوا لەداهاتوودا زیانی گەورە دەکەن و چیتر خەڵکی کوردستان دوای دروشمی بریقەدارو درۆزنانەکانی ناکەوێت، پێویستە هەموومان بزانین بانگەشەی خزمەتکردنی گەلی کورد لەلایەن یەکگرتووەوە جگەلە مزایەدە کردن و بازرگانیکردن هیچ تر نەبووە. بۆیە یەکگرتوو نە لەرابردوو، نە لەئێستاشدا سەلماندی کەئەوەی پێی دەوترێ هەستی نیشتمانپەروەری کوردانە ...

ئەگەرچی یەکگرتوو لەرۆژانی سەختی خەباتدا. تەنها رۆژێک مێژووی تێکۆشانیان نییە تاوەکو شانازی پێوەبکەن، هاوکات لەم قۆناغەشدا کەسەردەمی خەباتی سیاسی و مەدەنییە، یەکگرتوو غیاب و نائامادەیەو رووی راستەقینەی خۆی پیشانی خەڵکی کوردستان دەدات، کەکورسیان بەلاوە گرنگ بوو، نەک کێشەی کورد

ئەمە باشترین بەڵگەو نیشانە بوو، کەیەکگرتوو دایەهمووی کورد، بەوەی ئەوان نەلەرابردوو، نە لەئێستاو نەلەداهاتوشدا، دڵۆپێک خوێن و ئارەقی خەباتیان نەرشتووە، بۆیە هیچ باکیان نییەو کورد لەم کاروان و خەباتە مەترسیدارەدا جێ دەهێڵن

دیداری سیاسی یان گفتوگۆی ژێربەژێرو نهێنی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟!

ئایا ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ دەدەنە لیستی یەکگرتوو؟

"ئێمە لەگەڵ برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامی، لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان کردووە"

موحەمەد فەرەج، ئەندامی (م.س) یەکگرتوو، رۆژنامەی ئاسۆ، ژ (١٠٩) ٢٠٠٥/١١/١٣

کۆسار نەجیب

هەرچەندە هەموو لایەک دڵنیایە کە یەکگرتووی ئیسلامی گەورەترین زیان دەکات لەهەڵبژاردنی داهاتوودا، لەلایەکی تریشەوە خەنجەری ژەهراویان وشاندو خیانەتی گەورەیان لەکێشەی چارەسەرنەکراوی کوردو خەڵکی کوردستان کرد

محەمەد فەرەج - ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی

ناکرێ ئەو راستیە فەرامۆش بکەین کەبەشی هەرە زۆری ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵ، کونە نەهزەکانن، کە یەکگرتوو باش دەناسن و زۆر رقیان لەیەکتریە، بۆیە خەڵکێش هاندەدەن کەدژی یەکگرتوو بێت و دەنگیان نەدەنێ

عێراق و یاسای نوێی هەڵبژاردن

خەلیل عەبدوڵڵا

بەشی یەکەم

هەڵبژاردنی پێشووی کۆمەڵەی نیشتمانی و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەبەر رۆشنایی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق و یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و فەرمانی ژمارە (٧١)ی پۆل بریمەر ئەنجام دران. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی عێراق کە رۆژی ١٥ی کانونی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجام دەدرێت پشت بەیاسای نوێی هەڵبژاردن دەبەسترێت کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانییەوە پەسەند کراوە.

بەهۆی هەلومەرجی ئەمنیەوە هەڵبژاردن لەبازنەیەکدا یا زیاتر دوابخرێت بێگومان ئەم برگەیەش بۆئەو ناوچانەیە کەرەوشی ئەمنی تیایاندا پشێوە، لەبەر ئەو هۆیە بەپێی ئەم برگەیە رێگەی داوە هەڵبژاردن لەو ناوچانەدا بۆکاتێکی تر دوابخرێت.

تەرخانکراوەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن زیاتر نەبێت.

بەپێی ماددەی (١١)، پێویستە بەلای کەمەوە ناوی ژنێک لەیەکەم سێ ناوی پاڵێوراوەکانی لیستێکدابێت. هەروەها دەبێت بەلای کەمەوە ناوی دووژن لەیەکەم ...

پاڵێوراوی دوای ئەو بەپێی ریزبەندی لیستەکەی جێگەی دەگرێتەوە.

٢. ئەگەر کورسیە چۆڵەکە هی ژنێک بوو، مەرج نییە ژنێکی تر جێگەی بگرێتەوە، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە کاریگەری لەسەر رێژەی نوێنەرایەتی ژنان هەبێت.

الانتخابی).

٢. کۆی ئەو دەنگانەی کە هەر قەوارەیەک بەدەستی هێناوە بەسەر کۆلکەی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کە بۆی تەرخان دەکرێت.

٣. ئەو کورسیانەی دەمێنێتەوە بەرێگەی ماوەی بەهێز (الباقی الاقوی) دابەش دەکرێت.

بەپێی ماددەی (١٧)، کورسیە تەعویزیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

١. کۆی دەنگە راستەکان لەعێراقدا بەسەر ...

بەپێی ماددەی (٢٠) و بەحوکمی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە هەڵمەتی هەڵبژاردن ئازادە، هەر پاڵێوراوێک دەتوانێ بانگەشە بۆ خۆی بکات لەمێژووی دەستپێکردنی ماوەی خۆپاڵاوتنەوە بەردەوام دەبێ تا رۆژی پێش سازدانی هەڵبژاردن

بەتیرۆر دڵی خانەقی لەلێدان ناکەوێت

سەراپای خانەقی رەشپۆشە. فرمێسک هۆن هۆن بەچاوی ئەم شارەدا هەڵدەوەرێت. لەهەموو گۆشەوکەنارێکدا ...

مامۆستا جەعفەر

دەربارەی مەڵەفی بەدواداچوونی گەندەڵی لەکوردستان

مەترسی گەندەڵی، ئیدارەی کوردی و دەسەڵات و خەڵکی هەراسان کردووە

سۆران عەبدوڵڵا

پێم وانیە ئەم وشەی (گەندەڵی) یە جیاوازو بەدوور بێت لەشێوازو پێکهاتەی چەمکی (تیرۆر)، هەریەک لەو دوانە نەچەندێتی و نەچۆنیەتی و نەشێوازی شوناسایی و ویناکردنیان لەسەر روخساری تاکەکان سانا نییە بۆ ناسینەوە

پواز

ئافەرین لیژنەی ڕێزلێنان!

لەماوەی رابردوودا لیژنەی تایبەت بە ڕێزلێنان لە نووسەران و هونەرمەندان، موچەی خانەنشینی بۆ ژمارەیەکی تری ئەو "نووسەرو هونەرمەندان"ە بڕییەوە کە بەگوێرەی مەرجەکانیان تەمەنی "داهێنان"یان لەسەرو (٢٠) ساڵەوەیە.

ئەم بڕیارە، سەربارى ئەوەی لەخۆیدا نیوە ناچڵە، تیایدا بەشێکی زۆری داهێنەرانی بوارە جیاکانی ڕۆشنبیریی و هونەر مەغدور دەبن و جیلێکی فراوانی گەنجان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی نوێ کە تەمەنی کارکردن و داهێنانیان ناگاتە (١٥) ساڵ و ڕۆڵی دیاریشیان لەبوارە جیاجیاکاندا بینیووە، لەم تەقاعودییە بێبەش دەبن.

دەبێ حیکمەت چی بێ ڕێزلێنان لەبەخشش و توانای داهێنەرانی بوارە جیاکان ببەسترێتەوە بە ساڵەوە، لەکاتێکدا ئەم بەستنەوەیە هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو پێچەوانەی مەنتقی داهێنانە..

کورد دەمێکە وتویەتی: ژیری بە گەورەیی و بچوکی نییە.. بۆیە لەو لیژنەیە دەپرسین: ئایا داهێنان بەگەورەیی و بچوکییە، و دەبێ ڕۆشنبیرو هونەرمەندە گەنجەکانمان کە قەدەر وایکردووە لەم قۆناغەدا تەمەنی کارکردنیان نەگاتە (٢٠) ساڵ، خەون بە پیربوونەوە ببینن، بۆیە ئەوەی لە تەقاعودییەکەی بەرێزتان بێ بەش نەبن؟!

کۆڵن وڵسن لەتەمەنی (٢٤) ساڵیدابوو "اللامنتمی" نووسی، و "رامبۆ"ی شاعیریش تەمەنی شاکارە شیعرییەکانی چەند ساڵێکی دیاریکراو بوو، و "جان جینێ"یش تەواوی شاکارە ئەدەبییەکانی لەچەند ساڵێکی ناو گرتوخانەدا نووسی، و ...

... بکردایە لەسەر جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە بەو جۆرە کە ڕێز لەکەسانی وەها نراوە لەپەنجاکاندا شیعرێکی نووسیووە، و لەحەفتاکانیشدا شیعرێک و لەنەوەدەکانیشدا ڕەنگە چەند شیعرێکی نووسیبێ، یان کەسانێ لەشەستەکاندا لەمەجلیسێکی هونەرمەندانەدا دانیشتووەو دواتریش لەبۆنەیەکدا گۆرانییەکی وتووە، یان چووەتە سەر تەختەی شانۆ.

هەزار رەحمەت لەڤانکوخ و رامبۆ کە ئەمڕۆ لەژیاندا نین، دەنا ئەم لیژنە بەرێزە غەدریان لەوانیش دەکرد، هەروەک چۆن غەدریان لەچەندین ...

بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری

هاووڵاتییان داوا لە حکومەت دەکەن بەو پلە تایبەتانەدا بچێتەوە کە بەخشراونەتە کەسانی نەشیاو

بەدواداچوونی / ئاکام ئارام

لەژمارەی پێشوی چاودێردا و لەمانشێتە ... یەکەیدا ئەوەی تیاخرابووەڕوو کە (٨٠) ڕاوێژکارو شارەزاو بەڕێوەبەری گشتی ... ئیدەری بەڕێوەبەری گشتی کە هیچ ... یەکی یاساییان تێدانییەو بڕوانامەو ...

... هیم بایز بریکاری وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری

... پێویستیان نییە بۆ ئەوەی ئەو ... انەیان هەبێ، و لەمبارەیەشەوە لە ... ی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری ... ی- نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی ... داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ... ە فەرمانبدات بە پێداچوونەوەو ... ردنیان..

بریکاری وەزارەتی پەیوەندی ڕای جیاوازی هەیە!

ئەم فەرمانی سەرۆکایەتییە پرسیاری ...

زۆری لە ناو ئیدارەو ناوەندی سیاسیی و کۆمەڵانی خەڵکدا هێناوەتە ئاراوەو هەریەکە بە پێی تێڕوانین و بۆچوونی لەوفەرمانە دەڕوانێت، ئیبراهیم بایز بریکار لە وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری کە ئەزمونێکی زۆری لەکاری ئیدارەدا هەیەو دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری ساڵی ١٩٧٦ پێیوابوو: دەبوایە پێش دانانی ئەو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەری گشتییانە حسابێکیان بۆ بکردنایە، و لەمڕووەوە وتی: ئەو ماوەیەی کە بەردەوام بوون لە پۆستەکانیاندا لەڕووی ئیدارییەوە ئەزمونێکی زۆریان پەیداکردووە، بۆیە لابردنەکەیان بەپەسەندی نازانم، و دەبێتە نارەزاییەک لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەڕوویەکی دیکەیشەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان، ئەو کەسانەشی لەشوێنی ئەوان دایاندەنێن ماوەیەکی زۆری دەوێت تا شارەزایی زۆر پەیدادەکەن.

بەهێندوەرنەگرتنی بڕوانامە!

هەر لەمبارەیەوە، برایم محەمەد بەڕێوەبەری کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بڕوانامەی بەگرنگ نەزانی، بەڵکو ئەولەویەتی دایە ئەزموونی کارکردن جالەهەرشوێنێکدا بێت بە گرنگتری زانی بۆ هەرکەسێک بیەوێت خزمەت بکات.. ناوبراو بەکارێکی باشی نەزانی ئەو بڕیارە جێبەجێ بێت.

جەمال عەزیز پێیوایە خروقات هەبووە!

زۆری تر ڕاوبۆچوونیان وابوو ئەو کەسانەی کە لەوەو پێش لەو پۆستانەدا دانراون کەفائەتیان هەبووە بۆیە دانراون، یەکێک لەو کەسانە جەمال میرزا عەزیز بریکاری وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری بوو بەمشێوەیە دوا: ڕەنگە زۆر کەس بەناوی کەفائەتەوە لەدووساڵ زیاتر خزمەتیان نەبێت و لەوپۆستانەشدا دانرابێتن، ئەوە بەڕاست نازانم بەو ماوەکەمە کەفائەت پەیدانابێت، مانای وایە خروقات هەبووە.

بەڕێوەبەرێکی گشتی پێیوایە هەڵەی ئیدارەیە

ئیبراهیم محەمەد بەڕێوەبەری کار

جەمال میرزا عەزیز (بریکاری وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری)

بەڕێوەبەرێکی گشتی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت وای بۆ دەچوو ئەو بڕیارە هەڵەی ئیدارە خۆیەتی و لە ئێستادا نازانێت چۆن چۆنی پینەوپەڕۆی بۆ بکات، بەراشکاوی ئەوەی خستەڕوو دەبێت حکومەت ئەو هەڵەیەی بۆ ببێتە دەرز.

پەسەندکردنی بڕیارەکەی دیوانی چاودێری

دلێر سدیق بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە وتی: پێویستە ئەو ڕێنماییە پیادەبکرێت، چونکە یەکێک بگاتە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت هەرهیچ نەبێت پسپۆڕییەکی هەبێت، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارەم زۆر پێ پەسەندە.

هەردوو مافپەروەر زاناجەلال و دانا عەبدولکەریم پێیان وابوو ئەو بڕیارە ...

لەشوێنی خۆیدایە پێویستە کەسی شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارانەدا دابنرێن. زۆر لەهاووڵاتیان لەناویاندا، تەها عەزیزو هەژار عومەر میرزاو ئەحمەد ڕەسوڵ... هتد ڕایان وایە پاکسازیکردن بەوشێوەیە لەشوێنی خۆیدایە، بەڵام نیگەرانی خۆیان نیشاندا دواتر پۆستێکی بەرزتریان بدرێتێ..

هاووڵاتیان داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکە دەکەن

دڵشاد ئەحمەدیش وەک ڕۆژنامەنووسێک ئەوەی خستەڕووکە یەکێک لە کارە پەسەندەکانی حکومەتی هەرێم، ئەگەر بکرێ، ئەو بڕیاری لابردن و دوورخستنەوەوەیە. ...

ئەنجام

... ڕاپۆرتەی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێریی دارایی بگیرێ، و کەسانی شیاو لەجێگای شیاودا دابنرێن، ئەمەیش لەڕوانگەی ڕێزگرتن لە بڕوانامەو ساڵی خزمەت.■

سەلام سەعید قەزاز بریکاری وەزارەتی کارەبای عیراق:

پێشبینیدەکەم لە (١٤) ڕۆژی داهاتوودا، کارەبا لە ١٠ - ١٢ سەعات کەمتر نەبێت لەشەوو ڕۆژێکدا

ئامادەکردنی: چاودێر

سەبارەت بەهەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی ...

بریکاری وەزارەتی کارەبای عیراق

لەشەوو ڕۆژێکدا دەبێتە چەند سەعات؟

-ناتوانم ئەوە بڵێم چونکە ئەو پەیوەندی بە دەزگای ...

بەڵام بەداخەوە ئەو زانیاری نەئەداینێ بۆیە ئێمەیش نەماندەزانی چۆن داوای کارەبا لە حکومەتی عیراق بکەین، لەکاتێکدا کە ئامارو ژمارەمان لا نەبێ. بۆ ماوەی چوار مانگێک ...

... کێشەش لەهەولێر هەیە کە بۆ هەمان مەبەست هاتوون.. لەدوای وتووێژ لەگەڵ دەزگای کارەباو بینینی بەڕێز کاک عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێزی بەڵێنی ئەوەیدا دوای ئەوەی کێشەکانی ...

لەگەڵ کۆمپانیای "ماک جۆردن" لەهەولێر کە وێستگەیەکی (٤٥٠) میگاواتی دابنرێت، و هەورا دوو وێستگەی تریشمان هەیە لە چەمچەماڵ کە هەریەکەیان (٢٠٠) میگاوات بەرهەمدەهێنن، و بە ڕێکەوتن لەگەڵ ...

نەفەسێکی تر کارەدەکا..

×مەبەستت ئەوەیە پێشتر سەرۆکی دەزگای کارەبای هەرێم هاوکاری نەدەکردن؟

-نامەوێ بڵێم سەرۆکی دەزگای کارەبا...

تەسەوردەکەم چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەی کارەبا لەکوردستان و عیراق ٤ - ٥ ساڵ بخایەنێت

لەنزیکەوە بینی، و دوای ئەوەی تێگەیشت لە کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنانی وێستگەکانی دوکان و دەربەندیخان، کە بەشی نەخۆشخانەکان و پرۆژەکانی ئاو زیاتر ناکات، بەڵێنی ئەوەیدا لەماوەی (١٤) ...

حکومەتی هەرێم کە کاک عومەر فەتاح زۆر بەتەنگ ئەم کارەوە هات کە پێشەکی پارەکە حکومەتی هەرێم بیدات. بۆیە وا پێشبینی دەکەم ئەگەر هەموو ئەوامانە سەربگرێ ئەوا ئینشائەللا لەوەدەچێ ساڵی داهاتووکێشەی ...

بەڵام جەوێکی وەها خوڵقابوو ئێمە زانیاریمان پێنەدەگەیشت.

×دەوترا کێشەی شەخسی لەنێوان بەرێزتان و سەرۆکی پێشووی دەزگای کارەبادا هەبووە؟

پەیامی پەیامنێران

لەڕوداوی پێکدادانی ئوتومبیلدا سێ کەس گیانیان لەدەستداو دوانی تر بریندار بوون

بەرواری ١١/١٦ لەڕێگەی سەرەکی شەقڵاوە - هەولێر گوندی حوجران لەڕووداوێکی پێکدادانی ئوتومبیل کەلەنێوان دوو ئوتومبیلی جۆری بی ئێم و تۆیۆتا بیکاب ڕوویداو سێ کەس گیانیان لەدەستداو دوویتریش بریندار بوون، کوژراوەکان سەرنشینی بی ئێمەکە بوون و بریندارەکانیش سوار بووی تۆیۆتاکە بوون، بەپێی سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ ڕوداوەکە بەهۆی سورانەوەو خێرایی ئوتومبیلەکان ڕوویداوە.■

پ. شەقڵاوە

تەقە لەپاسەوانێکی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار دەکرێت

ڕۆژی هەینی ڕابردوو لەلایەن سێ چەکداری نەناسراوەوە تەقە لەپاسەوانێکی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار بەناوی (خەلیل) دەکرێت و بەخەستی بریندار دەبێت و ناوبراو ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکدایە.■

پ. دەربەندیخان

لەگەڕانەوەیدا بۆ کوردستان، هاووڵاتیەکی کورد دەستگیر دەکرێت

هاوڵاتیەکی خەڵکی قەڵادزێ بەناوی (سەید محەمەد پیر خدری) تەمەن ٣٨ ساڵ کەهەڵگری ڕەگەزنامەی هۆڵەندییەو لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان لەسەر سنوری زاخۆ لەلایەن هێزێکی هەواڵگری پارتییەوە دەستگیر دەکرێت و تائێستا بێ سەرو شوێنە، بیانوی گرتنەکەشی ئەوەیە کەناوبراو پەیوەندی بەتیرۆریستانەوە هەیە، بەڵام کەسوکاری ئەوە ڕەت دەکەنەوە.■

پ. قەڵادزێ

دەستگیر کردنی عەرەبێکی هاوردە

سەرلەبەیانی ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو پۆلیسی قەرەهەنجیر گومانلێکراوێکی عەرەبی هاوردە بەناوی (عیرفان) لەنزیک ناحیەی قەرەهەنجیر دەستگیر کرد، ناوبراو گومانی کاری تیرۆریستی لەسەرەو ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.■

پ. کەرکوک

تۆوی عەلمانیەت لەئیسلامدا

چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆرج تەرابیشیدا

و: ئەحمەد فاتیح مەحەمەد

بەشی دووەم

× قسەو باسەکانت دەربارەی ئیجماع (کەلتور) و دیموکراسیەت (مۆدێرنە) وامان لێدەکات پرسیار دەربارەی چۆنیەتی بیناکردنی میکانیزم و بیناکردنی پردی نێوان کەلتورو مۆدێرنە بکەین، بەبێ ڕودانی خەلەلێک لەپەیوەندیەکاندا لەگەڵ واقعی ئێستادا. بەبۆچونی تۆ، بۆچی ئەو دەستە مێژووییە لەکۆمەڵگا عەرەبیەکاندا دروست نەبوو، کەپاڵپشت و پارێزگاری مۆدێرنە دەکات و بەرجەستەی دەکات؟

- ئەمە بابەتی کتێبە، نەک بابەتی پرسیار، بەڵام خاڵێکی سەرەکی هەیە دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر، ئەویش ئەوەیە ئەوەی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکانی ئێمە جیادەکاتەوە ئەوەیە کۆمەڵگایەکی کەلتورییە، ڕەنگە دیارترین خەسڵەتیش ئەوەیە کەقورسایی کەلتورێکی گەورەی لەسەرشانی خۆی هەڵگرتووە.

وەلێ شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی بریتییە لەکەلتورێک لەدەق و لەمێژوو، ڕەنگە یەکێک بێت لەگەورەترین ئەو شارستانیەتانەی دەقی لەمێژووی ئیسلامدا بەرهەم هێناوە، بارگرانی کەلتور لەشارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیدا لەوانەیە لەهەر شارستانیەتێکی ترقورستر بێت.

بەڵام ڕۆڵی کەلتور چییە؟ کەلتور دوو ڕۆڵی هەیە: ڕۆڵی (لغاوکەر) و ڕۆڵی (قامچی). ڕۆڵ نەک بەگوێرەی خودی کەلتور. بەڵکو بەگوێرەی ئەوەی بۆت هاتووە و بەگوێرەی ئەو گۆشەنیگایەی لێوەی بەسەر کەلتوردا دەڕوانن. ئەگەر مەبەستت بوو بگەڕێیتەوە دواوە، کەلتور قورساییەکی گەورەت پێشکەش دەکات، ئەگەر ویستت بەرەو پێشەوە بچیت، ئەوا کەلتور تەوزیف دەکەیت لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی خوێندنەوەدا. واتە خوێندنەوەمان بۆکەلتور ئەو ڕۆڵە دیاری دەکات ئایا (قامچییە) یان (لغاوکەرە). لێرەوە گرنگی دووبارە خوێندنەوەی کەلتور لەدیدگای پێویستی بۆ (قامچی) بەرەو مۆدێرنەمان دەبات، ناتوانین بەڕووتی بچینە ناو مۆدێرنەوە، دەچینە ناو مۆدێرنەوە پۆشاکمان پۆشی بێت. بەڵام دەتوانین نوێی بکەینەوە تاکو نەکەوینە هەردوو بەرەی ناکۆکەوەو مەزەندە دەکەم قورسایی گەورەی ئێمە لەوەدایە تا ئێستا کەلتور بەتێڕوانینێکی کۆن نەک لغاوێکی جڵەوگر.

پێویستمان بەشۆرشێکی لاهوتی هەیە، بەلۆسەرێکی موسوڵمان، هەروەها ڤۆڵتێرێکی موسوڵمان روناکی دەبینێت، ئەمە کارێکی حەتمییەو ترسی نییە بۆ سەر ئیسلام. بەڵام لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستمان بەلۆسەرێکی موسوڵمانە

ڕەنگە پرسی ئەم نەوەیە تانیوەی سەدەی داهاتووش نەوەی شۆڕش و دابران بێت لەگەڵ کەلتوردا نەک نەوەی دووبارە خوێندنەوەی کەلتور. پێویستمان بەشۆڕشێکی لاهوتی هەیە، بەلۆسەرێکی موسوڵمان، هەروەها ڤۆڵتێرێکی موسوڵمان ڕوناکی دەبینێت، ئەمە کارێکی حەتمییەو ترسی نییە بۆ سەر ئیسلام. بەڵام لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستمان بەلۆسەرێکی موسوڵمانە ئێمەی ڕۆشنبیران ئەوەی کار لەسەرکەلتور دەکەین ئەوەی پێمان دەکرێت جێبەجێ کردنی میتۆدە نوێیەکانە بەسەریداو خوێندنەوەیەکی تازە بخوێننەوەو سامانێکی نوێ بخەینە سەر سامانەکەی.

کاتێک حەدیس و فقەو فەلسەفەو مێژوو بەتێڕوانینێکی نوێ دەخوێنینەوە دەوڵەمەندی دەکەین، خودی کەلتوریش پێویستی بەوەیە بۆ ئەوەی تازە بێتەوەو دەوڵەمەند بێت، نەک دۆگما بێت و توشی هەرەس بێت، پرسی کەلتور ئەوەنییە باز بدەین بۆ مۆدێرنە، بەڵکو سود وەرگرتنە لەدەستکەوتەکانی مۆدێرنەو تا لەکەلتوری نوێدا پەخشی بکەین. من بەتەنها کارگوزاری ...

خزمەتکردن بەکەلتورو بکەری جەنگیم، بەڵکو خۆم بۆ خزمەتکردنی کەلتور تەوزیف دەکەم و لایەنە دەوڵەمەندو پرشنگدارەکانی دەدۆزمەوە ئەو لایەنانەی بەڕاستی ئامادەگی تەوزیف بوونیان هەیە وەک ...

ئێستا پێشنیار نەکراوە. نامانەوێت لەوەهمدا بژین و جەنگی دۆنکیشۆتی بکەین، ڕەنگە ڤۆڵتێرێک لەجیهانی عەرەبی ئیسلامیدا وەدیار بکەوێت، بەڵام تەنانەت ڤۆڵتێریش ئەقڵی لەدەق ئازاد نەکرد، وەلێ ڤۆڵتێر ...

وەلێ زۆربەی شارستانیەتە کۆنەکان خۆی بەدەوری سەنتەردا دروست دەکرد چ لەبازنەیەکی تەسکدا بووبێت یاخود فراوان، تا شارستانیەتی ڕۆژئاوا هات و لەبازنەوە گۆڕا بۆ بۆتیرواتە بۆ پێشەوە، مەزەندە دەکەم ...

صنابل بەرپابوو، لەوکاتەشدا صوفی بەناوبانگ (القشیری) نامە ناسراوەکەی دەرکرد کەناونیشانەکەی (شکوی أهل السنه فی روایه ماأصابهم من المحنه). هەروەها لەئەشعەری و حەنەفیش درا، ئاگری فیتنە لەنێوان مەزهەبەکاندا هەڵگیرسا. کاتێک مەنسور هات مەزهەبی مالیکی لەناوبرد کەتەنیا مەزهەب بوو لەمەغریب لەوەش زیاتر کیمیاو وەرگیران تەکفیرکران. لەسەرەتای سەدەی (٥)ی کۆچییەوە یەک کتێب وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی ئەمەش بەبیانووی گوایە (پەلاماردانی کەلتوریە) کەهەمان لۆژیک ئەمرۆ بڵاوە، لەهەردوو سەدەی ٧-٨ی کۆچی بازنەی (پزیشک) تەکفیرکرا کتێبی (الطب النبوی) دەرچوو، تیایدا چەندین حەدیسی سەرەتاییان لە (پزیشکدا) بۆ پێغەمبەر گەراندبوە! ئەم گرژبوونە گەورەی بازنەکان خودی سەردەمی هەرەس هێنانە.

بێ لەو هەموو نێوەندگرانە. وەک ئەوەی ڕاهیبەکان لۆسەر (پێش لۆسەر بێ)، کەنیسە کردبنی بەشەیتان، بوونە دوژمنی. جابری، دەرەنجامی ئەو کەوتنانە کەوتۆتە هەڵەی مێژووییەوە، کەدەبێت ڕاست بکرێتەوە. بەڵام ئامانج ڕاست کردنەوە نەبوو، بەڵکو بیناکردنی کاتێک بوو نزیکەی ١٨ ساڵی خایاند، چوار بەشی لێدەرچوو، بەشی پێنجەمیش لەژێر ئامادەبووندایە ئەمە پرۆسەی دووبارە بیناکردنەوەیە لەم کتێبەی دوایمدا (العقل المستقیل فی الاسلام؟) باسم ...

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە بەیاننامەی بیروباوەری قادری دەرچوو، ئەمەش بەیانێکی فیقهییە کە (اعتزال و کلام)ی حەرام کرد، بەم جۆرە بازنەکانی بەرتەسک دەبوونەوە. لەبازنەکانی فەلسەفە دراو تەکفیرکرا، پاشان بازنەکانی کلام، لەبازنەکانی تەسەوفیش ... گەورەش لەنێوان اصناف و صنابل بەرپابوو

لەکتێبێکی کەلتوری کرد ئەویش (الفلاح البطیە) لەکەلتوری بابلیدا کەئەمە لەگرنگترین کەلتوری دێرینمانە لەبەردەستاندایە، کەلتوری سامی ڕەنگە تاکە کتێبێک بێت لەو جۆرە، ئەم کتێبە زۆر لایەنی نهێنی خستەڕوو لەبەرئەوپەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی بەکەلتوری ئێمەو کەلتوری ناوچەکە هەیە لەپێش ئیسلامدا. ئەم کتێبە چەند بۆچونێکی فەلسەفی پێش سەردەمی خۆی تێدایە کەدەکرێت لەجەنگی مۆدێرنەدا تەوزیف بکرێ کەلە بن وحیشە وەرگێڕاوەو قوتابیەکەی بڵاوکردۆتەوە. جابری سێیەکی لاپەرەکانی ئەم کتێبەی نوسیوە، بەندەش ٩٠ لاپەرەم نوسیوە، جابری لاپەرەونیوێکی دەربارەی اخوان الصفاو نوسیوە بەعرفانی و هرمسی و دوژمنانی ئەقڵ ناوی بردون، ١٢٥ لاپەرەم بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەتی ئەقڵانی اخوان الصفاو نوسیوە، نەک وەک وەڵام، بەڵکو گەڕاندنەوەی هەیبەت و گەڕاندنەوەی بیناکردنەوەی نوێ. ئەگەر پرسیارم لێبکەن، بۆ جابری بەتەنها، لەبەرئەوەی تائێستاش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەپێکهاتنی ئەقڵی ئۆتۆریتەی عەرەبی ڕۆشنبیر. سەرەنجام ڕووبەڕووی پرۆژەکەی جابری دەبێتە ململانێیەک لەپێناوی پێشکەش کردنی تێڕوانینێکی نوێی ئۆتۆریتەی عەرەبی، چ لەخوێندنەوەیاندا بۆ کەلتور یان مۆدێرنە، لەبەرئەوەی یەکێک لەخاڵە سەرەکیەکان کەجیاکەرەوەی نێوانمانە بەجۆرێک لەئوسولیەت کۆتایی هات. جابری ١٥ ساڵە داوا دەکات وشەی (عەلمانیەت) لەئاڵوگۆڕی فەرهەنگی عەرەبی هاوچەرخدا وەلا بنرێت، بەڵام من بڕوام وایە ئەم وشەیە خاڵی یەکلاکەرەوەیە لەدیاری کردنی هەڵوێستی ڕۆشنبیری عەرەبی لەکێشە ڕاستەقینەکانی.■

نوسەری ناودار جۆرج تەرابیشی

(قامچی) بۆ برینی قۆناغی مۆدێرنە.

ئازادکردنی دەق و ئەقڵ:

× ئەو سنورە جیاکەرەوەیە چییە لەنێوان ئازادکردنی دەقێک لەدەقێکی تر یان لەپیرۆزییەک و لەنێوان ئازادکردنی ئەقڵ لەدەقدا؟

- ئەمە ئەو بابەتەیە کەلەکتێبەکەمدا (مصائر الفلسفه بین المسیحیه و الاسلام) بەشێوەیەکی تایبەت و فراوان باسم لێوە کردبوو.

ئێمە ئێستا لەقۆناغی ئازادکردنی دەق لەدەقداین. شکستی شۆڕشەکانمان کاتێک ...

لەلایەنگرانی بەخواکردنی سروشت بوو دژی بەخواکردنی ئاینی. بەخواکردنی سروشتی لەسەر ئەو بیرۆکەیە ڕاوەستاوە کەدەڵێ خوابوونی هەیە نەک وەحی، ئێمە بەعەقڵ دەگەینە لای خواو بوونی ڕەت ناکەینەوە، تەنانەت ڤۆڵتێریش خوا ڕەت ناکاتەوە وەک باسی لێوە دەکەن.

ئێمە ئێستا لەقۆناغی ئازاد کردنداین، بۆچی؟ چونکە وا مەزەندە دەکەم تراژیدیای گەورە سەردەمی هەرەس هێنان کەتیایدا دەژین، ئەفسوس ڕێنیسانس بەهۆی تاوانی سوتاندنی قۆناغەکان (شۆڕشەکان) لەو ...

بەگرانەوە بۆ ئەزمونی مێژووی عەرەبی ئیسلامی بیرۆکەی تیر لای ئێمە وەدیار نەکەوتووە. وەلێ سەردەمی زێرین لەنێوان سەدەی دووەم و کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی دواییدا بووە. پێش ئەوەی باس لەهەر دوو سەدەی ٧-٨ی کۆچی و هەرەس هێنان بکەین، لەخاڵی سەنتەردا بووین و دەرچوون لەو خاڵەوە کەدەرکەوتنی ئیسلامی پێک دەهێنا لەو خاڵەدا بازنەکانی (علم اللغه وفقه و تفسیرو حدیث و علم الکلام و فلسفه وعلوم الطبیعه والطب و ئەنترۆپۆلۆژیا) پێک هات بەردەوام بازنەکان فراوان و دەوڵەمەند تر ...

جابری ١٥ ساڵە داوا دەکات وشەی (عەلمانیەت) لەئاڵوگۆڕی فەرهەنگی عەرەبی هاوچەرخدا وەلا بنرێت، بەڵام من بڕوام وایە ئەم وشەیە خاڵی یەکلاکەرەوەیە لەدیاری کردنی هەڵوێستی ڕۆشنبیری عەرەبی لەکێشە ڕاستەقینەکانی

بۆ سەلمێندرا کەگەڵ شۆڕشە سۆسیالیستیەکانی بەرپا کردو ڕژێمی دیکتاتۆری بەبیانووی (سوتاندنی قۆناغەکان) یان دامەزراند، سەرەنجام شۆڕش خودی خۆی سوتاندو قۆناغەکانی ...

تراژیدیایە ڕزگاری نەکردین. ئەوەی زیانی بەسەردەمی ڕێنیسانس گەیاند پەلە پەل کردنی زەمەنی بوو بۆ چاکسازی، بۆیە ڕێنیسانسیان سوتاندو خۆشیان سوتاند. ...

دەبوون پاشان چی ڕوویدا؟ لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە بەیاننامەی بیروباوەری قادری دەرچوو، ئەمەش بەیانێکی فیقهییەکە (اعتزال وکلام)ی حەرام کرد، بەم جۆرە بازنەکانی بەرتەسک ...

خەڵک و حکومەت

مژدە فریودەرەکانی سەرۆک

سەرۆک، لەوڵاتی ئێمەدا تەمەنێک لەسەر کورسی دەسەڵات دەمێنێتەو هێزێک نییە، شوێنی پێ لەق بکات، چەند ساڵێکی سەرەتای دەسەڵاتی بەمژدەی پڕ لەفریوی بێ بنەما دەباتە سەرو دواتریش بەتەواوی شوێن پێی خۆی قایم دەکاتو دەبێتەکاریزماو دارو دەستەکەی دەکەونە دەهۆڵ کوتان کەجەنابی سەرۆک بەدیلی نییە، ئەو نەبێت کێ دەتوانێ وا کار بکات. لەڕاستیدا ئەمە کێشەیەکە لەکۆمەڵی دواکەوتودا هەمیشە درێژە دەکێشێت.

ماوەی زیاتر لەچوار ساڵە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەنجامدراوە هەڵبژاردنەکە بۆ یەکەم جار بوو لەکوردستاندا ئەنجام بدرێ و خەڵکی بتوانن نوێنەری شارەکەیان هەڵبژێرن، ئەمە مایەی خۆشحاڵیو سەرەتای ئاسۆیەکی گەش بوو لەبواری پێشکەوتنی دیموکراسیدا، بەڵام پێدەچێ کەتاماوەیەکی زۆر دوورتر ئەم ڕەوشە درێژە بکێشێ و ڕەنگە دواجاریش بێت لەم ساڵانەدا دووبارە بتوانین کار لەبابەتێکی واگرنگ بکەین.

هەرچۆنێک بێت، لەو ماوەیەدا سەرۆکی شارەوانییەکان خزمەتی زۆریانکرد، خزمەت لەهەموو بوارەکانی ژیانی شاردا، وەک ئەوەی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکانیان باشترین زەوی شاریان بۆ دابینکرا، ئەو سەرۆکانەی بەر لەهەڵبژاردن خانووی کرێشیان نەبوو، خۆیان لەکێشەی کرێچێتی قوتار کردو ماڵو منداڵیان لەکۆشکو تەلاری نوێدا حەسانەوە، بەلایەنی کەمەوە توانیویانە بەر لەهەر کارێک خزمو برادەرانیان بکەنە خاوەنی پلەو پایەی وەزیفیو زەوی نیشتەجێ بوونیان بۆ تەرخان بکەن، شەقامەکانیش کەرێگەی سەرەکی خۆیانە بەجوانترین شێوە برازێنرێنەوە، کێشەی ئاوی گەرەکی ماڵی سەرۆک و ئەندامە باڵاکان چارەسەر بکەن...

ئەمانە هەمووی خزمەتن، بەڵام زۆر گەرەکی سلێمانی هەیە تا ئێستا کەمترین خزمەتیشیان پێشکەش نەکراوە، لەکاتێکدا بەر لەدوو ساڵ جێگری سەرۆک لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند کەبڕی سەدان دۆلاری بۆ گەرەکە تازەکانی سلێمانی تەرخان کردووە کەچی تائێستا خەڵکی ئەم گەرەکانە (نە ئاو، نەکارەبا، نە ئاوەڕۆ، نە جادە، نە هیچ خزمەتێک) نەکراون.

باشتروایە بۆ هەڵبژاردنی ئەم جارە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی خەڵکی هۆمەرە کوێرو ئەندامەکانیشی کانی سپیکەیی و قرگەیی و بەکرەجۆیی بن. بۆ ئەوەی تا چوار ساڵی تر ئەوانیش کێشەکانی خۆیان چاک بکەنو بۆ چوار ساڵی ترو چوار گەرەکی تریش خوا گەورەیە. ■

داهێن هاشم

پەژارەی هاووڵاتی

پاشماوەی ئەو تەوارانەی پەراوێزخراون

هیچ ناڵێم، چونکە کەلار بۆ سلێمانی زۆر زۆر دوورە ئەگەر هەرچی بڵێم دەزانم گوێیان لێی نییە

ئامادەکردنی کۆچەر کەریم حەمە

لەشاری کەلار، سێ ژنی کەسوکاری ئەنفال، ڕازی نەبوون ناوەکانیان بڵاوبکەینەوەو دەرکەوت کە "لەترسی ئەوەیە لەسەر ئەو قسانەی دەیکەن لەو جێگە حکومییە کەبەکارگوزار وەرگیراون دەربکرێن".

ژنێکی پاشماوەی ئەنفال وتی "من خەڵکی کەلارم، ماڵم لەگەرەکی شەهیدانە، ماوەی چوار ساڵە فەڕاشم لەم جێگەیەو چەند ساڵێکیشە ئێواران لای دکتۆرێکی دان بەردەستی دەکەم"، ئەو سەبارەت بەکاتەکانی کارکردنی سکاڵای کرد "لەڕۆژێکدا نزیکەی ١١ سەعات کاردەکەم، بەڵام هەیە لەڕۆژێکدا نەک سەعاتێک بەڵکو لەهەفتەیەکدا سەعاتێکیش کاروەوام ناکاتو معاشەکەی بۆ دەبەنە ماڵەوە"، نمونەی بۆ قسەکەی خۆی هێنایەوە "من خۆم کەسێک دەناسم کەهیچ خزمەتێکی نییەو هیچ ئامادەکاریەکی تێدا نییە بۆ حکومەتو دوکانی زەرەنگەری هەیەو یەکێکە لەدەوڵەمەندە ناسراوەکانی کەلار کەچی هەموو مانگێ معاشی ٧٥٠٠٠ی بۆ دەبرێتە ماڵەکەی، باشە ئەمە بۆ؟"

ئەم ژنە ئەنفالە بەردەوام بوو لەبەیان کردنی دەردەدڵیەکانی خۆیو وتی "من پیاوەکەم ئەنفالە ئەی وەزعی من بۆ باش ناکەن؟ بۆ وەزعی ملیۆنەرێک باشتر دەکەن، کەنازانم دەیانەوێت ببێت بەچی؟ خۆزگە منو هەردوو کچو کورەکەم هەرئەو کاتە لەگەڵ پیاوەکەمدا ئەنفال بکرابنایە، بەس نەبووئەم وەزعە پڕخیانەتەم نەدەبینی؟ بەس نەبوو مردن تەنها ئەوجارە بوو؟ بەڵام نەک ئێستا کەهەر ڕۆژەو دە مردنە بۆ من، ڕۆژی وەها بووە من جامی سەیارەی کاربەدەستم سڕیوە. من ڕۆژانە سەرمێزی کەسێک دەسڕم کەدەزانم دزە پیاوکوژە داوێن پیسە... باشە ئیتر عەیب نییە بڵێی مردن خراپە؟" ئەم ژنە بەحکومەتی وت "هیچ ناڵێم، چونکە کەلار بۆ سلێمانی زۆر زۆر دوورە ئەگەر هەرچی بڵێم دەزانم گوێیان لێی نییە"!

ئەو وتی تەنها ئەوە بەکاربەدەستەکەم دەڵێم کە "ئەو پارەیەی دەیدەیت بەدەعوەت بۆ هاورێکانت لەمانگێکدا سێ جار، یەکێک لەو پارەی دەعوەتانە بدە بەمن شەرتە هەتا ماوم نەڵێم حکومەت خراپە".

ژنێکی دیکە وتی "خەڵکی کەلارم ماڵەکەم بۆ ماوەی سێ ساڵە هاتۆتە ئەم شارە پێشتر لەناحیەی ڕزگاری بووم، ماڵم لەگەرەکی لیواکەیە، ماوەی نۆ ساڵە فەڕاشمو پیاوەکەمو دوو کورم ئەنفال کران". لەبارەی بارودۆخو ژیانیەوە وتی "ژیانم زۆر زۆر ئەستەمە ماوەی سێ ساڵ نانم بۆ خەڵکی دروست دەکرد، بەڵام لەئاکامی نەخۆشی لوتم وازم لە نانکردن هێنا. ماوەی دوو ساڵ بەئیشی گسک فرۆشتنەوە خەریک بووم، ئەوەی خۆشی بێت لەژیانمدا نەمدیوەو چاوەڕێی هیچیش ناکەم لەتەمەنمدا کەببێتە مایەی ئاسوودەییم، چونکە بەداخەوە جگەلەوەی کەپیاوەکەمو دوو کورم لەدەست چووە لەکاتی سەدامدا، ئەو کورەشی کەبۆم ماوە ئەویش بەنەخۆشی عەمری خوای کرد، نەخۆشیش عەقڵی لەخۆم سەند، هەرکاتێک ئەو نەخۆشییەم لێدێت بۆ ماوەیەک لەهۆشی خۆم دەچم. چەند جار ڕۆشتووم بۆ داوای یارمەتی بۆ ئەوەی چیتر لەم وەزعە ڕەشە ڕزگارم بکەن، کەچی هەر دەڵێن: بەسەرچاو.. بەسەرچاو، هیچیشیان دیار نییە.. ئەو پارەیەی کەلەهەقی فەڕاشیەکەم وەریدەگرم، بۆ دەرزیو دەرمانە".

ئەو داوایەکی لەحکومەت هەبوو وتی کە "داواکارم چیتر لەتەلەفیزیۆنەکان ئەوەندە باسمان نەکەن چونکە بەڵێنو یارمەتیەکانمان گەشتە دەست ئەگەربتوانن کۆمەڵێک وەعدی ترمان بدەنێ سوپاسیان دەکەین"!

ژنێکی تر کەهەر لەوێ بوو وتی "منیش خەڵکی کەلارمو لەگەرەکی شەهیدانم.. پیاوەکەمو کوڕو کچێکو دوو براو خوشکێکم ئەنفالە، ماوەی دە ساڵە ئیشی گرانو قورس دەکەم، وەک (دارفرۆشتنو گسک فرۆشتنو فەراشی). کوڕێکو کچێکم هەیە دەخوێنن بەرەنجە شانی خۆم پێم گەیاندوون کە دوو ساڵی تر خوێندن تەواو دەکەن، ئێستاش فەڕاشمو ماوەی شەش ساڵە ئەمە کارمەو نامەوێ زیاتر قسە بکەم نەوەکو حەز نەکەنو لەم شوێنەش دەرمان بکەن، چونکە دوایی تۆ فریامان ناکەوی"!

ئەم ژنە ڕووی قسەی کردە حکومەت وتی "گەردنتان ئازا نەبێت کەتەنها هەر خۆتان دەوێو خەمی هیچ کەسێک ناخۆنو گرنگ ئەوەیە کەخۆتان چۆن بژین". ■

نمونەیەک لە پاشماوەی پرۆسەی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە کوردستان - لە ئینتەرنێتەوە

تکایە کۆڵانو شەقامەکان موڵکی هەموانن

بەسە با چیتر هێندە خۆپەرست نەبینو بیرێکیش لەبەرژەوەندی گشتی بکەینەوە

ئارەزوو محەمەد

لەگەڵ باش بوونی باری گوزەرانی خەڵکی عێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتیو لەدوای ڕوخانی ڕژێمی لەناوچووی پێشوو، هاوڵاتیان ڕوویان کردۆتە دروستکردنی خانوو، یاخود چاککردنەوەی خانووەکانیان، من لێرەدا نامەوێ دەست بخەمە ناو کاروباری تایبتی هیچ کەسێکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم چاککردنو دروست کردنەدا دیاردەیەکی ناشرینو نابەجێ سەری هەڵداوە جا چ لەسەر شۆستەی شەقامەکان بێت یان لەناو کۆڵانەکاندا بێت، ئەویش ئەوەیە کەهەر کەسێک کاتێک پێداویستی (بلۆک و چەوولمو... هتد) دەهێنێ بۆ خانووەکەی لەناو کۆڵانەکاندا دایدەنێتو ڕێگەی هاتووچۆی هاولاتیان دەگیرێت. لەگەڵ ئەوەی کەڕێگەی هاتووچۆ دەشێوێنێ بەشێوەیەکی زۆر نەشیاویش بڵاو دەبێتەوە بەکۆڵانەکەدا یان بەشەقامەکەداو لەسەرو هەموو ئەمانەشدا ئەم خۆڵو خاشاکو پیسییە بۆتە شارێکی بچوکی یاری کردنی منداڵانی ئەو کۆڵانانە، کەسەرچاوەی چەندین نەخۆشییە، هەروەها حەز دەکەم بەو هاوڵاتییە بەڕێزانە بڵێم: گەر ئەڵێن ئەو پێداویستیانەمان دەوێتو بۆ کارەکانمان گرنگە، ئەی باشە خۆ ئەو گەچەی کەلەدیوارەکانتانی دەکەنەوە ولەبەر دەرگاو کۆڵانەکەدا فرێی دەدەن بەکەڵی ئەوە نایەت کەبەکاربهێنرێتەوە، ئەی بۆچی لای نابەنو دووری ناخەنەوە بۆ شوێنی خۆی، هەر کاتێکیش پرسیاری ئەوەیان لێ بکەیت کەبۆچی، لاینابەن؟ زۆر بەڕاشکاوانە وەڵامت دەدەنەوەو کۆڵانەکان بەموڵکی تایبەتی خۆیان دادەنێنو ئەڵێی سەرجەمیان تاپۆ کردووە، نەک تەنها بەردەرگای خۆیان، لەدواجاردا ڕوو دەکەمە سەرجەم ئەو هاوڵاتیانەو پێیان دەڵێم: بەسە با چیتر هێندە خۆپەرست نەبینو بیرێکیش لەبەرژەوەندی گشتی بکەینەوەو بۆ خزمەتی شارو بەرژەوەندی گشتی کۆڵانو شەقامەکان سەرجەمیان بەماڵی خۆمان بزانینو هەرکەسەو لەلای خۆیەوە پاکوخاوێنی شارەکە بپارێزێت. ■

کێ بەرپرسە لەنەبوونی خزمەتگوزاری لەزەرایەن؟

خەڵکی ئەم شارۆچکەیە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی جێگری سەرۆکی حکومەتن

عەتای عوسمان جاف

شارۆچکەی زەرایەن یەکێکە لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو کەلەساڵی ١٩٧٨ خەڵکی گوندەکانی بناری بەمۆی بەزۆر لەگوندەکانیان دەرکردو ڕاپێچی زەرایەنی کردنو جۆرێک لەزیندانی بۆ دروستکردن کەهەتا ئێستاش پێوەی بناڵێننو ئەم شارۆچکەیە لەماوەی ئەو (٢٧) ساڵەی کەدروست کراوە تاکە خانوویەکی زیادەی لێ دروست نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی کەبەبیانووی هاوکاری پێشمەرگەو زیادەڕەوی چەندین خانووی ئەم شارە لەساڵانی فەرمانڕەوایی بەعسدا ڕوخێنراون، تا ئێستاش جگەلە کێشەی نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون بەدەست کۆمەڵێک کێشەی ترەوە دەناڵێنێت.

یەکێک لەو کێشانە گەندەڵی ئیدارییە کەزۆر لەو گەندەڵیو بیرۆکراتیەتەی ناو شارەکان زیاترە، بێگومان ئەمەش زیانێکی زۆری بەم ناوچەیە گەیاندووەو بەشێکی گەورەی ئەم زیانەش لاوانی ئەم شارە هەڵیان گرتووە هەر لەنەبوونی سەنتەرێکی گەنجانو بنکەیەکی ڕۆشنبیریو کتێبخانەیەکی گشتیو تا دەگاتە خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک ئاوکە (١٠) ڕۆژ جارێک ئاویان بۆ دێت، هەروەها کەمی سوتەمەنی کەلەماوەی ساڵێکدا تەنها یەک بەرمیل نەوت دابەشکراوە بەسەر هاوڵاتیانی ئەم شارۆچکەیەدا سەرەڕای گرفتی ناوبازاری ئەم شارۆچکەیە کە بەیانیان خاوەن دوکانەکان خۆیان زبڵی بەردەم دوکانەکانیان دەسوتێنن جگەلە پاشماوەی سەوزە فرۆشەکان ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەو جادە دوو سایدەی کەدروستکراوە بەبێ شۆستەو عەموودو گڵۆپی نێوان دوو سایدەکەو مەنهۆڵی ئاوو ڕێگەی پەرینەوەی هاوڵاتیانو خوێندکاران کە (٣) خوێندنگە لەوبەر جادەکەوەیە، ئێستاش خەڵکی ئەم شارۆچکەیە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی جێگری سەرۆکی حکومەتن بەکردنەوەی سەنتەری گەنجانو باشتر کردنی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیەو کۆنکرێت کردنی کۆڵانەکان کەبەهاوینان خۆڵو تۆزو بەزستانیش قوڕو قوڕاو ڕێگەی هاتوچۆی هاوڵاتیان نادات.

خەڵکی ئەم ناوچەیە داواکارن لەحکومەتی هەرێم کەچیتر داواکانیان پشتگوێ نەخات بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵکی ئەم ناوچەیە بە ڕوو سووری بچنەوە سەر سندوقەکانی دەنگدان. ■

عیماد ئەحمەد - جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی

نامەیەکی کراوە لەلایەن خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلارەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا×

بەڕێز: وەزیری پەروەردە

سڵاوی زانست

ئێمە وەک خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار داواکارین لەبەڕێزتان کەچیتر زمانی کوردی لەدەرەوەی پەیمانگەدا نەبێت. چونکە ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کەزمانی کوردی، زمانی ڕەسمی دەوڵەتە با چیتر زمانی خۆمان زمانی نوسینو خوێندنەوە بێت لەپەیمانگەدا، چونکە دەبێت ئەو هەقە بەزمانمان بدرێتو چیتر بە پەیمانگەو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نامۆ نەبێت. لەگەڵ ڕێزماندا.

× ئەم داوایەی خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار، هاوپێچ ئیمزای ژمارەیەک لەخوێندکارانی پەیمانگەکەی لەگەڵدایە کەلەئەرشیفی چاودێردا پارێزراوە. ■

دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان: گرفتی بەنزین چارەسەرکراوە.

دیمەنێک لە هاوینەهەواری سەرچنار - سلێمانی ... ڕۆژی پاش جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ! دیاری چاودێر بۆ شارەوانی سلێمانی

وەرگێڕانێک لەزمانی ئینگلیزییەوە

بەدیموکراتیزەکردنی عیراق

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەزیز ڕەئووف

Guardian

دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە بەهاری ٢٠٠٣ ئیدی سەرەتایەک لە هەنگاونان بەرەو دەسەڵاتێکی دیموکراتی لە عیراقدا دروست بوو. هێزە عیراقییەکان بە کورد و عەرەب و سوننەوە بەشداری لە چەسپاندنی دیموکراتیزەکردنی عیراقدا دەکەن جگە لە چەند هێزێکی سوننی کە دنەی یاخیبوان دەدەن و ئاژاوە لە عیراقدا دەگێڕن. یاخی بووە سوننەکان هەوڵ دەدەن شەڕی ناوخۆ لە نێوان سوننە و شیعەکاندا هەڵبگیرسێنن.

سەرۆک تاڵەبانی بەئومێدە

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە سەرکردە شیعەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەکەن و هەرچۆنێک بێت هەوڵ دەدەن نەخزێنە ناو شەڕی ناوخۆوە لەگەڵ یاخیبواندا کە لە سوننەکانی ئەو وڵاتە پێکهاتوون.

پارتی سەرەکی شیعەکان کە ئێستا خاوەن دەسەڵاتن لە عیراقدا هیوا دەخوازن هەڵبژاردنی ١٥ی مانگی ئاینده ببێتە سەرەتایەک بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و پێکەوە ژیان لەو وڵاتەدا.

کێشەکە ئێستا لە نێوان سوننە و شیعەکاندا نییە بەڵکو خەڵکی عیراق دوای سەدام حسێن بە تایبەتی سوننەکان پێیان وایە پەراوێز خراون. ئەمەش وایکردووە قینەی خۆیان بە ئەمریکییەکان دەربڕن. بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ئەمساڵدا کە شیعەکان زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێنا ئەمەش بەتەواوی سوننەکانی نیگەران کرد. بەو پێیەی سوننەکان بە درێژایی ٨٠ ساڵ لە عیراقدا ئەوە یەکەمجارە پەراوێز دەخرێن بۆیە بە شورەیی گەورەی دەزانن و نیگەرانییەکانیان بە تەقینەوە و کاری توندو تیژی دەردەبڕن. لەلایەکی ترەوە بوونی هێز و چەکدارەکانی ئەلقائیدە لە عیراق هێندەی تر بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە و عیراقی خستوەتە بەردەم شەڕی ناوخۆوە.

ئەوەی ئێستا لە عیراقدا بەدی دەکرێت ململانێیە لەسەر دەسەڵات، ململانێیە لەسەر ئاین.

سوننەکان مەزهەبی شیعە بەوە تاوانبار دەکەن کە سەر بە ئێرانن و سیاسەتی ئێران لە عیراقدا پەیڕەو دەکەن، هەروەها شیعەکانیش پێیان وایە دەوڵەتی سوریا و سعودیە لەپشت گروپە سوننەکانەوەن و گروپی تیرۆرستی ئەلقائیدەش دنەی سوننەکان دەدەن دژیە شیعەکان.

ئەوەی لەو ناوەندەدا دەمێنێتەوە کوردەکانن. هێزە دینییەکانی عیراق پێیان وایە کوردەکان عەمیلی ئەمریکا و ئیسرائیلن و کوردەکانیش ئەوە ناشارنەوە کە هاوکاری دژە تیرۆرن لەگەڵ ئەمریکییەکاندا.

شەڕی ناوخۆ لە عیراقدا ترسی خستۆتە دڵی عیراقییەکانەوە، هەر بۆیە ئەو سەرەتایە ناوەڕاستی عیراق بەتایبەت بەغدای پایتەختی گرتووەتەوە بەوەی کە هێزەکانی ئەلقائیدە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە شیعەکان بئاڵێننە ئەو شەڕەوە بەڵام سەرکردە شیعەکان زۆر وشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا دەکەن.

گەر شەڕی ناوخۆ لە عیراقدا هەڵبگیرسێت بێشک عیراق دەباتە قۆناغێکی زۆر ترسناک و هەستیارەوە چونکە خەڵکی عیراق لە ڕابردودا لەسایەی بەعسدا ئازار و نەهامەتی زۆریان بینیبوو، بۆیە دەترسن جارێکی تر بکەونەوە نێو شەڕ و نەهامەتییەوە.

ترسناکترین شەڕ شەڕی ئاینییە بۆیە ئەوەی لە عیراقدا پێشبینی دەکرێت شەڕێکی ئاینییە و هێزە دینییەکان بەتایبەت سوننە و شیعە دەکەونە نێوان ئەو گەمە ناشرینەی شەڕی ناوخۆوە.

بەڵام سەرکردایەتی عیراق زۆر گەشبینن و بۆ ئەو مەبەستە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق ڕایگەیاند کە ئێستا لە عیراقدا ٢٧ ملیۆن کەس هەست بە ئازادی دەکەن. ■

بارزانی داوای سەربەخۆیی دەکات

سامال سابیر

MSNBC

سایتی MSNBC ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێرناونیشانی "بارزانی ئاڵای سەربەخۆیی هەڵدەکات گەر شەڕی ناوخۆ لە عیراقدا هەڵبگیرسێت".

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی NTV ڕایگەیاند گەر عیراق ئارامی بەخۆوە نەبینێت ئەوا دەرئەنجام شەڕی ناوخۆ بەرقەرار دەبێت، ئەوساش ئێمە هیچ ئەلتەرناتیڤێکمان نییە جگە لە سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەمان لە عیراق.

بۆ ئەو مەبەستە مەسعود بارزانی ڕایگەیاند" مافێکی ڕەوا و شەرعی گەلی کوردە وەک گەلانی تری دنیا سەربەخۆ بێت". بارزانی هەر لەو چاوپێکەوتنەدا جەغتی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕاستە کورد داوای عیراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی دەکات بەڵام لەم بارودۆخەدا هەم ئێمە و هەم ئەمریکییەکانیش ئەوەمان پێ باشە عیراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە ئەگەرنا هیچ شەرم نییە کورد داوای سەربەخۆیی بکات.

سەبارەت بە بوونی هێزەکانی PKK بارزانی وتی"PKK لە کوردستانی عیراقدا بوونی نیە، بەڵکو ئەوان لە تورکیادا ئامادەگییان هەیە". بۆ ئەو مەبەستە بارزانی ڕایگەیاند کە کێشەی کورد لە تورکیا کێشەیەکی سیاسییە و پێویستە بە شێوەیەکی دیموکراتی لە تورکیادا چارەسەر بکرێت".

ئەم ڕاگەیاننەی بارزانی لەکاتێکدایە کە کوردەکان لە حکومەتی عیراقدا بەشدارن و پۆستی سەرۆک کۆمار و چەندین وەزارەتی تریان بەدەستەوەیە و پارتەکەی بارزانی لەگەڵ پارتەکەی تاڵەبانی دا بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی عیراق لە ١٥ی دیسەمبەردا بەشدار دەبن. ■

مەسعود بارزانی لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا

ژیانی شیرین عەبادی لەمەترسیدایە

کامەران ساڵەیی/ کەرکوک

VOA — A TRUSTED SOURCE OF NEWS AND INFORMATION SINCE 1942

سایتی VOA ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە. لەو هەواڵەدا هاتووە کە شیرین عەبادی پارێزەری مافی مرۆڤ لە ئێران و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٠٣ ڕایگەیاندکە لە ئێران لە وڵاتی خۆیدا چەندین جارە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت. لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی دیە ئوتریشی شیرین باسی ئەوەی کردووە کە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٠٣ لە مەترسی ئازادی نەکردووە. ئەو ڕایگەیاند کە چەندینجار نامەی هەڕەشە ئامێزم پێگەیشتووە کە تێیدا تاوانبار دەکرێم کە بەرگریدەکەم لە مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد ئەمە چەندین جارە لە ئێراندا توندو تیژی بەرپا دەبێت کە دیارترینیان نارەزایی گەلی کورد بوو لە شارەکانی مهاباد و سنە و شوێنەکانی تردا.

بەڵام هەڕەشە کردن لە گیانی ئافرەتێکی وەک شیرین عەبادی کە لەسەر ئاستی جیهاندا ناسراوە ڕەنگە بۆ دەسەڵاتی ئێران ئاسان نەبێت و بۆ دەرەوەی ئێرانیش مایەی قبوڵکردن نەبێت. بەو پێیەی ئەم ئافرەتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە ئاشتیدا بۆیە هەرهەڕەشەیەک بۆ سەرگیانی عەبادی هەڕەشەیە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. ئێستا ئێران بەدەست چەندین قەیرانی سیاسییەوە دەناڵێنێت لەوانە: بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و دنەدانی تیرۆرستان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هێشتنەوەی کێشەی کورد لە ئێراندا بە هەڵپەسێردراوی.

ئەم هەڕەشانەی کە لە شیرین عەبادی دەکرێت لە کاتێکدایە کە ئێران و ئەمریکا لە ڕکەبەریەکی گەورەدان کە ڕەنگە ئایندەیەکی ڕەش چاوەڕێی دەسەڵاتی نوێی ئێران بکات. ■

شیرین عەبادی براوەی نۆبڵی ئاشتی ٢٠٠٣

خوێناوی بوونی خانەقی

دانا حەمید

BBC NEWS UK EDITION

سایتی BBC News ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە هەواڵی تەقینەوەکانی شاری خانەقینی بڵاوکردۆتەوە.

تەقینەوەکانی شاری خانەقین سەرەتایەکی ترسناکە بۆ گۆڕانی ئاراستەکانی تیرۆر بەرەو کوردستان، کە ئەمە ڕەنگە دوای تەقینەوەکانی هەردوو بارەگای یەکێتی و پارتی لە شوباتی ٢٠٠٤ لە شاری هەولێر گەورەترین تەقینەوە بێت لە هەرێمی کوردستان ئەنجام درابێت.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لەسەری بدوێین ئەوەیە کە تەقینەوەکە لە ناو مزگەوتدا ئەنجام دراوە ئەمەش تەواو ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تیرۆرستان لە دەرەوەی پیرۆزییەکانی ئایین کار دەکەن، چونکە ئەوان لە نێوان مەدەنی و سەربازەدا، لە نێوان موسوڵمان و غەیرە موسوڵماندا، لە نێوان مزگەوت و بارەگادا جیاوازی ناکەن.

خاڵێکی ترکە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکەین ئەوەیەکە بە جیاوازلە شارو شارۆچکەکانی ترشاری خانەقین یەک لە شارە ئارام و بێ کێشەکانی کوردستانە بەبەراورد لە کەرکوک و ناوچەکانی تر. ئەمەش واکردووە کە دوژمنان چاویان بەم ئارامی و ئاسایشە هەڵنایات و دەیانەوێت بە هەرجۆرێک بێت ئەو ئارامییە لەم شارە ئازیزەدا بشێوێنن.

بەڵام گرنگترین خاڵ بە بۆچوونی من ئەوەیە کە تەعریب لەم شارەدا بنەبڕ کراوە. ئەمەش وایکردووە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەم کردەوەیەی کورد لە خانەقیندا نیگەرانن و بەهەر شێوەیەک بێت دەیانەوێت تۆڵە لەم شارە ئازیزە بکەنەوە وکەم تا زۆر دەیانەوێت پرۆژەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ بنەبڕکردنی تەعریب لەم شارەدا ئیفلیج بکەن. ■

دیمەنێکی تەقینەوەکەی خانەقی

حکومەتی سەربەخۆ بۆ کوردەکان

ئا: حەمە پشدەری

Newsweek

لەڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەرەوشی عیراقو کاریگەرییەکانی کورد لەسەر دەوڵەتی ئایندەی ئەم وڵاتە، گۆڤاری (نیوزویک) لەژێرناوی (عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ و ئەمریکای ساڵی ١٧٨٧)دا بڵاوکردەوە.

ئەم ڕاپۆرتە بەراوردێکە لەنێوان ڕەوشی ئەمریکا لەکاتی دارشتنی دەستوری خۆیدا لەساڵی (١٧٨٧)و عیراقی ئێستا کە سەرگەرمی دارشتنو بڕیاردانە لەسەر دەستوری وڵات.

لەبارەی کوردەوە نوسیویەتی: لەئەمریکادا هەموو هاوڵاتیانی ئەیالەتێک، خۆیان بە ناوی ئەیالەتەکەوە دەناسێنن وەک هاوڵاتی ڤێرجینیایی یاخود نیویۆرکی، بەڵام عیراق پێکهاتەیەکی سیاسی دیاریکراو و مەرجەعیەتێکی یاسایی نییە تەنها لەکوردستانی عیراقدا تائەندازەیەک ئەمجۆرە خەسڵەتانە دەبینرێتو زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە خوازیاری حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەرن.

سەبارەت بەکێشەکانی دارشتنی دەستور، گۆڤارەکە دەڵێت: لەعیراقدا کە شیعە زۆرینەن، خوازیاری ڕۆڵی کاریگەری ئیسلامن لە دارشتنی دەستوردا، بەڵام کوردەکانی باکوری عیراق کە عەلمانین، خوازیاری دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆن. ■

زەرقاوی هەڕەشە لەپاشای ئوردن دەکا

سەردەشت حەمە ساڵح

Associated Press

ئاژانسی associated press ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (زەرقاوی لەکاسێتێکی دەنگیدا هەڕەشە لەپادشای ئەردەن دەکات).

ئەو هەڕەشەیەی زەرقاوی یەکەمین جارنییە، دوور نییە تیرۆریستان لەکارکردنێکی بەردەوامدا نەبن بۆ دروست کردنو فراوانکردنی پانتایی شەرگەکانیان، لەوە دەترسن لەعێراقدا بنبڕ بکرێن، بۆیە دەبینی لەسعودیە ویستیان شکستیان هێنا لەسوریا دڵنیابوون زۆر پشتیان پێی بەستبوو، بەڵام سوریا ئەوەتا باری لەسوارکەوتووە و فریای هیچ بەرگریەکی تر ناکەوێ، تا بتوانێ لەمەسەلەی تیرۆر کەیەکێکە لەخاڵە سەرەکییەکانی ئەو لیژنە تایبەتییەی کەبۆی دانراوە بپەرژێ. هەربۆیە تیرۆریستان نازانن کوێ لەدوای عێراق هەڵبژێرنو بیکەنە جێ ئامانجی خۆیان، تورەبوونی زەرقاوی کەهەڕەشە لەپادشای ئەردەن بکات، زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەلەکردەوە تیرۆریستیەکانی ئەردەندا ژنێکی تیرۆریست دەستگیرکراو نەیتوانیبوو خەڵکی بێتاوان شەهید بکاو نەیتوانیبوو کاری وێرانکاریو کوشتاری زۆر بنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژنە تیرۆریستەیان هێنایە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن، زیاتر ڕووی تیرۆریستانی پێ ڕەشکرا. ئەم کردەوە تیرۆریستیانە ڕۆژ بەڕۆژ دیاردەکانیان زیاتر دژی مرۆڤایەتی پیشان دەدەن، لەناو مزگەوتو لەناو هۆڵی ئاهەنگو لەناو بازارو لەخوێندنگەو... هتد. شوێنیان بۆ نییە، ئاخرو ئۆخریشیانە. ■

زەرقاوی گەورە تیرۆرستی ئەلقاعیدە لەعێراق

سەرنوسەری هاوڵاتی دەست لەکار دەکێشێتەوە

کامیل حەسەن/ هەڵەبجە

Kurdish Media — united kurdish voice

سایتی Kurdish media لە ڕۆژی ١٤ی ئەم مانگەدا هەواڵی دەست لەسەر کار کێشانەوەی سەرنوسەری هاوڵاتی بەڕێز ئاسۆس هەردی و دەستبەکار بوونی توانا عوسمانی وەک سەرنوسەری نوێ ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکردۆتەوە.

ماوەیەکە کێشە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا لە نێوان ئاسۆس هەردی و تارق فاتیحی خاوەن ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە سەری هەڵداوە. ئاسۆس هەردی وەک سەرنوسەر پێشنیاری کردووە کە بۆردی هاوڵاتی بڕیاردەر بێت لە ڕۆژنامەکەدا بەڵام تارق فاتیح ئەو پێشنیارەی ڕەت کردۆتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاسۆس دەست لەکار بکێشێتەوە و لەگەڵیدا هەریەک لە شوان محەمەد و سەردار محەمەد و سیروان غەریب و زانکۆ ئەحمەد و مامۆستا یاسین و سارا قادر و دانا و جەزا و پشتیوان و چەندانی تر دەستیان لەکار کێشاوەتەوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە زۆربەی ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە ئەم کێشەیە ماوەیەکە لە هاوڵاتیدا سەری هەڵداوە و لە ڕۆژی یادی دەرچوونی هاوڵاتی کە ١١/٤یە کێشەکان چارەسەر نەکرا و بۆ ئەو مەبەستە ئەو جیاکارییەی لێکەوتەوە.

ئاسۆس هەردی سەرنوسەری پێشوی هاوڵاتی

شایەنی وەبیر هێنانەوەیە هاوڵاتی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە ویەکەم ژمارەی لە ٢٠٠٠/١١/٤دا دەرچووە و تا ئێستا پڕفرۆشترین و زۆرترین خوێنەری بۆخۆی ڕاکێشاوە. ■

L-5-12.qxd 11/20/2005 1:18 PM Page 1

ئەفراندن .. ڕەخنە

ستار قادر

لەنێوان ئەفراندنی هونەریو کلتوری ڕەخنەییدا پەیوەندیەکی دیالەکتیکی قوڵ هەیە، بۆقسەو باسلێکردنی ئەم دیاردەیەیان ئەم پەیوەندیە - وا پێویست ئەکات بگەڕێینەوە بۆ چرکەساتەکانی بەرەبەیانی شارستانیەت، کاتێ بینادەمەکان لەوپەڕی دڕواریو سەختیدا ژیانیان دەگوزەراند، ئەوکاتانەی ژیانیان لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەبردە سەر، ئەو ئەشکەوتانەی کە بۆ ئێستا تاکە سەرچاوەی هونەری سەرەتایی سەرهەڵدانی هونەرن، هەرچی لێکۆڵەرو بیریارەکانە بۆ سەلماندنی راوبۆچونیان ئەچنەوە سەریان.

دۆردیڤدیس یەکێک لەو راڤەکارانەی هونەری سەرەتایی باس لەوە دەکات کە ئۆرگینشەکان بەکۆنترین هونەرمەند ناوزەد دەکات، کاتێ هێماو ئاماژە هێڵ و نەخش کێشراوەکانی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانیان خستۆتەروو ئەگەرچی لەشێوە هەرە سەرەتایەکەی هونەریدا بوو بێت ئەوە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کەدیدی رەخنەی لەهەناوی ئەو شێوە سەرەتایانەدا هەست پێدەکرێت، ئیتر ئەو وێنانەی خولقاندویانە بەمەبەستی دەست بەسەراگرتنی هێزێک، شتێک بێ، یان ئەو کوتان و نەخشەکێشانەیان کە لەسەر جەستەی ئادەمیزدا کردویانن بۆ مەبەستی خۆپاراستنیان بوبێ لەنەخۆشیو یان بۆ خۆجیاکردنەوەیان بوبێت لەوانی دیکە، ئەتوانین بڵێین ئەم دیدە ئەوەمان بۆ روون و ئاشکرا دەکاتەوە کەدیدی رەخنەیی لەلای ئۆرگنیشیەکان هەبوو، ئەگەرچی لەفۆرمێکی زۆر سادەو ساکاریشدا بێت. گەر تەنها ئەوەش بێت کە ئەو ئاماژەو سیمبولانەی خولقاندویانە لێکدانەوەیەک لەپشتیەوە دەرک پێدەکرێت.

هەروەها ئەتوانین ئەوەش بڵێین کەیەکەم رەخنەگر ئەو هونەرمەندە بووە کەبەکارێکی هونەری هەڵساوە لەهونەری سەرەتایی داو ئێستاش پرۆسەی رەخنەیی لەسەر هەر کارێکی هونەری یان ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ هونەرمەندو ئەدیبان خۆیان لەسەر کارە ئەدەبیو هونەریەکانیان، ئەم پرۆسەیە لەچرکەساتەکانی هاتنەبوونی کارە هونەریەکە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی باشترو جوانترو کاملترکردنی کارە هونەریەکەی.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەگەڵ توانای نوسینی باش بێت سەبارەت بەهونەر. وە ئەبێت تا ئەوپەڕی هەوڵی ئەوە بدات

یەکەمین هێماو ئاماژەو نەخشەکانی سەر دیواری ئەشکەوتە دێرینەکان ڕەخنەش بەهاوشانیان لەدایک بووە، ئەمە وەک ئەو پەیوەندیە هەناویانەی لەنێوان ئەفراندن و ڕەخنەی هونەری لەسیاقی مێژووی هونەردا لەو چەرکەساتانەوە ڕەخنە بەرەو سەرهەڵکشاوو دەرەوەی کەسێتی هونەرمەندی گرتۆتەوە و شان بەشانی هونەر بەردەوام بووە، بەڵام بەپێی قۆناغو سەردەمەکان لەئاست هونەردا بەرزو نزمو پێشکەوتن و بەدووکەوتنی هونەری بەخۆوە بینیوە.

لێرە بەدواوە دەچینە سەر خودی ڕەخنەگر، یەکێک لەمەرجە سەرەکیەکانی ڕەخنەگری سەرکەوتوو ئەوەیە خاوەن روئیاو دیدگای تایبەتی خۆی بێت لەسەر کۆی ژیان و ئەو رووبەرە هونەریەی کەپرۆسەی ڕەخنەی تێدا ئەنجام دەدات؟ پێویست وایە خاوەن پاشخانێکی رۆشنبیری هونەرییو بەتواناو هەمەلایەنە بێت و خاوەن

چاونەترسانەو ئەو روئیاو دیدگایەی خودی خۆی لەدەقە ڕەخنەییەکانیدا بخاتە بەرچاوان، دیارە زۆر روون ئاشکرایە کەروئیاو دیدگای تایبەتی لەژیاندا هەروا لەخۆڕاو خۆڕسکانە پەیدا نابێت، تەنها ئەو یاسایانە نیە کە لەمیتۆدە ڕەخنەییەکاندا ئیشیان پێدەکرێت، بەڵکو لەئەنجامی لێوردبونەوەو راستگۆیی دەرهەق بەکارێکی هونەری، پێش هەر شتێک دەبێت ئەو کارە هونەریە کاریگەری خروشێنەرانەی لەسەر بەجێبهێڵێت ئەوجا ئەتوانرێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت. دیارە پرۆسەی ڕەخنەیی، پەیوەندیەکی نەپچڕاوی هەیە لەتەک گشت لقە زانستیەکانی دیکە، کە کەسی ڕەخنەگر خودی خۆی هونەرمەند بێت بێگومان دەقە ڕەخنەییەکەی بەپێزتر دەبێت. چونکە هەندێ وردەکاری لەنێو کارە هونەریەکاندا هەن چاوی عادی درکیان پێناکات، ئەو شتە وردانەش زیاتر لەکاتی ئیشکرندا درک پێدەکرێت. گەر زیاتر لەسەر ئەم دیاردەیە بدوێین پێدەچێ هەندێ دەرئەنجام بەدەست بێت کەدەقە ڕەخنەیەکان بەتایبەتی ڕەخنە

شێوەکاری کاملتر بکات پێش هەر شتێک ئەوەی پاڵنەری کارایە بۆ دەستکردن بەنوسین لەسەرکارێکی هونەری دیاریکراو، کێش کردنی بینەرە بۆ ناو تابلۆ یان هەر کارێکی هونەری دیکە، ئەم خاڵە جەوهەریە کەبەدوای خۆیا دەقی ڕەخنەیی راستگۆیانەبەرهەم دەهێنێت، بۆیە دەقە ڕەخنەییەکە وەک پاشکۆیەکی کارە هونەریەکە رەچاو ناکرێت دەبێتە کارێکی داهێنەرانەی سەربەخۆو بەهادانان بۆ شتە جوانەکانی نێوبوون. ئەوەی کەلەمیانی قۆناغە مێژوویەکاندا زەبرێکی کوشندەی داوە لەبەها ئیستاتیکیەکانی کارە هونەریەکان، ئەو ڕەخنەیەی کە بەرەخنەی مولتەزیم ناوزەد کراوە، ئەو ڕەخنەیە کەلەسەدەی دووی پێش زایین لەشارستانیەتی گریکیدا هاتۆتە ئاراوە، دیارە ئەم جۆرە لەڕەخنە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی ئەو سەردەمەوە چەندەها رێورەسم و یاساو خاڵبەندی بۆ کارە هونەریەکان دانراوە، کەدەرچونیان ئەستەم بووە، کەزیاتر ئەبوایە کاری هونەری


تابلۆی هونەرمەند پیکاسۆ

گوزارشتەکردن لەبەهاو رۆڵی خواکانی ئەو زەمانەی گریک و لاسایی کردنەوەیەکی کوت و متی دیاردە واقعیەکان و وێنەکێشان و خاوەن شکۆو خاوەن دەسەڵاتەکان بێت، چەندەها هونەرمەند لەسەرئەوەی هونەریان خستۆتە خزمەت خستنەبەرچاوی هەژاران و وێنە گاڵتە ئامێزەکانیان، سزادراون، بەڵام ئەوانەی کەوێنەی کەسێتیو رووداوە پڕ شکۆمەندانەی دەستەڵاتدارانیان نەخشاندووە خەڵات کراون، بۆیە ئەتوانین بڵێین کەرەخنەی مولتەزیم تواناکانی هونەرمەند دەکوژێت وە سەربەستی هونەرمەندان زەوت دەکرێت وهێزی داهێنان ناهێڵێ، ئەوەی کە لەهونەردا جوانی دەخاتە دەرەوەی خۆی ئەو هێزەیە کە بەسەربەستی هونەرمەند ناوی براوە، گەر زیادەڕەوی نەکەین ئەتوانین بڵێین لەچرکەساتی ئەنجامدانی کاری هونەریدا، بەتایبەتی لەکاری مۆدێرندا تەنانەت سانسۆرە فیکریەکانی خودی هونەرمەندیش، دەبێتە رێگرێک لەئاست ئەفراندنا، تاکە زەمەنێک کە بەزەمەنی راستەقینەی داهێنەر دائەنرێت، ئەو زەمەنەیە کە تەنها کاری هونەری تێدا ئەنجام دەدرێت بەبێ هیچ سانسۆرێکی دەرەکی و ناوەکی، هونەرمەند ئەو ساتانەیە لەگەڵ خۆیدا وێنەی نەبینراو نوێ دەهێنێتە بەرچاوان.■

تابلۆی هونەرمەند ماتیس

موزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

ئا/ باران

کلود بالباستر "١٧٢٧-١٧٩٩"

دانەرێکی فەرەنسیە، خوێندکاری رامۆو مامۆستای ماری ئەنتوانین بووە. ژەنیارێکی بەتوانای ئۆرگانیو کلیسای "دایگۆن بوو" یەکێ بووە لەمامۆستا بەناوبانگەکانی کلافسان، لەسەردەمی خۆیدا بەرهەمەکانی: چوار بەدواداچوون بۆ ئۆرگ بەناوی "جەژنی لەدایک بوون".

کلۆد بالیف "١٩٢٤"

دانەرێکی فەرەنسیە، لەپاریس لای ئۆبان و میسیان، خوێندویتی، ئینجا هەربۆ خوێندن رووەدەکاتە بەرلین، لای بلافرو ستوکن شمیدت، دەخوێنێ هەر لەسەرەتای کاری هونەریدا، گرنگی بەموزیکی هاوچەرخ داوە، بەرهەمەکانی ریکویم، بۆ پیانۆ، پێنج سۆناتا، چوار دەفتەری بیرەوەری، بەرهەمی تری: بەرهەمی ئەدەبی لەمەڕ زانستی ئیستاتیکاو زانستی موزیک، هەروەها نوسینی کتێبێکی گرنگ سەبارەت بەبرلیوز

ئەربانۆ بانشیری "١٥٦٨-١٦٣١"

دانەرێکی ئیتالیە، دامەزرێنەری ئەکادیمای دی فلوریدی لەشاری بۆلۆنیا بو، بەرهەمەکانی: سیانزە بەرهەم لەبسەر دراماتیکایا، بۆ شانۆی لیریکی. موزیکی دینی: ریکویم: تەراتیک، کۆنشرتۆی نیۆکلیسا.

سامۆئیل باریە، "١٩١٠-١٩٩١"

دانەرێکی ئەمریکاییە، خوێندکاری خوێندنگای فیلادلفیایە، کەتیایدا جائیزەی رومای بواری دانراوی پێ دەبەخشرێ، ئنیجا جائیزەی ئۆلیپزە، ئەمیش لەساڵی ١٩٣٥ بەدەست دێنێ. هەر لەسەرەتای کاری هونەری خۆیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری موزیک زانە رومانتیکیەکان، لەیەکەم هەنگاو خۆجیاکردنەوەی لەموزیکی لاسایدا، لەساڵی ١٩٤٠ چەند هەنگاوی جدی دەهاوێت.

بەرهەمەکانی: بالیەی "میدیا" دوو سیمفۆنیا، کۆنشرتۆیەک بۆکەمانچە کۆشنرتۆی پێچی ژێدار، سوناتا بۆپیانۆی چوارینەی ژێدار، بەرهەمێکی ئورکسترای بەناوی "نوێژ لەپێناوی کیرکگرد - لەگەڵ چەندین بەرهەمی پڕلەداهێنی تر.■

نامەیەکی کراوە
بۆ سەرۆک و ئەنجومەنی باڵای یەکێتیی هونەرمەندان

سەردەم سەردەمی گۆڕان و ئازادییە بۆیە من بەئازادانەو راشکاوانە دەدوێم و لەهەموو دەرگاکان دەدەم سەردەم سەردەمی فەراهەم کردنی سەرجەم پێویستی یەکانی ژیانە، هەموو مرۆڤایەتیو جیهان بەرەو گۆڕانێک مل دەنێ زۆر زەحمەتە مرۆڤەکان بتوانن لەو دەریایە مەلە بکەن و دەرباز بن، بۆیە منیش وەکو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەی خۆمان کەپڕە لەنەهامەتی و کارەسات و پڕە لەنابەرامبەریو جودایی و بەکەم سەیرکردنی پایەکانی خوارەوە و بگرەو بەرەی زۆری تریش ئەوەی منی ورژاندووەو دەمێکە دەمەوێت لەدوو توێی نامەیەکدا یاخود یاداشتێکدا یا هەر ناوێکی تری لێ دەنێن گرنگ نیە بدوێم ئەوەی بەلای منەوە

گرنگەو توشی سەرسورمانی کردوم زیاتر لەچەند مانگێکە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، بەڵام بۆم نەلواوە وا ئێستا لەدوتوێی ئەم چەند دێرەدا دەیخەمەڕوو، من لەدوای راپەڕینەوە ئەندامم لەرێکخراوەکەتانو ئەندامێکی دیارو بەرچاوی ناو هونەرمەندانم و سێ کۆنگرەتان ئەنجام داوە لەهەر سێ کۆنگرە ئەندامی کۆنگرە بوومو زیاتر لەپێنج ساڵ لێپرسراوی یەکێ لەلیژنەکانی یەکێتی هونەرمەندان بوم و نزیکەی چارەکە سەدەیەکە لەبواری شانۆدا بێ وچان و بە بەردەوامی کاردەکەم خاوەنی چەندین کاری هونەری نواندن و دەرهێنانم بەشداری زۆربەی فێستیڤاڵەکانی کوردستانم کردوە لەسلێمانی، هەولێر، دەربەندیخان، کەلار، کفری، چەمچەماڵ.. هتد.

لێرەوە دێمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمو ئەویش رێزلێنانەکەی هونەرمەندانە ئاوا رێز لەهونەرمەند دەگرن..؟؟

چەند مانگێک بەر لەئێستاو لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە دواتر سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان هاتە سەر شاشەو بەناوی رێکخراوەکەوە داوای لەسەرجەم هونەرمەندان کردو فۆرمیان بۆ پڕکردینەوە لەگەڵ بەڵگەنامەی کارە هونەریەکانمان دواتر درایە ئەنجومەنی باڵای هونەرمەندان،، لەهەموو دنیادا سیستمی رێکخراوو حیزب و کۆمەڵەو.. هتد لەسەر پایەکانی خوارەوە دروست ئەبێ.. بەڵام لەوڵاتی خۆمان ئەوەی بیری لێ نەکردێتەوە پایەکانی خوارەوەیە، ئەوەیش بەزەقی لەناو یەکێتی هونەرمەنداندا هەستی پێ دەکرێ کەسەرۆک و ئەنجومەنی باڵا خوارەوەی خۆیان نابینن و بیریشی لێ ناکەنەوە، بۆیە من لەخودی سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندان دەپرسم دوای پرۆسەی ئازادی عێراق سەردانی چەند قەزای کردوە بۆئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵێتەوە؟؟

دڵنیام لەوەی بەبیریدا نەهاتوە چونکە ئەگەر بەبیریدا بهاتبا هەڵبەتە رێزنامەکەی هونەرمەندان ئاوهای لێ بەسەر نەدەهات دیسانەوە دەپرسم بۆ ئەو هەموو ئیمتازو رێزلێنانە هەر خودی سەرۆکەکەو ئەندامانی دەوروبەری خۆی بگرێتەوە؟ دڵنیام لەوەی ئەوانە هەرکامێکیان ئەگەری دوو سێ جێگەی تر موچەیان هەیە.. دیسان دەپرسم توخوا خودی سەرۆکی هونەرمەندان ئاگای لێیە لەپێش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لیژنەیەک هەیە ماڵیان بەکۆڵیانەوەیە و بارەگایان نیە، دواتر لەدانیشتنێکم لەگەڵ سەرۆکی هونەرمەندان هەموو ئەوانەی باسم کردن خستیە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گوایە ئەوان لەبریارەکەیان پەشیمان بونەتەوە، بەراستی ئەم حکومەت و وڵاتەی ئێمە زۆر سەیرە، دنیای ئەمڕۆ گۆڕانی جەوهەری و کەلتوری و مەعریفی جوانی بەخۆوە بینیوە ئەوان هەموو شتەکان بەجوانی دەبینن و زۆر بەجوانیش مامەڵەی لەتەکدا دەکەن بەڵام لای خۆمان بەپێچەوانەوە.. بەهەرحاڵ ئەمە وانابێ حکومەت بریار دەرئەکاو دواتر لێی پەشیمان ئەبێتەوە، دەپرسم کەس زۆری لێ کردون بریار بدەن ئەوا بریارتان دا ئەی بۆ لێی پەشیمان ئەبنەوە؟ دواتر بەم کارە راستگۆی لەدەست نادەن؟ دەڵێم هەق وایە حکومەت چاوێ بەو بریارەدا بخشێنێتەوەو راستی بکاتەوە.لەکۆتاییدا دەڵێم..

ئەبێ بەخشندە مل کەچکا لەراست موچەخۆری خۆی
سوراحی سەر فرو دێنێ لەبۆ پیاڵە کەتێکا بۆی

تالب عەبدولکەریم مستەفا
لەهونەرمەندانی چەمچەماڵ

سەرۆکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان

سەلاح رەئوف بۆ ئەمەیان دەڵێ چی؟

ئاریان کامیل

زنجیرەی تەلەفزیۆنی ژاڵە کە لەساڵانی هەشتاکاندا بەرهەم هێنراوە و ئەمساڵیش لەدوای تەواوبوونی زنجیرەی گەرەلول جارێکی تر لەکەناڵی کوردسات بڵاوکرایەوە، تائێستاش بەزنجیرەیەکی سەرکەوتوو دادەنرێت و هەرجارێکیش بڵاوکرابێتەوە خەڵکی بەپەرۆشەوە سەیریان کردووە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئاوازی گۆرانی تایتڵی ئەو زنجیرەیە کەمامۆستا (سەلاح رەئوف) ئامادەی کردووەو بەدەنگی هونەرمەند (عەدنان کەریم) تۆمار کراوە، بەشێکی ئەو ئاوازە لەئاوازی گۆرانی (ببین)ی گۆرانیبێژی بەناوبانگی فارسی (داریوش) وەرگیراوە.

مامۆستا سەلاح لەوەرگرتنی ئەو بەشەی ئاوازی گۆرانیەکەی (داریوش) تەنانەت هیچ دەستکاریەکیشی لەدابەشکردنی مۆسیقاکەدا نەکردووەو هەر کە گوێ لەو گۆرانیە دەگری بەڕوونی بۆت ئاشکرا دەبێ، بەشێکی ئەو ئاوازە لەئاوازی گۆرانی تایتڵی زنجیرەی تەلەفزیۆنی (ژاڵە)دا بەکارهاتووە.

جارێکی ترئەوەی جێگای سەرنجە مامۆستا (سەلاح رەئوف) لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ ئەو بەرنامە راستەوخۆیی تایبەت بوو بە بەرنامەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەسەر زنجیرەی تەلەفزیۆنی "گەردەلول" کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادەی کردبوو، بەرێزی بەتوندی رەخنەی لەگۆرانیەکەی تایتڵی زنجیرەی تەلەفزیۆنی گەردەلول گرت و بەنەگونجاو لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو زنجیرەیەدا وەسفی کرد.

لەکۆتاییدا دەڵێم خۆزگە هونەرمەندی کورد ئەوەندە بەرهەمی هونەری وڵاتانی وەرنەئەگرت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی نەئەکردەوە، چونکە ئەم جۆرە کارانە بەتێپەربوونی کات هەرچەندە دوریش بێت هەر ئاشکرا دەبن. هەروا ئەم پەتای وەرگرتنی بەرهەمی میللەتانی دیکە لەناو هەندێک لەهونەرمەندانی کورد لەسەرجەم بوارەکاندا، زیانێکی گەورە بەهونەری میللەتەکەمان دەگەیەنێ و گیانی داهێنان دەکوژێت، ئەو هونەرمەندەیشی ئەم جۆرە کارانە دەکا رەنگە بۆ ماوەیەک بتوانێ خەڵکی بخەڵەتێنێ، بەڵام ئەم خەڵەتاندنە تاسەر نابێت.■

هونەرمەندی موزیکی سەلاح رەئوف

بەدواداچوونێک سەبارەت بەئەنفلۆنزای باڵندە

ئەنفلۆنزا چۆن سەرهەڵدەداو چۆن دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ؟

ئا/ سابیری سەندیکا

ئەنفلۆنزای باڵندە دیاردەیەکی کوشندەیەو کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر مرۆڤ.. خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی بەربڵاو لەسەر ئاستی جیهانداو مەترسی تەواوی بۆ دانیشتوان خولقاندووە.. زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوەو چەندین رووداوی مردنیشی لێ کەوتۆتەوە.. ئەم نەخۆشییە یەکێکە لەو ڤایرۆسەی کە لە باڵندەدایەو دەرەنجامی خراپ و مەترسی داری هەیە. بڵاوبوونەوەی لەهەر شوێنێکدا دەبێتە مەترسییەکی گەورە.. بۆ زیاتر ئاشنابوون و شارەزا لەم نەخۆشییە ئەم بەدواداچوونەمان سازدا:

سەرەتا سەردانی دکتۆر نەجمەدین حەسەن بەشی خۆپاراستنی ژینگەمان کرد لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەنفلۆنزای باڵندە وتی:

- ئەنفلۆنزای باڵندە.. وەک ناوەکەی بەخۆیەوەیە نەخۆشییەکەو ڤایرۆسییە.. لەباڵندەدا بڵاودەبێتەوە.. بەتایبەتی باڵندە کێوییەکان کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن.. لەوانیشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ باڵندەکانی تر.. نیشانەکانی ئەوەیە کە ئەو باڵندەیە ئاو بەچاوو لووت و دەنوکیدا دێتە خوارەوە.. هێلاکییەکی تەواو بەخۆیانەوە دەبینن.. ئەم جۆرە زۆر ترسناکە چونکە بەخێرایی دەگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤ.. زیاتریش ئەو کەسانەی کەمامەڵەیەکی تەواو لەگەڵ باڵندەدا دەکەن.. وەک ئەوانەی کە لەدەواجنەکاندا کاردەکەن.. یان ئەوانەی باڵندە بەخێو دەکەن.. زۆرجاریش ئەم ڤایرۆسە باڵندەکان توشی ریقنە سپیکەش دەکەن.

چاودێر: مەترسی لەسەر مرۆڤ چییە؟

دکتۆر نەجمەدین: گەر مرۆڤ توشی ئەو نەخۆشییە بوو لەوانەیە چاکبێتەوەو لەوانەشە چاکنەبێتەوە چونکە نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە.. زیاتر مەترسی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە مامەڵەی تەواو لەگەڵ باڵندەدا دەکەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ:
ئەنفلۆنزای باڵندە نەخۆشیەکی نێودەوڵەتییە

چاودێر: ئاخۆ ئەو نەخۆشییە سەرەتا لەچییەوە دروست بووە؟ چۆن سەری هەڵدا؟

دکتۆر نەجمەدین: قازی کێوی و باڵندەی کێوی هەن کە هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن.. کاتێ لای باڵندەکانی تری نێو کێڵگەکان دەنیشنەوە، یاخود لای باڵندە ماڵییەکان زۆر بەخێرایی ئەم ڤایرۆسە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوان.. ئەمانەش زۆر جۆریان هەیە.. بەڵام مەترسیدارترینیان "HNAtoo" یە.. هەندێکیش تووش دەبن بەڵام بەزوویی چاکدەبنەوە.

چاودێر: گواستنەوەی بۆ سەر مرۆڤ چۆنە؟

دکتۆر نەجمەدین: وەک وتمان ڤایرۆسی ئەم نەخۆشییە لەریقنەو ئاوی دەم و لوتیدایە کە هەڵگری نەخۆشییەکەن.. واتە بەنزیک بوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو باڵندانەدا تووش دەبن.. گەر باڵندەکەش بمرێت بەهەمان شێوە ڤایرۆسەکە دەگوێزرێتەوە.. وەک وتمان لەریقنەکەشدا هەیە.. گەر ئەو ریقنەیە بەرگیا بکەوێت.. تا سێ رۆژ ئەو ڤایرۆسە دەمێنێتەوە.

دکتۆرە جنان قاسم

چاودێر: دیاردەو زاهیدەکانی ئەو نەخۆشییە چییە بۆ ورریایی هاوڵاتیان؟

دکتۆر نەجمەدین: ئێمە داوا لەهاوڵاتیان دەکەین بەتایبەتی ئەوانەی لەکێڵگەی دەواجن ئیش دەکەن ئەو رێنماییانە رەچاو بکەن، کەزانیان باڵندەکانیان نەخۆشە لێی نزیک نەکەونەوەو دەستکێشی تایبەت لەدەست بکەن، هەروەها پێڵاوی تایبەت لەپێ بکەن ئاگاداری خۆیان بن ئەو جلانەی لەبەریاندایەکە دەچنەوە ماڵەوە دایکەنن تاکو ڤایرۆسەکە نەچێتە سەر لەشی مرۆڤ یان ئەوانەی باڵندە بەخێو دەکەن پێویستە ئاگاداربن کەباڵندەکەیان نەخۆش کەوت لەناو کێڵگەی پەلەوەردا وەکو دەواجن پێویستە ئەو شوێنانە زۆر پاک و خاوێن راگرن و ئەگەر هاتوو ڤایرۆسەکە بڵاوبووەوە دەست بەجێ دەستیان بەسابون بشۆن چونکە ئەو ڤایرۆسە لەکاتێکدا بەر لەشی مرۆڤ بکەوێت کەخۆی ششتەوە بەسابون ڤایرۆسەکە لادەچێت.

چاودێر: ئێوە چیتان کردوە بۆ خۆپاراستن لەئەنفلۆنزای باڵندە؟

دکتۆر نەجمەدین: ئیشە سەرەکییەکان کاری وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییە هەروەها سامان و دروستی ئاژەڵ ئێمە تەنسیقمان (هاوکاریمان) لەگەڵ ئەو لایەنانەدا هەیە ئەوانیش چاودێری زیاتریان خستۆتە سەر کێڵگەی دەواجن و ئەو کەسانەی کەپەلەوەر بەخێو دەکەن.

ئێستاش بەتەماین کێڵگەی بازیان بخەینەوە گەڕ وابەرەوتەواو بوونیش دەچێت ئەو کاتە لەبازاڕەکانی کوردستاندا واتە سنوری شاری سلێمانی کەس بۆی نییە پەلەوەر سەرببڕێت ئەمەش سەربڕینی مریشک و قەلوقازکەم دەکاتەوە.

دواتر سەردانی دکتۆرە (جنان قاسم) بریکاری وەزارەتی تەندروستیمان کرد لەوەڵامی چەند پرسیارێکدا وتی:

کاتێک ئەو نەخۆشیە ئەگەر رووبدا شوێنێکمان ئامادەکردووە بۆ نەخۆشی ئەمەش کۆمەڵێک شت پێویستە هەروەکو کوتان لەدژی ئەنفلۆنزای باڵندە. ئەو کوتانە لەدژی ئەو نەخۆشییە ئەوە بەرنامەی هاوبەشە لەنێوان ئێمەو هەولێرو بەغداد، ئێمە لیژانی هاوبەشمان هەیە کەپێکمانهێناوە نوێنەری پارێزگای سلێمانی تێدایەو وەزیری کشتوکاڵ و براەرانی بەیتەرییەو وەزارەتی ناوخۆو سلێمانیو

شەماڵ عەبدولوەفا

وەزارەتی تەندروستی:
ئێمە ئامادەباشی خۆمان کردووە

وەزیری تەندروستی سەرپەرشتی دەکا.

دوا بەدوای ئەمەش سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریمان کرد لەوبارەیەوە "شەماڵ عەبدولوەفا ئەحمەد) وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری وتی:-

چاودێر: ئەنفلۆنزای باڵندە بەچەند شێوە بڵاو دەبێتەوە.

شەماڵ عەبدولوەفا: لەرێگای پەلەوەرەوە لەدەواجینەکانەوە. لەدواییدا بۆ مرۆڤ دابەش دەبێ. تائێستا جۆری نەخۆشیەکە بەهۆی باڵندەی کۆچ بڵاودەبێتەوە. لەناو لەشی باڵندەی بەستوشدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر هەم لەرێگای ریقنەی باڵندەوە بۆ ماوەی (٧٢) کاژێر. هەندێک باڵندە هەڵیدەگرێ بەڵام پێی نامرێ وەکو (قاز و مراوی و قەل) بەڵام ئەوانی ترکە هەڵیدەگرن وەکو مریشکو باڵندەی کە کۆچ دەکەن قەل و قاز دەمرن.

چاودێر: ئەگەری توش بوونی هێلکەی مریشک هەیە.

شەماڵ عەبدولوەفا: ئەگەر مریشک پلەی کولانی نەچێتە پلەی (٧٠٪) ئەوە دەورو کاریگەری خۆی دەبێت ئەگەر لە ٧٠٪ بکوڵێت ئەوا ڤایرۆسەکە ناژیێت و نامێنێت بەڵام زانیاری وام نییە لەسەر هێلکەکەی.

د. نەجمەدین حەسەن: ئەنفلۆنزای باڵندە زیاتر مەترسی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە مامەڵەی تەواو لەگەڵ باڵندەدا دەکەن

چاودێر: ئایا ئەو نەخۆشییە ئەگەری توش بوونی لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر هەیە.

شەماڵ عەبدولوەفا: ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو خاڵە هەیە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئاسیا ئەگەر ئەو نەخۆشییە دەرکەوت بەسەر شتێک هەرکەسێک سەردانی بکات ئەوا ئەو نەخۆشییە دەگرێت بەڵام پسپۆرانی پزیشکی ئەو جۆرە (کەسە) بارمتە دەکەن بەمەبەستی چارەسەرکردن و لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆئەوەی زیاتر تەشەنە نەکات، ئەوەی راستی بێت هیچ زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبەردەستا نییە کە ئەم نەخۆشییە لەمرۆڤێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر.

چاودێر: کێن ئەو کەسانە ئەم نەخۆشییە دەیان گرێتەوە.

شەماڵ عەبدولوەفا: تەمەن مەرج نییە بۆ ئەوجۆرە نەخۆشییە، بەڵام زیاتر ئەوکەسانە تووش دەبن کەتەمەنیان لەسەر (٣٠) ساڵەوەیە لەبەرئەوە کاریگەری لەسەریان هەیەو بۆیە زیاتر تووشیان دەبێت هەروەها ئەوکەسانەی کەراوی باڵندە دەکەن کەنازانن کاتێ نێچیرەکە دەگرن یان دەکوژن ڤایرۆساویە یان نە، هەروەها ئەو کەسانە کەرۆژانە ئیشوکاری کێڵگەی پەلەوەر دەکەن وە ئەو کەسانەی کەباڵندە بەخێو دەکەن.

دکتۆر نەجمەدین حەسەن

ئەنجام:-

لەئەنجامی ئەم بەدواداچوونە رۆژنامەنووسیەدا گەیشتینە ئەو بیروڕایەی بڕێک یاخود چەند باڵندەیەک رۆڵی سەرەکی هەیە بۆ هەڵگری ئەو نەخۆشییە ڤایرۆسییە ئەو باڵندانە لەرێگەی لیکاویان و دەرهاویشتەی لووت و دەمیان دەردەچێت یاخود پاشەڕۆکانیان، لەو رووەوە بڵاو دەبێتەوەو تەشەنە دەکات لەکاتێکدا تێکەڵاوی باڵندەکان دەبن لەلایەکی ترەوە ئەو هەڵسوکەوت لەسەر کێڵگەی پەلەوەرەکان و بەخێوکردنی باڵندە کێوییەکان بەهۆی ریقنەی باڵندەکانیانەوە یاخود پەلەوەرەکانیان تەشەنە دەکاو بڵاو دەبێتەوە.■

قاچاخچیانی حاجی ئۆمەران لەنێوان ترس و مامەڵەدا

قاچاخچیەک: گەر پولمان پێنەبێت ئاسایش دەمانگرێت !

ئا: رزگار دەربەندی

گەران بەدوای بژێوی ژیان و باشترکردنی ئاستی گوزەران ئامانج و داخوازی نەبڕاوەی هەرتاکێکە لە ئێمە مانان، تەکان وجوڵەو کارکردن و رەنج دان بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤی هەوداڵ و گیرۆدە کردووە لەپێناو باشترکردنی ژیانێکی ئاسودەدا.

دەشێ لێرەو لەوێش گوێ بیستی ئەوە بووبین یابینیبێتمان کەرۆژانە بەدەیان کەس لەپێناوی مەیسەر کردنی پاروەنانێک کە چنگ کەوتنی زیاتر دەرامەت و پارە و پول ژیانیان کەوتۆتە بەرمەترسیەکانی هەڕەشەی مەرگ و لەناوچون، هەندێ جاریش بوونەتە قوربانی،دەکرێت بڵێین ئەم دیاردەیەش زیاتر لەکاتێکدا رویداوە کەسەوداو مامەڵە بەشێوەیەکی نایاسایی کراوە و رێگای سەخت و مەترسی دار بەکارهێنراوە لەوڵاتێک بۆ ولایەتێکی تر، بۆئاشنابونمان بەم شێوە بازرگانییە کەپێی دەڵێن (قاچاخچیەتی) گەشتێکی مەیدانی ناحیەی "حاجی ئۆمەران" سەربە "قەزای چۆمانی" سەر سنورمان کردو کۆمەڵە گەنجێکی کوردستانی رۆژهەڵاتمان لەمەڕ کارەکەیان دواند.

سەرەتا " (**لوقمان جایمەند**)ی قاچاخچی کەتەمەنی لە سەروی بیست و پێنج ساڵان دەبوو بەم جۆرە لەمەڕ کارەکەی دواو وتی: وەک باب و باپیرانم باسی لێوە دەکەن پێشینەی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆزیاتر لە (٧٠) حەفتا ساڵ لەمەوبەر، وەبەپێی گۆڕانکاریە ئابوریەکانیش کەلە عێراق و ئێران هاتوونەتەکایەوە هێنان و بردنی جۆری کەل و پەل و شت ومەکەکانیش گۆرانیان بەسەر داهاتووە.

ناوبراو ئاماژەشی دا بەوەی" ئەم شێوە بازرگانی کردنە قاچاخە تەنها لەم سنورە دانییە بگرە لەسنورەکانی ئێران و پاکستانیش دەکرێت بەڵام لەبەرئەوەی لەوێوە زیاتر مادەی بێ هۆشکەر دێتە نێو دەوڵەتی ئێران، هەمووکەس ناوێرێ و نایەوێ خۆی لەقەرەی ئەم کارە بدات ئەگەرچی قازانجێکی لەرادەبەدەری دەبێت.

سەبارەت بەهات و چونیان " ئەو چیایانەی ئێمە پیایاندا هاتووچۆی دەکەین شاخی سەر سنورن وئەمانەن " (چینی دۆڵەوێ، پەتک، بێ خەرج، کانالۆ، گەلیحاجی برایم).

لوقمان وتی " زیاتر کاروان چیانی (خانێ) دێنەوە ئەم رێگایانە وهاموشۆشمان تەنها بەشەو دەبێت، وەئاماژەی بەوەش کرد کە پێش هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی ئێران لەلایەن "پاژدارانەوە" ئاسانکاری زیاترمان بۆدەکرا بەڵام لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە رێگاکان زیاتر سەخت ومەترسی دارتربووینە،چونکە گەربمان گرن جگە لەوەی کەپوڵێکی زۆرمان لێدەسەنن،ئەوا پێشمان دەڵێن فەرموون بڕۆنە زیندانەوە.

(**رێبوار سەحرایی**) خەڵکی کاسورەدێی سەربە (پیران شەهر) سەبارەت بەجۆر و شێوەی ئەوکەل و پەلانەی دەیبەن و دەیهێنن ووتی "ئێمە لەئێرانەوە زیاتر بەبەتاڵی دێین، تەنها هەندێ جارنەبێت(جبس) لەگەڵ خۆمان دەهێنین، وە ئەو شتانەش کەدەیبەین ئەمانەن "(تەکەر، ئاسن، سیگار).

رێبوار ووتی "ئێمە کە بەپشتی ولاغەکانمان ئەم بارانە دەگوازینەوە تەنها کرێبار وەردەگرین بارەکان هی خۆمان نییەو خاوەنەکەی لە پیران شەهر چاوەروانمان دەبێت و ئەویش دەیان گوازێتەوە بۆ مهاباد و شارەکانی تری ئێران.

سەبارەت بە رێژەی ئەو پارەیەی کەلەبەرامبەر هەربارێک وەری دەگرن رێبوار سەحرایی ووتی "بۆ هەرکرێ بارێکیش (١٥٠٠٠) پانزە هەزار تومەن وەردەگرین کەدەکاتە بیست وپێج هەزاردیناری بریمەر.

سەبارەت بەوبڕە پارانەی لێیان وەردەگیرێت (**نەجات جایمەندی**) خەڵکی(خانێ)بەم جۆرە دوا "کاتێک کاروانەکانمان داخلی حاجی ئۆمەران دەبن، ئاسایشی هەرێم بەشی ئیقامەکارتی مۆڵەتی بیست و چوار کاتژمێریان بۆدەکات بەبڕی (٢٠٠٠) تومەن کەدەتوانین کارەکانی خۆمان لەو ماوەیەدا رێک بخەین وەلەبری ئەو شوێنەش کەتیایدا دەگیرسێینەوە (٥٠٠) تومەن دەدەین.

بەڵام ئەوەی زیاتر بەلای ئەم کۆمەڵە قاچاخچیەوە، جێگەی نیگەرانی بوو ئەو برەپارانە بوون کەلەچیاکان بەشێوەیەکی نایاسایی لێیان وەردەگیرێت، کاتێک لەمەڕ سەرچاوەی وەرگرەکان پرسیارمان لێکردن یەکێکیان بەناوی "(عەباسی باڵواغەی) دەڵێت ئەو کەسانەی سەربە (پ.د.ک)ی عێراقەو خەڵکی دەشتی بیتوێنە لەبەرامبەر هەر بارێکی ئاسن چوار هەزار تومەن، باری سیگاریش سێ هەزار تومەن وەردەگرێت و لەچیاکانی (دۆڵەوێ) بارەگای داناوە. سەرچاوەی دووەمیش گەریلاکانی(pkk)، کە پێگەکانیان لە کوێستانەکانی (کانیە کۆخەرەشێ) یان داناوە، لەبەرامبەر هەربارێک شەش هەزار تومەن وەردەگرن، وە لەمەڕ رێژەی ئەوسوارانەی رۆژانە دێنە حاجی ئۆمەران ناوبراو وتی " دەکرێت بڵێین ژمارەیان لەنێوان (٥٠-٥٠٠)سواردەبێت وئەم مەوداڵیک جیاوازەش دەگەڕێتەوە بۆ گەرمی بازاڕو هەڵومەرجی سیاسی و ئابوری.

شێوەیەکی تری ئەم قاچاخیە پێی دەڵێن(کرێ کۆڵی) واتە بردنی کەلوپەل و شتەکان بەکۆڵی کەسەکەخۆی، دیارەبۆئەم مەبەستە کاربەدەستانی ئێران لە(خانێ) کارتی ئازاد دەبەخشنە قاچاخچیەکان وبەبێ ئەوەی هیچ کێشەوگرفتێک بێتەبەردەمیان کارەکانی خۆیان مەیسەر دەکەن ئەو کەلوپەلانەی کەدەشێ بەن پێکهاتوون لەمانە(پۆشاک و مەوادی کارەبایی و شتی تریش)

هەروەک ئەم کۆمەڵە گەنجە باسیان لێوەکرد کۆڵە پشتی شێوەی قاچاخیش هەیەکە تەلەفزیۆنی لەجۆری (ڤیستێل، دایۆ، ئارچلیک، سامسۆنگ، بیکۆو ئێل جی) دەبەن، بردنی ئەم تەلەفزیۆنانەش بۆئێران وایکردووە، شەریکەی (شەهابی) لەتاران کەگەورەترین شەریکەی بەرهەم هێنەری تەلەفزیۆنە وەکو پێویست جۆری تەلەفزیۆنەکانی رەواجیان نەمێنێت، چونکە ئەو تەلەفزیۆنانەی لەکوردستانەوە بەقاچاخی دەچنە ئێران جۆرونرخیان زۆر گونجاوترە لەهی ئەوان.

ماوە بڵێین تاکە گلەیش کەقاچاخچیەکان دەریان بڕی لە ئاسایش بوو کەلەدەمی (نەجات) بیستمان ووتی "کاتێک دێینەحاجی ئۆمەران بۆهەر هەنگاوێک پێویستمان بە پولەو گەر پولیشمان پێنەبێت ئاسایش دەمان گرێت.■

L-6-11.qxd 11/20/2005 1:15 PM Page 1

لە باکورەوە

لە هەکاری ٢٠ کەس بریندار دەبن

دوابەدوای سەرهەڵدانی گەڤەرو شەمزینان لەئەنجامی رێپێوانی رێگەپێنەدراوی گروپێک راپەڕیو، هێزە ئەمنیەکان دەستیان تێوەرداو ئاژاوەی لێکەوتەوە.

لە پێکدادانەکەدا ٥ پۆلیس و ١٥کەسی دی بریندار بون. خەڵکی هەکاری رۆژی یەکەم دەستیاندایە داخستنی دوکانو بازاڕ. لەدولاوە گروپێکی ٥٠٠کەسی لە ناوەندی شاردا یەکیانگرتەوەو بەدروشمی "بژی سەرۆک ئاپۆ، ژیتەمی بکوژ دەبێ محاسبە بکرێت، با والی دەست لەکار بکێشێتەوە"

دەستیان بە رێپێوان کرد. بەرێوەبەرانی پارتی دیموکراسی گەلو بریکاری سەرۆکی شارەوانی، سەرەرای ئەوەی لێدوانی ئارامکەرەوەیان پێشکەشی خەڵکەکەکرد، دیسان رێپێوان بەردەوام بو. پۆلیس هێرشی کردە سەر جەماوەرو ئەوانیش هەویان بۆ کێشان. پۆلیس بۆ بڵاوەپێکردنی راپەڕیوان گازی بیبەری بەکارهێنا. راپەڕیوانیش پۆلیسیان بەردباران کرد. لەبەرئەوەی راپەڕیوان جادەکانیان داخست، خۆپیشاندان تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

پڵێتەی ئەم ئاژاوەیە لەشارۆچکەی شەمزینان هەلاییساو هەتاوەکو دوێنێش خۆپیشاندان درێژەی هەبو. لەئەنجامی خۆپیشاندانی گروپێک خوێندکاری ئامادەیی لەشاری گەڤەر سێ کەس گیانیان لەدەستدا. لەشارۆچکەی سروجی سەر بە ویلایەتی ئورفاش خۆپیشاندانێکی مەشخەڵدار بەرێوەچو.■

پێکدادان لە وان ٢کوژراو و ٤بریندار لێدەکەوێتەوە

Hürriyetim

رۆژی ١٥ی ئەم مانگە ژمارەیەک لەخەڵکی وان لەبەردەرگای پارتی دیموکرات DEHAP کۆبونەوەو سەبارەت بەتاوانەکانی شەمدینان کۆبونەوەی چاپەمەنیان ئەنجامدا. چەند رۆژ بەر لەم رودواوە دو کەسی سەر بەمیتی تورک دەیانەویست چەند خەڵکی بێتاوان بکوژن، خەڵک پێیان زانینو گرتنیان. بەڵام هێزە ئەمنیەکان لەدەست خەڵک رفاندیانن. خەڵکی وان دژ بەم کردەوەیە هێزەکانی پۆلیسیان بەردەباران کرد. لەم کاتەدا مودەریعەکی پۆلیس وەرگەڕاو خەسارێکی بەدوکانو بازار گەیاند. پۆلیس خەڵکی گازباران کرد، بەڵام خەڵکەکە ئاڵۆزتر بون. لەئەنجامی ئەم توندوتیژیەدا ٢کەس کوژرانو چوار کەسیش بەقورسی بریندار بون.■

کوژرانی سێ سەرباز

ZAMAN ONLINE

رۆژی ١٥ی ئەم مانگە لەسەر رێگەی گوندی "کۆچداغ"ی سەر بەناحیەی باشقەڵای وان، گروپێکی هێزەکانی ژاندارماکەوتنە کۆنترۆڵکردنی رێگاکە. لەم کاتەدا مینێکی لەدورەوە کۆنترۆڵکراو بەمەکینەکەیاندا تەقیەوەو لەئەنجامدا ئەفسەرێک بەناوی "رەمەزان" (ئەستەمبوڵ)و دو سەرباز بەناوەکانی فەرهاد ئەکیجی (ئەلازغ)و مستەفا دەمیر(ئەستەمبوڵ) کوژران. دوای ئەمە هێزە ئەمنیەکان بەهەرێمەکەدا بڵاوەیان کرد بەڵام بێ ئەنجام گەڕانەوە.■

ئەردۆغان داوا لەخەڵکی هەکاری دەکا خوێنسارد بن

ئا/ چاودێر

سەرەکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان سەبارەت بەرووداوەکانی ئەم دواییەی هەکاری، لەگەڵ ئەنجومەنی ناوەندی پارتەکەیدا کۆبونەوەیەکی نائاسایی بەست. لەکۆبونەوەکەدا ئەردۆغان بەتوندی روداوەکەی ئیدانە کرد "با هیچ کەس نەکەوێتە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی چالاکیە نائاساییەکان. وەکو سەرەک وەزیرانی کۆماری تورکیا دەبمە بەدواداچووی حەساسیەتەکانی رای گشتی وڵاتەکەم". هەروەها بەناراستەوخۆ سوپای رەخنەکرد "بێگومان تورکیا دەوڵەتێکی حقوقییە. لەبەرئەمەش بەهیچ کلۆج قبوڵ ناکرێ کەهەندێک لایەنی دەوڵەت کردەوەی دژی حقوقی ئەنجام بدەن". ئەوجا ئاماژەی بەئەنجامدەرانی کردەوەکانی شارەکانی هەکاری کرد "تاوانەکانی ئەم دواییە بەسەر کام لایەنی دەوڵەتدا ساخبێتەوە بێ دودڵی دادگایی دەکەینو لەهیچ کەسو لایەنێک سەرپێچی قبوڵ ناکەین. چیتر شێوازێکی ناحقوقی شایستەی وڵاتەکەمان نییە".

لەو کۆبونەوەیەدا ئاماژەی بەقەرەباڵغی میدیاکان کرد "با لەخۆرایی جارێ کەس تاوانبار نەکەین... تاوەکو لێپرسینەوەکان کۆتاییان پێدێت". ئەو پرسی رێکخستنی p.k.kی هێنایە گۆڕێ گوایە دەیەوێ ئەم هەلە وەقۆزێت "دەیانەوێت روداوەکانی ئەم دواییە بکەنە بەهانە بۆ بێمتمانە کردنی هێزە ئەمنیەکانمان". بە هاوڵاتیانی کوردیشی گوت "هاوڵاتییە خۆشەویستەکانم دڵنیا دەکەمەوە کەحەساسیەتیان لەگەڵدا بەشدەکەمو لەگەڵیان هاوەردم".

تانکەکانی سوپای تورک لە شەمزینان

ئەردۆغان: ئاگاداری کەشوهەوای تەمومژاوی بن

سەرەک وەزیران لەکۆبونەوە چاپەمەنیەکەیدا خەڵکی هەرێمەکەی ئاگادارکردەوە کە لەکاتی رێورەسمی ناشتنی تەرمەکاندا دان بەخۆیاندا بگرن.

ئەردۆغان وتی هەندێک لایەن ئەم روداوە دەکەنە بیانو بۆ ئەوەی تێکرای هێزە ئەمنیەکانی پێ رەش بکەن. رێکخراوی تیرۆر دەیەوێ کەڵک لەم هەلە وەربگرێتو کەشوهەوایەکی تەمومژاوی بخوڵقێنێ وبەم جۆرە متمانە بەهێزە ئەمنیەکانمان لەق بکاتو زەبر لە دەزگا حقوقیەکانمان بدات. لەکاتێکدا هەمولایەک دەزانن هێزە ئەمنیەکانمان بە چ فیداکاریو گیانبازیەک ئەمنی ئەم وڵاتە دەپارێزن. ئەردۆغان هەروەها داوای لە میدیاکان کرد کە وردو وریابنو ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانن سەردانی هەرێمەکە بکەن.■

شەمزینان؛ چالاکیەکی چەپەڵو نامۆ

گونەری جیڤائۆغلۆ

و: ئازاد رەئوف

تولگا شار ئاوا روداوی شەمزینان دەگێرێتەوە:

"تائەمداوییانەش شەمزینان ئەمنیترین شوێنی هەرێمەکە بوە. هەتا نیوەی شەو...هەندێک لەدوکانەکان کراوە بون. تەنانەت ئەوکەسانەش هەتا درەنگان لەدەرەوە پیاسەیان دەکرد. سەربەست دەگەڕان. پۆلیسەکان رۆژانی پشوش لەچایخانەکان بون. لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکەدا قسەیان دەکردو تاوڵەیان دەکرد. یەکینەکان لەکاتی خزمەتگوزاریدا بێ ترس دەگەڕانو ئەفسەرەکانیش بەپیادە لەنێوان ماڵو بنگەکانیاندا هاتوچۆیان دەکرد. بەکورتی لەشەمزینان هیچ گرژیەک روینەدابو.

بەمداوییە ئەگەر سەیری وێنەکانی شەمزینان بکەین... بەدەربازبونی کاتژمێر ١٦.٠٠کەشوهەوا ئاڵۆز دەبێو جادەکان پڕ دەبن لەکێشمەکێش. لەنێوان کارمەندانی دەوڵەتوخەڵکی هەرێمەکەدا خۆشەویستی جاران جێی خۆی دەداتە شکو گومان. نائەمنی گەیشتۆتە ئەوپەری خۆی. هەست بەرقوکین دەکرێت.

دەبێ بۆ رای گشتی رونکردنەوەی نوێ پێشکەشبکرێن.دەبێ هەموتاوانباران بێ جیاوازی بدرێنە دادگاوئەمجارە "داد" جێبەجێبکرێت. هەروەها پێویستە کاربەدەستە کۆنەکان بگۆڕدرێنو کاربەدەستی نوێ جێیان بگرنەوەو لاپەرەیەکی سپی بکەنەوە".

گوندیە کۆچەرو کۆچپێکراوەکانی شەمزینان لەهەرێمەکەیان نەچونەتە دەرەوە. جەماوەری ئەم دەڤەرە خۆ بەرێوەبەرەو بەشی خۆی ئارامیو سەقامگیری تێدا هەیە.

لەنێوان هێزە ئەمنیەکانو خەڵکی دەڤەرەکەدا بێمتمانەییو گرژی لەئارادا نیە. جا من لێرە.. دەپرسم: "گەلۆ بۆچی شەمزینان کراوەتە نیشانە؟".

لەکاتێکدا شاری وا هەن کە هەر دەم وەک بروسکە دەتەقنەوە بۆچی چالاکیەکی وا کە بۆنی "بیلانگێری" لێدێ لەشارێکی ئەمنو ئارامی وەکو شەمزیناندا جێبەجێدەکرێت؟

خاوەنی ئەوکتێبخانەیەی کە نارنجۆکەکانی تێ فرێدراون کۆنە ئەندامێکی pkkیە، بەڵام بەگوێرەی قسەی رۆژنامەنوسەکان کەسێک نەبووە کەیارمەتی پروپاگەندەو لوجیستی بگەیەنێتە pkk.



گونەری جیڤائۆغلۆ

دیارە هەر نیازێک کە ژیانی مرۆ بخاتە مەترسیەوە، خۆی لەخۆیدا زەبونیە. بەڵام ئەگەر تەنها لە لۆژیکی ئەم "چالاکیە" بکۆڵینەوە نازانین بۆچی ئەویان کردۆتە نیشانە. سەدانی وەک ئەوهەن.

دەنا خۆ پەیوەندیەکانی دەوڵەت تەنها بەموچەخۆرانو تۆمارکەرە رەسمیەکانەوە سنوردار نیە.

ئەگەری یەکەم لاواز دەنوێنێ.

ئەگەر ئاژاوە شەمزینان بگرێتەوەو شارێکی دی بخرێتە سەر شارە ئاشوبیە کانیتر، دەوڵەت چی قازانجێک لەم دۆخەوەر دەگرێت؟

تەواو بەپێچەوانەوە...هەر دەرواتە ئاژاوەی لەم بابەتە وەر دەگەرێتە پێکدادانی ئەتنیو ئەمەش دیارە دەرگای یەکێتی ئەوروپامان لێدادەخات.

بروانن وایلێهاتوە ئەم سیناریۆیە کە خەریکە دەبێتە شەری نێوخۆیی، بەرێوەبەرانی وڵاتی لێک هەڵدڕیوە لەسەر ئەوەی ئایە ئەمە دەوڵەت کردویەتی یا خودنا.

لەلایەکیتر... بەچاوێکیتر سەیری بکەین، ئەو بکەرانەی بەچالاکی وا تورکیا دەئاڵۆزێنن لەناو هێزە ئەمنیەکاندا وەکو داروەدەستەی "رابواردن" و دەستو پەیوەندی "چەتە" هەڵدەسورێنو حسابی وایان هەیە.

بەگوێرەی بۆچونی ئەمانە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا واتە: "خیانەت"و بۆ بەربەستکردنی چی لەدەستیان بێت دەیکەن.

هەندێکیشیان ملیتانی دارو دەرەستەی "سێوی سور"ی پیرۆزن.

هەندێکیش بەلێل بونی ئاو بروایان بە بەهێزکردنی خۆیان هەیە. ئەمانە لەپەیوەندیە شاراوەکانیانەوە بگرە تاوەکو قاچاقچێتیو بێهۆشکەرەکان حسابی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کردوە.

دیسان مرۆڤ ناتوانێ بەتێروپڕی رەوشی ئەمانە رونبکاتەوە:

چونکە.... سەردەستەی ئەم گروپە مارژینالانە، ئەوەندە سەری خۆیان ناخەنە قوماری ئەم چالاکیە نەگریسانەوە.

ئەمانە تەنانەت بیانەوێ لەجوگرافیای ژیانیانەوە بچنە شوێنێکی دیکە. فەرمانی هاتوچۆیان لەگیرفانی فەرماندەکانیاندایەو پێویستی بەئیمزای والی هەیە.

لەولاش.. ئەم چالاکیە بەگەورە لە قەڵەمدەدرێ بەڵام بەپێی زانیاری کەسانی ئاگادار، بەشێوەی "ناشی" ئەنجامیان داوە.

تەنانەت لێپرسینەوەکەشی نامۆیە. دو گومانبارەکەیتر گوایە ٢رۆژ پشویان دراوەتێو ئەوجا لێیانە پرسرێتەوە. وایە با کاتی لێپرسینەوەی هاوبەش بێت ئەوجا... ئێستا بەریان داون.

بەڵام لەناو کۆمەڵێک چەواشەکاریدا دانانی بنچینەی لۆژیک گەلێک درەنگە.■

گەڤەر خۆی بۆ رۆژێکی پڕ لەگرژی ئامادە دەکا

و. زریان رۆژهەڵاتی

تەرمی ئەو سێ کەسەی وا لەپێکدادانەکەی رۆژی سێ شەممەی رابردووی شارۆچکەی گەڤەری سەر بەهەکاری کوژران، ئەمرۆ بەخاک دەسپێردرێن. زیاتر لەهەزاران کەس بەشداری مەراسیمی ناشتنی ئەم تەرمانە دەبێت. بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵنێری دۆغان هێزی پۆلیسو کارمەندانی دەوڵەت لەسەر رێگەی خۆپیشاندەرانو بەشداربووانی ناشتنی تەرمەکان دوور دەخرێنەوە.

دوکاندارانی شارۆچکەی گەڤەر ئەمرۆش دەرگای دوکانەکانی خۆیانیان نەکردەوە. خەڵک ئەوە بۆ چەند رۆژێکە بەنیشانەی پرۆتێست کردنی دەوڵەت لەماڵەکانیان دەرناکەونو تەنیا بۆ کرینی نانو پێداویستی سەرەکی دەچنە بازارو بۆ پێداویستیەکانیتر چاوەرێی ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی شارەکە دەکەن. شایەنی باسە هەربەبۆنەی ئەم روداوانەوە ئەوە بۆ سێ رۆژ دەچێت کەقوتابخانەکانیش داخراون.

ئەردۆغان؛ ئاگاتان لەگەمەو پیلانەکان

Milliyet.com.tr

ئەو ئوتومبیلەی کە جەماوەری شەمزینان تیرۆریستەکانی سوپایان تێدا دەستگیر کرد

هەبێت"

رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا باسی ئەوەی کرد کەئەگەری ئەوە هەیە لەمەراسیمی نێژرانی تەرمەکاندا هەندێک دەستێوەردانی p.k.k دروست بێتو گوتی؛ "پێویستە هاوڵاتیان لەچالاکیەکانی خۆیاندا میانرەوی بکەن، چونکە تەنیا میانرەوی شایستەی تەرمی مردووانەو بەس، بۆیە من وەکو سەرۆک وەزیر تکاتان لێدەکەم کەئارام بنو میانرەوی نیشان بدەن".

سەرۆک وەزیران لەدوای کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتەکەی وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنوسانی دایەوەو لەوەڵامی پرسیاری؛ "گومانی ئەوە هەیە کەرووداوەکانو نائارامییەکانی گەڤەرو شەمزینانو جۆلەمێرگ دەربازی شارە گەورەکانیش ببن. ئێوە لەبەرامبەر ئەمەدا چۆن بیر دەکەنەوە؟" گوتی؛ "قسەکردن لەسەر ئەم شتانە لەم کاتەدا شتێکی هەڵەیە، ئێمە لەهەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەداین. هەمووماں پێکەوە ئەم گرفتە چارەسەر دەکەین. ئێوەش ئەگەر پرسیاری وەها بکەن، تەنیاو تەنیا خزمەتی ئەو لایەنانە دەکەن کەئارمانجی خراپیان هەیە. هیوادارین کەخەڵک بێدەنگی خۆی لەمەراسیمی سبەینێدا بپارێزێ. پێویستە خەڵکەکەمان میانرەوی بکات".■

ئەنقەرە هەڵەیە.. خەڵکی هەکاری چەکدارن!

سایگی ئۆزتورک

و/ چاودێر

والی هەکاری لەکاتی نرخاندنی روداوەکانی شەمزینانو گەڤەردا وتی روداوەکان بەوشێوەنین کە لە ئەنقەرەو ئەستەمبوڵەوە دیارە. لێرە هەرکەس چەکدارەو رێکخستنیش پشتیان دەگرێ.

هەرکەس چەکدارە

ئەردۆغان گوێربوین، والی هەکاری گوتی پەیتاپەیتا فەرمان بەهێزە ئەمنیەکان دەدەین کە لە بەرامبەر بەردەبارانی خەڵکدا تەقەنەکەن. بەڵام قەڵەباڵغی خەست وەک باران بەرد دەبارێنێ. مودرەعەیەکمان وەرگەڕاو سێ پۆلیسمان بون بەژێرەوە. لەبەرئەوەی راپەڕیوان چەکیان بەکارهێنا ئێمەش وەڵاممان دانەوە.

DEHAP چیبلێ

لێرەدا سەرۆکی بەلەدیەکانی پارتی دیموکراسی گەل DEHAPچی فەرمان بە خەڵک بدەن خەڵک ئەوە دەکەن. لەهەردولاوە تەقەدەکرێت.

سێ تانک

لەبەر روداوەکان داوامان لە وەزارەتی ناخۆکرد سێ تانکی ئاوپرژێنمان بۆ بنێرێ. هەروەها ٦٠ گاردی پۆلایمان بۆهاتوە. لەمەولاش هێزی تەقویەو ئامرازی ئەمنی کەمان بۆ دێ.

بەردەوام ئیخبار

بەردەوام ئیخبارمان بۆ دێت هێزەکانمان تا بەیانی نانون. ناچار پەلاماری هەندێک ماڵ دەدەین. دەڵێن لە نەخۆشخانەو شوێنە ئەمنیەکان دەدرێت بۆیە ناچارین وریابین.

دادوەری کۆمار لێمان ناپرسێت

لێرە پۆلیسو ژەندەرمەو خەڵکیش چەکدارن. هەرکەس تەقە لەیەک دەکات. کە باس دەکەین لە ئەنقەرە وادەزانن ترساوین.



راپەڕینی شەمزینان

ڕێکخستن خەڵک دەوروژێنێ

رێکخستن (پ.ک.ک) بە بێ سیم فەرمان بەخەڵک دەدات تەقە لەپۆلیسو ژەندەرمە بکەن. خەڵک پۆلیسێکی ئیستخباراتیان گرت ئەوەندەیان لێدا وریان کردبو. چەکو ناسنامەکەیان لێسەندو خۆشیان رفاند بەزۆر رزگاریبو.■

کەنیسەو زانست، چیرۆکی بەدحاڵیبوون

هاشم ساڵح

و. لەعەرەبییەوە/ دلێر محەمەد

بەشی یەکەم

لەو رووەوە کەفەندەمینتالیزمی مەسیحی کردی بەدرێژایی سێ سەدە، پێویستە لەسەر روناکبیرە ئەوروپیو ئەفریکیەکان، ئەو روناکبیرانەی داوای تێکشکاندنی پەرگیری ئاینیمان لێ دەکەن بزانن کە ئەم مەسەلەیە لەنێوان شەوو رۆژێکدا چارەسەر ناکرێت.

لەزانکۆکانی رۆژئاوادا پسپۆڕییەک هەیە کەپێی دەوترێت، زانستی بەراوردکردنی ئاینیەکان، کە لەوانەیە پێویستی بەوە بێت پسپۆڕییەکی تازەی بخرێتە سەر کە ئەویش بریتیە لە: زانستی بەراوردکاری ئوسولیەکان، چونکە لەواقعدا ئەوەی کەتوێژینەوە لەمێژووی سەلەفیەتی مەسیحی دا بکات لەرۆژئاوا، کەچۆن ئەم سەلەفیەتە سەرەتا لەچرکەساتی "گالیلۆ"وە تا ساتەوەختی "داروین" و دوای ئەم سەردەمەش، لەگەڵ رۆحی زانستی نوێ دا جەنگاوە، پاشان هەر ئەوکەسە چاوێک بەو بارودۆخەدا بخشێنێ کەهەنووکە لەجیهانی ئیسلامی دا لەئارادایە، هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی کەبڵێ: ئەم شەوە چەند لەشەوی رابردوو دەچێت: چونکە ترس لەزانستی نوێو دۆزینەوەکانی لەلای هەردوو شێوازەکەی سەلەفیەت هاوبەشە. لێرەوە رۆژئاوا مافی ئەوەی نییە کەبەچەقبەستنو دەمارگیری تاوانبارمان بکاتو ئەم دیاردەیەش کورتبکاتەوە بۆ ئیسلام، پاشان ئەوەش لەیاد بکات کە سەلەفیەتەکەی خۆی بەدرێژایی نزیکەی سێ سەد ساڵ کردی لەلایەکی تریشەوە پێویستە لەسەر ئێمەی روناکبیرانی نوێگەری دان بەمەترسی بابەتەکەدا بنێینو زۆر گاڵتە بەئوسولیەکان نەکەین گەر هەستان بەئەنجامدانی پەرچەکرداری توندوتیژ لەبەرامبەر زانستی نوێدا، چونکە لەواقعدا ئەستەمە لەسەر بیروباوەری سوننەتی لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەوە هەرس بکات، کەئەوروپا دوای دوو سەد ساڵ لەجەنگە ناوخۆیەکانو مشتومڕە توندەکان توانی هەرسی بکات.

ئەم قسەیە ئاراستەی سەرۆک بۆشو ئەو روناکبیرە ئەوروپیو ئەمریکیانە دەکرێت کەهانمان دەدەن بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک کەببێتە مایەی تێکشکاندنی پەرگیری ئایینی لەناوچەکەماندا. بێگومان ئەوان مافی ئەم داواکارییەیان هەیە بەتایبەتی پاش ئەوەی کەئەو هەموو کارە نارەواو تاوانکاریانە بەشێوەیەکی نەفامانە ئەنجامدات، بەڵام دەبێ بزانن کەئەم مەسەلەیە لەنێوان شەو رۆژێکدا چارەسەر ناکرێت. هیچ بەرپرسێکی عەرەبیش نییە، چەندە دەسەڵاتی گەورەش بێت، بتوانێ بەپێی بڕیارێک لەسەروو خۆیەوە سنور بۆ تەوژمی سەلەفی دابنێت. بێگومان بەرپرسی عەرەبی توانای هاندانی رەوتی دادپەروەرو ریفۆرم خوازی هەیە لەدژی رەوتی پەرگیر کەهەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات، لەرێگای گرتنەبەری هەندێ رێوشوێنو بریاری گونجاوەوە. بەڵام یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ماوەیەکی درێژخایەنی دەوێت وەک چۆن ئەزموونی ئەوروپی ئەمەی بۆ سەلماندوین. لێرەوە ئێمە داوا لەرۆژئاوا دەکەین کەبەهەمان شێوە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات: واتە داوای لێ دەکەین کەماوەیەکی پێویستو تەواومان بداتێ بۆئەوەی جەنگە دیالکتیکیە سەر شارەکەمان لەگەڵ تازەگەری دا بەرپا بکەین. دوای ئەمە دەتوانین ئاشتیو پێکەوە گونجان فەراهەم کەین لەنێوان کەلەپورە عەرەبیە ئیسلامیەکەماندا لەلایەکو، لەنێوان بەهاکانی مۆدێرنەتی زانستیو فەلسەفی لەلایەکی ترەوە. ئێمە ناتوانین سەردەمەکان بسوتێنینو ناشتوانین ئەم پێکەوە گونجاندنە مێژووییە بەیەکجار دەستەبەر بکەین. چونکە لەئێستادا ئێمە ئامادەباشیمان تێدا نییە بۆ ئەم کارانەو ناشتوانین بەسەریاندا زاڵبین. بەڵام ئەم قسەیە بۆ دەکەم؟ چونکە بەم دواییانە کتێبێکی گرنگم خوێندەوە. کە "جۆرج مینوا"ی پرۆفیسۆر نوسیبووی دەربارەی چیرۆکی ئەو ململانێ تۆقێنەرەی کە لەنێوان سەلەفیەتی مەسیحیو نوێگەریدا روویدا لەئەوروپا. ناوبراو ئەندامی ناوەندی نێودەوڵەتیە بۆ ئەو توێژینەوانەی کەچەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرن هەروەها "جۆرج مینوا" یەکێکە لەپرۆفیسۆرە فەرەنسیە مەزنەکان لەبواری توێژینەوەی هزرە ئاینیەکاندا. ناوبراو لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا، کە لەدوو بەرگی گەورە پێک هاتووە، هەڵوێستی کەنیسەی مەسیحیو ڤاتیکان لەبەرامبەر زانست دا، هەر لە "سان ئۆگەستین"ەوە، واتە لەسەدەی چوارەمی زایینییەوە تا سەر "گالیلۆ" لەسەدەی حەڤدەهەم دا دەخاتە روو. پاشان لەبەرگی دووەمی کتێبەکەدیا چیرۆکی ئەم ململانێیە لە "گالیلۆ" تا سەردەمی پاپای پێشوو "پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم" نمایش دەکات کەپاپای ناوبراو بەپێچەوانەی پاپاکانی پێش خۆی کە ئیدانەی دۆزینەوە زانستیە تازەکانیان دەکرد بەدرێژایی سەدەکان، ئەم پێشوازیان لێ دەکات. ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی داستانئامێزی یەکجار بەرزو باڵایە، کە ئەمڕۆ بە بەرچاومانەوە بەهەمان شێوە لەجیهانی ئیسلامی دا دووبارە دەبێتەوە لێرەوە لەوانەیە کارێکی سودمەند بێت بزانین ئەم جەنگە چۆن بەرێوەچووە لەجیهانی ئەوروپیدا، بۆئەوەی ئێمەش لەوەدا کەتایبەتە بەخۆمان وانەو پەندی لێوەربگرین. چونکە ئاشکرایە ئێمە ناتوانین لەو رووبەڕووبوونەوە نارەحەتە قوتاربین کە بەشێوەیەکی کتوپڕو یەکلاکەرەوە خۆی بەسەرماندا سەپاندووە. ئەوەی کەپێی دەڵێین رووبەڕووبونەوەی ئەستەمو یەکلاکەرەوەی خودی عەرەبی - ئیسلامی لەگەڵ خودی خۆیدا.

دانەری ئەم کتێبە لەسەرەتای بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەڵێت:

مانای چییە بەدرێژایی ئەو دوو سەد ساڵەی کەسەردەمی "قەدیس پۆڵس" لەسەردەمی پاپا پۆڵسی دووەم جیادەکاتەوە، ئەو هەموو ململانێو رەخنەگرتنو ئیدانەکردنانە روویاندا لەنێوان هەردوولایانەکەدا: لەبەرئەوەی یەکەمجار کەنیسە زانستی یۆنانیو ئەرستۆ تالیسی بەپاساوی ئەوەی کەزانستی فرە خوداییە "وپنی" رەتکردەوە، پاشان کەنیسە پاشگەزبێتەوەو بەدرێژایی سەدەکانی ناوەراست بەم زانستە رازی دەبێت، کاتێک کەقەدیس تۆمای ئەکوینی لەهەوڵەکەیدا دەاتە پێکەوە گونجاندنێکی سەرکەوتووی نێوان بیروباوەڕی ئایینیو فەلسەفەی ئەرستۆ تالیسی. ئەم حاڵەتە هەروا بەردەوام دەبێت تاکو سەردەمی دەرکەوتنی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ، ئیدی لەم سەردەمە بەدواوە جەنگە مەزنەکە بەرپا دەبێت لەنێوان ڤاتیکانو زانستی نوێ دا، کاتێک لەگەڵ هەموو دەرکەوتەکاندا زانستی نوێ دەڵێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە. پاشان گالیلۆ لەلایەن زانا لاهوتیە مەسیحیەکانەوە، وەک ئاشکرایە حوکم و سزای مەرگ دەدرێت، بەڵام گالیلۆ بەپەشیمانبوونەوە لەهەڵوێستەکەی، خۆی لەسزای مەرگ رزگار دەکات هەروەها سی ساڵ بەر لە "گالیلۆ" جۆردا نۆبرینۆ" نازانێت چۆن پاشگەز بێتەوە لەهەڵوێستەکانی، هەربۆیە تەکفیری دەکەنو زمانی دەبڕنو پاشان لەدالانە تاریکەکانی ڤاتیکاندا بەشێوازێکی تۆقێنەر دەیکوژن. پاش جەنگەکەی گالیلۆ جەنگێکی دیکە لەنێوان زاناکانو پیاوانی ئایینی دا بەرپا دەبێ دەربارەی تێگەیشتنی گەردیلەیی بۆ مادەو هەروەها لەمەڕ تێگەیشتنی میکانیکیانەی گەردوون، دوای ئەوەی کە "داروین" تیرە بەناوبانگەکەی دەربارەی پەرەسەندن بڵاودەکاتەوە، جەنگێکی توندتر لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا روودەدات پاشان "جۆرج مینوا: شان بەشانی ئەمانە دەڵێت: راستە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە هەمیشە ململانێ ئامێز نەبووە، لەبەرئەوەی کەنیسە بەردەوام بانگەشەی بۆ بوونی تەوافوق کردووە لەنێوان ئەقڵو ئیماندا، بەڵکو هەندێ جاریش ژمارەیەک لەزانا مەزنەکان هاتوونەتە دەرێو هاوکاریان لەپێشخستنی هەندێ لایەنی پسپۆڕی

زانستی دا کردووە، بەڵام ئەوە بەڕاستی دەمێنێتەوە کەزۆربەی کات پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە مل ملانێ ئامێزو شڵەژانی پێوە دیار بووە. تا دواجار لەسەدەی نۆزدەدا، لەسەدەی دۆزینەوەی زانستی مەزندا ئەم ململانێیە دەگاتە ترۆپکی خۆی هەربۆیە لەم سەردەمە بەدواوە کەنیسەی مەسیحی وەک قەڵای مەسیحیەتی لێ دێت کە لەهەموو لایەکەوە بەزانستی نوێ دەورە دراوە، لێرەوە کەنیسە لەبەرامبەر ئاسانترین مافەکانی زانستو لۆژیکدا، سازش لەهەڵوێستەکۆنو ناکۆکەکانی خۆی دەکات. بەدڵنیایی کەنیسە کاتێک کە بەدژایەتیکەری پێشکەوتنو بەدواکەوتوو تۆمەتبار دەکرێت، باجێکی گرانبەها دەداتو زۆربەی خەڵکی لەئەوروپا وازی لێ دەهێنن، تا ئەوکاتەی کەنیسەکان بەشێوەیەک نیمچەخاڵی لەئیمانداران دەمێننەوەو دەگۆڕێن بۆ هاوشێوەی مۆزەخانەکان. بەڵام کەنیسە دوای ساڵی (١٩٦٠) درکی بەمکارە کرد، کاتێک کەرازیبوو بەکرانەوە بەرووی زانستی تازەو رۆحی رۆشنگەریدا، بەم شێوەیە کەنیسە رەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی کە بەدرێژایی چەندین سەدە رتیدەکردەوە پاش ئەم وەرچەرخانە باڵی دۆگماو سەلەفی لەکەنیسە جیادەبنەوە، کەنیسە بەرەوچوون لەپرەنسیپە پیرۆزو ئەبەدییەکانی بیروباوەڕی مەسیحی تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەم باڵە لەرووی ژمارەوە باڵێکی لاواز بووو هیچ مەترسیەکی لەسەر رەوتی گشتی زۆرینە دروستنەکرد، کەبەدڵنیایی پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم بەر لەمردنیو بەم دواییانە پتر لەجارێک داوای لێبوردنی کرد لەئاست ئەو هەڵوێستە چەقبەستوانەدا کە کەنیسە لەبەرامبەر زانستی نوێ دا بەدرێژایی هەر سێ سەدەی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەهەم هەڵگریان بوو، هەروەها پاش تێپەڕبوونی پتر لەسێ سەد ساڵ لەسەر مەرگی گالیلۆدا، پاپای ناوبراو ئەو فتوایەی رەتکردەوە کە گالیلۆی پێ تەکفیر کرا بوو، پاشان پاپا یوحەننا بانگەشە بۆ دیالۆگ و هاوکاری دەکات لەنێوان پیاوانی ئایینی لەلایەکو زاناو رووناکبیرە عەلمانیەکان لەلایەکی ترەوە، ئەمەش هەڵوێستێکی کراوەو جوانەو گوزارشت لەئاستی ئەو پێگەیشتنە فیکریە دەکات کەبەم دواییانە مەسیحیەت پێی گەیشتووە، بەڵام چەندە خوێن رژاو، چەند جەنگ روویاندا بەرلەوەی کەمەسیحیەت بگاتە ئەم هەڵوێستە هاوسەنگو گونجاوەی ئێستایو دان بەرۆحی سەردەمی نوێو دەسکەوتەکانیدا بنێ؟.. لەساڵی (١٩٨٥) دا "جان ماری لۆستیجەر"ی مەترانی پاریس رایگەیاندو گوتی: "لەئێستادا هیچ کێشەیەک لەنێوان زانستو ئایین دا نییە، چونکە هەنووکە هەردووکیان دان بەیەکتریدا دەنێن، دوای ململانێو جەنگێکی درێژخایەن، بەڵام ناوبراو لەهەمان کتێبدا کەئەم قسەیەی تێدا کردووە، هەوڵ دەدات لەقەوارەی ئەو هەڵانە کەم بکاتەوە کەفەندەمینتالیزمی مەسیحی بۆ بەرگرتن لەزانستی نوێ و پەکخستنی ئەنجامی داون. بەڵکو هەتاکارەکە دەگاتە ئەندازەیەک کەبڵێ ناوەندی کەنیسە بنچینەی گەشەکردنی زانستی بەراوردکارییە!، ئەوە قسەیەکی هەڵەیەو ئەستەمە لەڕووی مێژووییەوە بسەلمێنرێ.. پاشان ناوبراو دەڵێ: نەخێر!، هەرگیز کەنیسە بەری لەڕێڕەوی زانست نەگرتووە.. تەماشای (باسکاڵ) بکەن، ئەو لەهەمان کاتدا ئیمانداریکی مەزنو زانایەکی گەورەش بوو، بەڵام (باسکاڵ) خۆی دەیگوت: "پاپارقی لەزاناکان بوو و لێیان دەترسا، چونکە ئەوان کوێرانە گوێڕایەڵی نەبوون!.." لێرەوە بەرگریکردن لەقسەکانی لوستیجەر" ئەستەمە، کەزۆرجار لەپاپایوحەننا پۆڵسی دووەم دەمارگیر تر دیارەو لەویش کراوەتر نییە بەڕووی حەقیقەتی بابەتی دا، لەڕاستیدا ئەستەمە لەسەر :لوستیجەر" دان بەو هەڵانەدا بنێ کە کەنیسە لەڕابردوودا ئەنجامی داون ئەوەش هەڵوێستێکە کەئێمە تێی دەگەین، چونکە رەخنە لەخودی خۆگرتن کارێکی نارەحەتو ئەستەمە، هەموو خەڵکیش ناتوانن پێی هەستن، هەر لەبەرئەمەش سوپاسی پاپایوحەننا پۆڵسی دووەم دەکەین لەسەر هەڵوێستە بوێرانەکەی.

خاڵێکی زۆر گرنگتر هەیە، ئەویش ئەوەیە کەمەسیحیەکان نەیاندەتوانی ئیمانو زانست پێکەوە بگونجێنن، گەر وازیان لەخوێندنەوەی حەرفی تێکستە پیرۆزەکانیان نەهێنایە. چونکە تەورات دەربارەی ئەسڵی پێکهاتنو دروستبوونی جیهان شتێک دەڵێ، زانستی سروشتی و فیزیکیش شتێکی دیکە دەڵێ. لەبەرئەوەی مەسیحیەکان لەسەدەکانی رابردوودا لەوەدا لاواز بوون، بەئازادی تێکستە دینیەکیان لێک بدەنەوە، یاخود لەبەرئەوەی توانای ئەوەیان نەبوو کەبەشێوەیەکی مەجازی بیخوێننەوە، بۆیە لەگەڵ زانستی نوێ دا تووشی پێکدادان دەبوون و رەتیان دەکردەوەو لەدژی دەجەنگان. لێرەوە ئاگایی مەسیحی دەچێتە ناو ئەو قەیرانە بەناوبانگو تۆقێنەرەوە، کەبە "قەیرانی ئاگایی ئەورووپی" ناودەبرێو نوسەری ئەم وتارەش لەسەر رووپەڕی لاپەرەکانی ئەم رۆژنامەیە "الشرق الاوسگ" چەندین وتاری لەم بارەیەوە نووسیوەوە. چونکە کەسی مەسیحی ئەورووپی بەدرێژایی سەدەکانی حەڤدەو هەژدە نۆزدەو هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا لەنێوان دوو هەڵوێستدا لەتەلزگەدا بوو: یان ئەوە راستە کە تێکستی ئایینی دەیڵێ، یان ئەوە راستە کەزانستی نوێ دەیڵێ. هەروەها لەبەرئەوەی کەسی مەسیحی ئەورووپی توانای ئەوەی نەبوو کەواز لەتێکستە پیرۆزەکەی بهێنێ، یان راستر چونکە نەیدەتوانی واز لەتەفسیری حەرفی بۆ تێکستی پیرۆز بهێنێ، توانای ئەوەی نەبوو بەوە رازی بێت کەزانستی سروشتی دەیگوت دەربارەی دروستبوونی گەردوونو سروشتی مادەو چۆنیەتی رەشەباو، باران و بەفرو.. هتد. بەڵام لەهەمان کاتدا هەستی بەوە کردبوو کەراڤەکردنە زانستیەکان لەئەقڵو لۆژیکەوە نزیکترن، چونکە لەسەر ئەزموون و سەرنج و تێبینی مەیدانی دامەزرابوون. لەگەڵ ئەمەشدا کەسی مەسیحی هێشتا لەوە دەترسا کە پەیڕەوی تەفسیری زانستی بکاتو بەم کارەش ئایینو ئیمانو رۆژی دوایی لەکیس بدات!. ئەمە هەڵوێستێکی یەکجار شەرم ئامێزبوو.■

سەرچاوە: سایتی هاشم ساڵح

مۆدێلەکانی دژایەتیکردن

(کردەی خۆکوژی وەک نمونە)

دەریا ناصح

..چی وا دەکات لەساتێکدا لەساتەکان ژیان بیر بچێتەوە، ئاخۆ چی وا دەکات کەژیان بەوهەموو گەورەییو پڕ دەرگایانەی خۆیەوە بخرێتە بری مەرگێکی خۆویست، ئایا دەبێ هیچ فەلسەفەیەک هەبێ لەودیو ژیانەوە کە لەژیان گەورەتر بێت، ئایا ئەمە راستە کە، (هەر کەسێک لەمرۆڤ، کەبووە ئەرککەر، لەپێناو هێشتنەوەی جوانیەکانو ژیاندایە؟)، ئایا جوانیەکانی ژیان لەچ ئایدیۆلۆژیایەک و لەچ بنەماو پرەنسیبێکدا کورت بونەتەوەو خراونەتە بری مەرگی مرۆڤ، چ ئیبراهیمێکی باڵا بەرزو چ زەکەریایەکی بەمشار بڕدراوەو چ نوحێکی کاپتنو چ موسایەکی ریش سپیو چ مەسیحێکی روخۆشو چ محەمەدێکی قورەیشی ئاینەکانیان ئەمانەی تێدا هاتووەو بەرهەمهێناوە؟ چ شافیعیەکی رەبەنو چ حەنەفەیەکی بێ رەنگو چ جەعفەرییەکی کزن شەرعیەتیان بەدژگەرایی مرۆڤو بوونە جوانەکەی داوە؟ دژگەرانی مرۆڤیش ماک ریشەی چ بیروباوەرێکی شەڕانگێزو تەتەریو وەحشیگەران.

ئایا بەڕاست هیچ کام لەعەقڵو شارستانیەتو فیکرو فەلسەفەیەک هەیە (لەڕاستیدا) دژی مرۆڤو مرۆڤایەتی بێتو ئالودە بێ بۆکوژاندنەوەی ژیانی مەخلوقێکی بەرێزکەناوی مرۆڤە؟

ئایا ئەوە باوەڕو مەبدەئو فەرمانی پیرۆزە کەحزبو دامەزراوەیەک لەنمونەی ئیسلامی سیاسیدا دنە دەدات کەرۆژانە بشتێنی بەمین چێنراو بخەنە پشت دواکەوتەکانیانو ژیانی خۆیانو چەندین مرۆڤی دیکە بخەنە بری مەرگ؟ (ئێمە وەک مرۆڤ قسە ئەکەین..)

بۆیە لەدەرەوەی ئینتمای نەتەوەییو نیشتمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو زمان فەرهەنگەوە، گەر ئەمانەشمان زۆر لەمەترسیدا نەبێت، ئەوا بەدڵ،یاییەوە هەمیشە هێزو رەشەبا تۆقێنەرەکانی تیرۆریزمو توندرەوی بەناو ئیسلامیەکان وا دەکەن کەمرۆڤایەتیمان لەمەترسیدا بێت.

بەدڵنیایەوە ئەوانبەرلەوەی لەپێناوی لەناوبردنو سرینەوەی ئینتمای نەتەوەییو سیاسیو فەرهەنگیماندا کاربکەن، کاردەکەن بۆکوشتنی بەها جوانەکانی ژیانی مرۆیی ئێمە.

ئەوان لەچەشناوچەشنایەتیەکی فرواندو لەنێو هێزە سیاسیو موخابەراتیەکاندا بەویستو نیازی جۆربەجۆر دەست بەکارن.

> **هەر ئایدیۆلۆژیایەک کاتێ بەتوندو تیژی مەرامی سیاسی خۆی دەچەسپێنێ، پەنا دەباتە بەر گۆڕینی مۆدێلی توندوتیژی**

مێژوی ئێجگار رەشو تاریکیان شایەتی ئەو راستیەن، دەمێک بەبیانوی تەهدیدی ئاینو جارێکی تر بەبیانوی مەترسی ئازادیو دیموکراسی بۆ سەر موقەدەساتی ئاینو جارێکی تر بەپاساوی شێواندنو تەشویهکردنی کلتوری کوردیو تەقاندنەوەی کەمالیاتو سالۆنەکان، جارێکی تر لەژێر دروشمی کوفرو ئیلحادو فسقوۆ فجورەوە هەڵکەندنی قەبرو دزینی روفاتی پیاوانی نەقشبەندی لەتەوێڵەو بیارە، ئەمانە تا گەیشت بەدواهەمین مۆدێلی وەحشیگەرانە کەکردەی خۆتەقاندنەوەو خۆکوژیو ئەوانیدی کوژیە.

لەدیدی کۆمەڵناسە سیایەکان هەر ئایدیۆ لۆژیایەک کاتێ بەتوندو تیژی مەرامی سیاسی خۆی دەچەسپێنێ، پەنا دەباتە بەر گۆڕینی مۆدێلی توندوتیژی وەک ئەوەی تۆزێک لەمەوبەر ئاماژەی پێدرا. ئەم مۆدێلە توندوتیژیەش پەنای بردۆتە بەر سودوەرگرتن لەتەکنۆلۆژیای سەردەمو بەکارهێنانی دواهەمین جۆری مەوادی تەقینەوەو بەکارهێنانی (GPRS) ی موخابەراتیو دەرزی (الحقنە)ی حەزکردن بەکردەی خۆکوژی.

لەراپۆرتێکی (دوا ویستگەی) ئایسلەند - دا، چەندین داوو دەرمانو دەرزی موخەدیرو مەوادی جۆراوجۆر باسکراوە کەباڵە تیرۆریزمیەکان سودی لێ وەردەگرن بۆ ئەو کەسانەیان کە ئامادەی دەکەن بۆ کاری خۆکوژی، تیایدا ئاماژە بەوەشکراوە کەئەو داوو دەرمانانە لەدامەزراوە مرۆڤدۆستیەکانەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤو ژیانی مرۆڤایەتی دروستکراوە، کەچی ئیسلامیە سیاسیە توندرەوەکان بەمەبەستی وەحشیگەریو مەرگدۆستی بەکاری دەهێنن بۆ مەرامی سیاسی خۆیانو وێنایەکی ئێجگار ناشرینو تۆقێنەریان بەخشیوەتە ئیسلام. لەڕاستیدا وایە، لەزەینی هیچ ئەوروپیەکو ئەمریکییەکو ئەفریقاییەکدا نیە کاتێ باسی قاعیدەو ئەنصار نەیات بەگوێیداو ناشرینیو قێزەونی ئیسلامی نەیاتە بەرچاو.

رەهەندێک لەو رەهەندانەی کەپرۆسەی خۆکوژی لەپشتەوەیە بریتیە لەترس لەگۆڕانوکولتوری هەبوو، کەلەترس لەسەر موقەدەس دروست بکات، بێگومان لەهەموو بنەما دینیەکاندا (چ لەنێو ئاینی جولەکەو چ مەسیح وچ ئیسلام) شتەهایەک هەن کەموقەدەسنو موقەدەس کراونو ئەشێ بۆ مەرامی سیاسی موقەدەس بکرێن.

کەدژو نامۆن بەهەر گۆڕانو کاریگەر بوونێک، بەڵام ئەوەی مەبەستە ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو مۆدێلی ئەم دژایەتیە لەگەڵ گۆڕانو کاریگەر بووندا لەشێوەو فۆرمو مەرجەعیەتو سیستمدا جیاواز بوونو کەرەسەو وەسائلی جۆربەجۆر بۆ ئەم دژایەتیە بەکارهێنراون، بۆ نمونە (ساڵانێک تێزاب کردن بەئافرەتو کوشتنی لاکۆڵانی چەپەکان، ساڵانێکی دیکە رومانەو نارنجۆک هەڵدانە ماڵەکانەوە، شەڕکردن لەبەرەکانی شەڕدا، فڕاندنی کەسایەتیە نائاینیەکانو کوشتنو ون کردنیان، .. .. پاشان دۆزینەوەی دواهەمین رێگاو پلان بۆ کاری خۆکوژی.

ئەمانە تەنها جۆراوجۆر بوونی ئەو مۆدێلەی دژایەتیکردنەیە بەجەستە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو دژایەتیکردنە لەشێوە جەستەییەکەوە بەرمە بنایەکی پێشینەتری هەیە کەگۆڕینی شێوازو مۆدێلەکانی دروستکردنی باوەڕی دۆگماییو فێندمینتالە، کەنەک رۆژهەڵات بەڵکو لەئێستەدا لەتەشەنەدایە بەرەو ئەوروپاو میدیاو جیهانی سەرقاڵ کردووەو هەرەشەکە فراوان بۆتەوە بۆ کۆی مرۆڤایەتی.■

L-7-10.qxd 11/20/2005 1:13 PM Page 1

شۆسته‌كان میعراجی ئه‌م شاعیره‌ن

وتووێژی تایبه‌تی "چاودێر" له‌گه‌ڵ شاعیرو وه‌رگێڕی ناسراوی ئێرانی عه‌لی سپانلوو

ئاماده‌كردنی: ئه‌حمه‌د ئه‌مانی

سیاسه‌ت وخه‌یاڵ و شیعر، سه‌رجه‌م ده‌بنه "محه‌مه‌د عه‌لی سپانلوو"،هه‌ڵبه‌ت ئه‌كرێ "پیپ"ێكی بۆن خۆشیشی پێ زیادبكه‌ین. پشتاوپشت تارانین و شاعیریش تاران بۆی زۆر شته وله‌وێدا له‌ماڵێكی بچوكوكی پڕله‌كتێب وتابلۆی نه‌قاشی، بێ خولیاوره‌نگی دێهات، تاق وته‌نیا ژیان به‌سه‌ر ده‌بات. گه‌رم وپڕله‌حه‌سره‌ت. هه‌رئه‌وه‌نده زانی كوردم وخه‌ڵكی سه‌قزم، وه‌ك ونبوویه‌ك بدۆزێته‌وه‌ده‌پرسێت: "خاتوومه‌ریه‌م... ده‌ناسی؟!" منیش ده‌پرسم: "بۆچی؟!". عاشقی خاتو مریه‌می سه‌قزی بووه و له ...



شاعیرو وه‌رگێڕی ناسراوی ئێرانی عه‌لی سپانلوو

دوایین كتێبی ئێوه ده‌رباره‌ی شیعری نوێی فارسییه، له‌سه‌ر دۆخی ئه‌م شیعره‌و به‌تایبه‌ت شاری یوونی بدوێن.

یانی وه‌ك بوودلێر هه‌وڵی ره‌سمی شاری تارانتان بوه...

له‌ئێراندا هه‌وڵو ته‌قالایه‌كی زۆر وه‌ك شیعره‌كانی ئێوه له‌هه‌موو ساتو ئاستێكی سیاسیو كولتوری له بۆ شاری كردنه‌وه‌و مۆدێرنبون دراوه به‌ڵام ئه‌م خواستو ویسته ...

باشه منیش له سه‌ر ئه‌م بڕوایه‌م، به‌ڵام له‌واقعدا ئه‌وشته‌ی كه ده‌بینرێ زاڵ بوونی ده‌نگێكه‌وبه‌س ...

بۆچی حزب و ئۆپۆزیسیۆنه ئێرانییه غه‌یره كوردییه‌كان له به‌رانبه‌ر كێشه‌كانی كوردستاندا بێده‌نگن؟

م.وریا

كوردستانی رۆژهه‌ڵات ئه‌م مه‌كۆی سه‌نگه‌رو خه‌باته هه‌ر له ده‌یه‌ی ٢٠ی سه‌ده‌ی رابردووه‌وه سه‌نگه‌رێ بووه دژ به داگیركه‌ران و دیكتاتۆرییه زاڵه‌كانی سه‌ر ئێران. هه‌ر له دیكتاتۆرییه‌تی په‌هله‌وییه‌وه بگره تا ده‌گاته ده‌سه‌لاتداری كۆنسێرڤاتی ئیسلامی.

به‌ڵام پاش روخانی رژێمی په‌هله‌وی و هاتنه سه‌ركاری حكوومه‌تی كۆماری ئیسلامی ئه‌م ناڕه‌زایه‌تیانه گوڕو تینێكی تایبه‌تی به‌ست، به شێوه‌یه‌ك كه ماوه‌یه‌كی نزیك به ده‌یه‌یه‌ك كوردستان ببوه سه‌نگه‌ری خه‌بات دژ به كۆماری ئیسلامی. هه‌ر له حیزبه چه‌په ئێرانییه‌كانه‌وه بگره تا حیزبه راستگه‌راكان هاتبوونه كوردستان و ئه‌م ...

حیزبی دیموكرات و چه‌ن حیزبێكی تردا (شوورای مقاومت ملی)یان دامه‌رزاند به‌و هیوایه‌ی كه به‌ره‌ڵستی كۆماری ئیسلامی ببنه‌وه ئه‌مه له حاڵێكدا بوو كه ئه‌وان هیچ باوه‌رێكیان به بزووتنه‌وه‌ی كوردستان نه‌بوو، به‌ڵام ده‌یانویست ئه‌م سه‌نگه‌ره له ده‌ست نه‌ده‌ن. به‌گشتی ده‌توانین بڵێین ...

پۆلین به‌ندی ده‌كا ئه‌و له‌م باره‌وه ده‌ڵێ: ناسیۆنالیزم وه‌ك دیارده‌یه‌كی سیاسی مێژوویی ده‌كرێ دوو مانا یان ٢ نیوه‌رۆكی لێك جیاوازو پێك ناكۆكی هه‌بێ كه به پێوه‌ندی له گه‌ڵ باروودۆخی بابه‌تی ده‌ركه‌وتنیداو به پێوه‌ندی له گه‌ڵ ئامانجه‌كانیدا، دیاری ده‌كرێ.

خۆیان ده‌خه‌نه گه‌ڕ بۆ به ئه‌نجام گه‌یشتنی دروشمی جیهانی كرێكاران. ئه‌مان له مێژوویاندا به چه‌ن شێوه هه‌ڵسوكه‌وتیان كردووه. هه‌ندێ لایه‌ن وه‌ك تووده‌و كۆمۆنیزمی كرێكاری چوونه‌ته خزمه‌تی شۆڤینیزمی باڵاده‌ستی فارسه‌وه. كاتی خۆشی حیزبی توده به پێی ئه‌وه‌ی كه ...

پزیسكی ئه‌ندێشه



توندوتیژی و كاریگه‌ری له‌سه‌ر خوێندكار

تاڤگه عه‌لی / توێژه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی

دیارده‌ی توندوتیژی دائه‌نرێت به‌یه‌كێك له‌و دیاردانه‌ی كه‌زۆرترین گرنگی پێ ئه‌درێت له‌لایه‌ن حكومیه جیاوازه‌كانه‌وه. به‌م جۆره پێناسه كراوه: بریتییه له‌به‌كارهێنانی ره‌فتارێكی ره‌ق و ناخۆش كه ئه‌بێته هۆی زیان گه‌یاندن به‌خوێندكار، جا له‌وانه‌یه ئه‌و زیانه جه‌سته‌یی بێت یاخود ده‌روونی له‌لایه‌ن پێكهاته‌ی مرۆیی خوێندنگه‌وه به‌رامبه‌ر به‌یه‌كتر به‌كاردێت واته (له‌لایه‌ن پێكهاته‌ی مرۆیی خوێندنگه‌وه به‌رامبه‌ر به‌یه‌كتر به‌كاردێت) له‌لایه‌ن به‌رێوه‌به‌رو مامۆستاوه ...

٣-پشت گوێ خستنی (الاهمال)

پێناسه ئه‌كرێت به‌جێبه‌جێنه‌كردنی ئاره‌زووه سه‌ره‌كییه‌كانی خوێندكار بۆ ماوه‌یه‌كی به‌رده‌وام، به‌شێوه‌یه‌كی مه‌به‌ستدار بێ یان بێ مه‌به‌ست.

٥-كاتێك قوتابی مافی خۆی پێ نادرێت ...



كۆنگره‌ی (خوێندكاران رزگاركه‌ن له توندوتیژی) - ئه‌مه‌ریكا

شێوه‌كانی توندوتیژی خوێندنگه و به‌كارهێنانی

ئه‌كرێت به‌سێ به‌شه‌وه:

١-توندوتیژیی جه‌سته‌یی:-

جیاوازیه‌كی زۆر نییه له‌نێوان ئه‌و پێناسانه‌دا كه لێكۆڵه‌ره‌كان كردوویانه بۆ توندوتیژی جه‌سته‌یی یان دیاری كردووه كه‌بریتییه له‌به‌كارهێنانی هێزی جه‌سته‌یی به‌شێوه‌یه‌كی مه‌به‌ستدار به‌رامبه‌ر به‌كه‌سانی تر به‌مه‌به‌ستی ئازاردانیان و گه‌یاندنی زیانی جه‌سته‌یی پێیان وه ئه‌مه‌ش پێی ده‌وترێت (Inflicted Injury) له‌كه‌داركردنی ئه‌ندامێك یان كه‌م ئه‌ندام كردنی ...

١-نا ئاشكرایی یاساو پێوه‌ره‌كانی خوێندنگه، وه سنوری نا ئاشكرا كه‌خوێندكار تیایدا ئه‌رك و مافی خۆی نازانێت، وه بینای خوێندنگه‌و قه‌ره‌باڵغی پۆله‌كان، وانه‌وتنه‌وه‌ی ناكاریگه‌رو ناخۆش كه‌پشت ئه‌به‌ستێ به‌رێگه‌ی كۆن و ته‌قلیدی ...

ه‌اوكات كتێبه‌كانی خوێندنی قوتابخانه‌یش، به‌تایبه‌ت به‌شی زانسته مرۆڤایه‌تیه‌كانی، كه ئه‌مری هیچ ناوو باسێكی كوردیان تێدا نییه، ئه‌وه پرسیارێكی گه‌وره‌ی له‌لا دروست كردم و هانی دام به‌دوای ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌دا بچم و وه‌ڵامه‌كه‌یم ده‌ستگیربێ ...

ن/ ئه‌ندێشه

L-8-9.qxd 11/20/2005 1:12 PM Page 1

هەڵبژاردن و ئایندەی دیموکراسی لەدیدی نوسەرانەوە

چاودێر/ تا چەند هەڵبژاردنەکانی عیراق ئاماژەو بەڵگەی گۆڕانکارین و دەکرێت بە دەروازەی دیموکراسی و ئازادی دابنرێت، لە کاتێکدا مێژووی ٨٠ساڵەی عیراق بریتی بووە لە دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم؟

وەڵام / وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە تا ئەو رادەیەی کە ئەبێت بزانین کە بۆ خۆی چەمکی (گۆڕان) لە عیراقدا ئەبێت بگۆڕدرێت و مەحکومە بە گۆڕانکاری بەتایبەتی ٨٠ ساڵە لە عیراقدا گۆڕان روو ئەدات بێئەوەی هیچ شتێکیش گۆڕابێت، کەواتە ئەبێت باوەڕ بەوە بهێنین کە گۆڕان بێتە ناو ژیانی تایبەتیمانەوەو وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسی تەماشای بکەین، ناوچەکەشمان ئەم ساڵانەی دوایی و پاش ١١ی سێپتەمبەر گۆڕانکاری جەوهەری بەخۆوە دی لە گۆڕینی بزوتنەوەو تەمبێکردنی دەوڵەتە شمولیەکانی وەکو ئەفغانستان و ...

چاودێر / بەڵام بۆ کورد ئەم دۆخە چۆن لە قازانجی هەڵئەسورێت لە کاتێکدا هێشتا وەکو پێویست فیدرالیەت و مافەکانی نەچەسپیون؟

وەڵام / دەتوانم ئەوە بڵێم چۆن دەنگی شیعەکان درزی تێکەوت بەخۆ جیاکردنەوەی ئەحمەد چەلەبی لە لیستی (الائتلاف العراق الموحد) کە ١٦ لایەنی شیعەن و تەنانەت سیستانیش پشتگیرییان ناکات و ئێستا جگە لەوەی کە سیستانیش خۆی بێدەنگ کردوە ئەحمەد چەلەبی لیستی (المؤتمر الوطنی العراقی) پێک هێناوە کە ٩ لایەنی شیعین و رەنگە ئەمەش بۆخۆی بە دەستلەپشتدانی ستراتیجە گەرمەکەی ئەمریکیەکان کرابێت بۆ تێکدان و پەرتکردنی دەنگەکانی شیعەو شێواندنی ئەو فەزایە، وەک چۆن گەرمایی ئەو ستراتیجەش گەشتە کوردستان بۆ پەرتکردنی دەنگەکانی کورد بە خۆجیاکردنەوەی یەککرتووی ئیسلامی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و رەنگە دەشێت ئەمە رای من بێت رەنگە هەڵەش بم بەڵام ترسی شەقامی کوردیە ناکرێت نەوترێت، کە سبەینێ ئەم دەنگانەی یەککرتوو ئۆتۆماتیکی بچێتە خزمەتی سوننەوە بۆ راستکردنەوەی ...

ڕۆژنامەنووس / ئاسۆعەبدوللەتیف مەولود
لە دایک بووی ساڵی ١٩٧٥- هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٩٥ ەوە تێکەڵ بە دنیای نوسین و ڕۆژنامەوانی بووە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنوسان و بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژە.. خاوەنی چەندین ووتارو لێکۆڵینەوەو بابەتی سیاسی و نێودەوڵەتییە.

ئەمە ئەگەر لە کولتوری شەرقیدا مانایەکی هەبێ بۆ دۆراندن و دانی پێدا بنێین، ئەو حیزبەی کە خاوەنی دووەم دەنگی شارەوانی و سێهەم دەنگی پەرلەمانی بوو ... تایبەتی خۆی بوو بۆ رەخنەگرتن و ... تەحەددا، وای لێهات هیچ هێزێ... ڕووبەڕووبونەوەو ئۆپۆزسیۆنگە... و شۆڕشگێری نەمێ... نارەزایەتیەکی گەورەشی خوڵقا... چووە ریزی حیـ... پاسیڤەکانی ... کوردییەوە!!

یەکگرتـ... دەخوازێت تۆڵەی ... مت بوون و لاوازی و ... بوونەی بکاتەوە و ... ئەو جەماوەرە تو... عاجزە بۆلای خ... ڕاکێشێتەوەو پەیامێکیش بدا... گوێی یەکێتی و پار... کە یەککرتوو هێ... خاوەنی ترس... موفاجەئەیەو ئەتو... کارتەکانی دەستی بەکار بهێنێت، بیانوی جیابوونەوەشی لە هاوپەیمانی کوردستانی گوایە گەندەڵی هەیەو ئەمان خۆیان بەو جیاکاریە لەو گەندەڵیە رائەپسکێنن، هەرچەندە ئەوەش مافێکی ئاسایی خۆیانەو رەنگە ئەگەر بێ دەستێوەردانی ئەملاولا بروات وگرەوی لەسەر نەکرێت لەلایەن سوننەکانەوە، فەزای کوردی جوانتر بکات بەڵام ترسناکترین کارت ئەو کارتەیە یەککرتوو بەنەفەسی سوننەیەکی ئیخوانی و عیراقییەوە بێتە ناو گەمەی هەڵبژاردن و دەستەکانی خۆی درێژ بکات بۆ ئەو گروپە ترسناکانەی سوننە کە دەشێت زۆرێک لە گەراکانی تیرۆرو خەونی زیندوکردنەوەی بەعسیزم لەژێر پەچەو عەمامەکەیاندا حەشار درابێت، کە ئەمە رەنگە سەرەتای تراژیدیایەکی گەورە بێت، بە ئاراستەی تێکدانی فەزای کوردی و کالکردنەوەی سنوری جیۆسیاسی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و تۆخکردنەوەی سنورە گشتیەکەی عەرەب و خەونی ناسیۆنالیزمی عروبە لە عیراقدا.

چاودێر / یەکێک لە راستیەکانی راپرسی دەستوور لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ لە کوردستان بەشدارینەکردنی وەکو پێویستی گەنجان بوو، بەرای ئێوە هۆکارە سەرەکیەکانی کەمی بەشداری رێژەی گەنجان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکاندا چییە؟

وەڵام/بێگومان کاتێ گەنج ناچێ بۆ دەنگدان لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا مانای کاڵبونەوەی ئینتمایەکە کە ئەم نەوە تازەیە نایەوێت هەڵگری بێت، ئەبێت ئەوەش بزانین نابێت ئێمە مۆری خیانەت یان نیشتمانپەروەری بدەین لە تەوێڵی کەسی دەنگدەر یان دەنگ نەدەر چونکە بۆخۆی ئەمڕۆ لە جیهاندا پرۆسەکانی دەنگدان بازاریان کزەو لە وولاتێکی وەکو ئەمریکادا رێژەی دەنگدان یان ئینتمای شەعبی ئەمریکی بۆ دەنگدان نزیک نابێتەوە لە ٥٠٪، بەڵام بۆ کورد دۆخەکە جیاوازترەو مافەکان وەکو پێویست نەچەسپیون.

لێرەوە چوون بۆ دەنگدان دەشێت بۆ گێڕانەوەی حورمەت بێت بۆ تاکی کوردی کە بەعس بەهەموو هەوڵی لەکۆششدا بوو بۆ بێحورمەتکردنی تاکی کوردی و یادەوەری کوردیی، هەرچەند دەنگدانیش وەک هەر یەک لە ماف و ئەرکە گشتیەکان تاک ئازادە لە بڕیارداندا و دەشێت دەنگ نەخەرو بەڵێ هەردوکیان مەعریفەیەکیان لە پشت بێت بۆ گۆڕانکاری و ناشبێت ئەوەندە ئێمە لە زەنگی نەخێرەکان بترسین و بگرە ئێمە ئەبێت لە کوردستان و عیراقیشدا کولتوری نەخێر گەورە بکەین کە ئەم چەمکە غائیبە لە دنیای ئێمەدا و ئەوەی کە نەخێرێک پێمان ئەڵێ سەد بەڵێ شوێنی ناگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کوردستان راستەوخۆ پەیوەستە بە چەند رەهەندێکی سەرەکیەوە کە دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆی لێ غافڵ نەکات، کەیەکەمیان ئەوەیە کە نەوەیەک دروست بووە ئەساسەن باوەڕی بە عیراق نییە، ...

> **زۆر گرنگە کە کورد ئەمجارەیان بەشدارییەکی ئەکتیڤ بکات لەم پرۆسەیەدا، چونکە سەرەتا تازەکەی عیراق لێرەوە دروست ئەبێت کە ماوەی ئینتیقالی نامێنێ و دەوڵەتی چەسپاوی جێگیر دروست ئەبێت**

> **ئێستا کۆمەڵە دەرکەوتێک هەن کە دەشێت پێیان بووترێت (دەرکەوت)ی دیموکراسی کە یەک لەو دەرکەوتانە میکانیزمەکانی هەڵبژاردنە کە ماوەیەکە لە عیراقدا وەکو پرەنسیپێک کاری لەسەر ئەکرێت**

لاوازکردنی ئەو هەژموونە مەزهەبسالاریە مەغرورەی شیعەکان کە ماوەیەکە لە سەر دەستی هێزە باڵادەستەکانیان پێراکێشی و سنور بەزاندنێکی تەواویان کردوە بە نەزەری ئەمریکیەکان، هەر بۆیە ئەمریکیەکان نایانەوێت ئەمە بۆ شیعە بچێتە سەرو بۆ ئەم مەبەستەش تاکە خیارو تاکە فشارکە وەک کارتێکی سیاسی فرەی بدەنە گۆڕەپانەکەوە پرسی بەشدارپێکردنی چالاکانەی سوننەی عیراقە ئەگەرچی گوتاری ئەمانیش یەک نین و چەند باڵ و بیرکردنەوەیەکی جیان.

بەرەبرینێکی تر هێنانەوەی سوننەی لادراوو عاجزبوی دوای ٩ی نیسان بۆ ناو پرۆسەکانی دەنگدان و بەشداریکردنی دیموکراسیانە کە بەتەواوی ئەم پەراوێزبوونە بەڵانسی هێزو سەرکەوتنەکانی ئەمریکای لە عیراقدا لاوازکرد، بۆکەمکردنەوەی ئەو قەهرو تووڕەبوونەی هەندێ لە سوننەکانە دژ بە ئەمریکیەکان کە بە تیرۆرو کوشتنی ئەمریکی و سەربرینی بێگانەکان گوزارشتیان لێ ئەکرد، کە بەراستی ئەمریکاشیان بە هیلاکدا بردبوو، ...

ئەمریکیەکان ئێستا خاوەنی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەورەن و ئیشکردن لەسەر ئەم پرۆژەیەشدا ئیشکردنە لە ناو بەشێکی فراوانی جەستەیەکی جیۆ سیاسیدا کە پێی ئەوترێت نیشتیمانی عەرەبی و کەنداو کە زۆرینەیان سوننە مەزهەبن و هاوسۆزن بە سوننەکەمینەکەی عیراق و هەر عاجزبوونێکی ...

وەڵام / بەو پێیەی کە ئەمجارەیان جیا لە هەڵبژاردنی ٣٠کانونی دووەمی ٢٠٠٥ کە سوننەکان (مقاطعه) بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد و بەم هەڵوێستەش ئاست و کێرڤی کووشتن و تەقینەوەو یاخیبونەکان لە عیراقدا زیادی کرد، سوننە بە داڕێژەری یاخیبوونەکان و داڕێژەری ئانارشیزم و تەقینەوەکان دا ئەنرێت کە زیمامی حوکمیان لێ سەندرایەوەو بەتەواوی پەراوێزخران، کاتێ سوننەکان بە سەنگێکی سیاسی و برواییەکی ئاینی و ئەرکێکی قیامەتی و شەرعیەوە بەشداری ئەکەن لە هەڵبژاردنەکانی ١٥ دیسەمبەری ٢٠٠٥ بۆخۆی ئاماژەیەکی تازەو پۆزەتیڤە بە ئاراستەیەکی جیاوازتر لە رابردوو، کە دەشێت ئەم هەنگاوەی سوننەکان زادەی ئیشکردنی شاقولیانەی ستراتیجی ئەمریکیەکان بێت کە ئێستا خوازیاری هاوسەنگکردنەوەی ...

چاودێر / ئایا هاتنی سوننەی عەرەب بۆ ناو پرۆسەی هەڵبژاردن چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە عیراق و کوردستاندا؟

بەڵام بۆ جێبەجێ نەکرا؟ دواتر تالایوی لۆزان و پاشان بەڵێنەکانی سەردەمی پاشایەتی تا سەردەمی قاسم و عارفەکان و کۆدێتای بەعسیەکان و تا بە نوسینی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عیراق کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیماناندا نوسراو تائێستاش بەندە نوسراوەکانی ناوی جێبەجێ نەبوە وەکو ماددەی ٥٨ ی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک ئەمە کۆمەکمان ناکات تا بەهۆشیارییەوە لەو ئایندەیەمان بروانین و چیتر نەکەوینە هەڵەی مێژوویی زەقەوە؟

دووەم: بەراستی ئەگەر پەنجەی لە سەر دابنێین ئەو گەندەڵییەیە کە لە سەر ئاستی هەموو عیراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەت هەیە، ئومێدیش بۆ بنەبرکردنی لاوازەو خزمەتگوزاریەکان کەمن وە گەنج لێرەدا ...

ئەوئەوترسانە بیەستێتەوە بە هەڵبژاردنەوە کە ڕەنگە دنیایەک تەلاعوب و فێڵی تێدابێت، دەکرێت هەر لێرەشدا بپرسین گرانت چییە بۆ ئەو دەستورەی نوسیمان؟ کە ئەم حکومەتە تازەیەی پاش ١٥ ی دیسەمبەر جێبەجێی بکات و پشتگوێی نەخات؟ یان ئەبێتە چەتری ...

دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی پاکسازیکردنەکەی دیوانی چاودێری دارایی

دەبێ حکومەتی هەرێم چی بکات؟

مەم بورهان قانع

مانشێتی ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی چاودێر لەژێر ناوی "پاکسازیکردنی (٨٠) شارەزاو بەڕێوەبەری گشتی" بڵاوکرایەوە کە هەواڵێکی گرنگی لەخۆگرتبوو سەبارەت بە ڕاپۆرتێکی نزیکەی مانگو نیوێک لەمەوبەر کە لەلایەن سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری دارایی و بەئیمزای سەرۆکی دیوان، بە "نهێنی" ئاراستەی نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە لە سلێمانی..

دەخوازم لەمبارەیەوە چەند سەرنجێک بخەمە ڕوو..

"چاودێر" و هەقی زانین

دەسکەوتێکی گەورەیە کە "چاودێر" توانی ئەو بەڵگەنامەیە ببینێ و بڵاویبکاتەوە و هەندێ لەلایەنەکانی گەندەڵی بخاتە ڕوو کە بەرایگشتییەوە هەیە، و بڵاوکردنەوەیان خزمەتی مافی هەقیزانین دەکا، یاخود بێدەنگبوون لەبڵاوکردنەوەیان، لەکاتێکدا ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە خزمەتی مافی هەقی زانین ناکا، و ئەمەیش وایکردووە ئەم ...

چەند سەرنجێ لەسەر مدیر تنفیذي، بۆیە باشترە لەهەر وەزارەتێکەوە وەک داواکراوە پیاچوونەوە بکرێ و بڕیارێک لەئەنجومەنەوە بدرێ.. لەگەڵ ڕێزدا".

ئەوە هامشی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی حکومەتە کە لەسەر ئەو کیتابە ڕەسمییە بۆ سەرۆکی حکومەتی بەرزکردووەتەوە.

بەڵگەنامەیە (بەهۆی نەبوونی شەفافیەت لەهەرێمەکەماندا) دوای زیاتر لەمانگێک تێپەڕبوون بەسەریدا، ئینجا بڵاوەکرێتەوە، ولەکاتی بڵاوکردنەوەیشیدا کە زیاتر لەمانگێکی بەسەردا تێپەڕیووە، هیچ ئیجرائاتێکی ئیداری حکومی ئاشکرانەبووە، سەبارەت بەهەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سەرخستنی هەڵمەتی ...

ئیدارەی سلێمانی کە لەچەند ژمارەی پێشووی "چاودێر"دا بڵاوکرایەوە، و بەندە سازیکردبوو، و تیایدا سەرباری ئەوەی ڕاشکاوانە گلەیی دەکا لەبوونی گەندەڵی لەنێو حکومەتی هەرێمدا، ڕەخنەی ئەوەیش ...



هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان

ژمارە: ٢٩٠
بەروار: ٢٠٠٥/١٠/٦
بەرامبەر: / / ٢٧٠٥ ک

﴿ نهێنی ﴾

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / نووسینگەی تایبەتی سەرۆک

بابەت / ڕاپۆرت

لەسەر داواکاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاوپێچ ڕاپۆرتی چاودێری داراییمان، بەرز دەکەینەوە. بۆتان کە تایبەتە بە بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٩) لە ٢٠٠١/٤/٢٧ تایبەت بە پلە وەزیفیەکانی (ڕاوێژکار ، بەڕێوەبەری گشتی ، شارەزا) ، وە هەروەها بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(٢٢٨ ، ٢١٦ ، ٢٩٤) لە (٢٠٠٤/٦/١٤ ، ٢٠٠٥/٤/٢٨ ، ٢٠٠٥/٥/٣٠) تایبەت بە ناونیشانی(یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی) لە هەموو وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەت لە پێشەوەیاندا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز ، تکایە فەرمان بدەن بە پێداچوونەوەی پێدانی ئەو ناونیشانانە بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە بڕیارەکاندا هاتووە ، چونکە لادان و خروقاتێکی زۆر هەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتەوە لەسەر ئەو بڕیارانە کە لە ڕاپۆرتەکەدا دەست نیشان کراوە .

لەگەڵ ڕێزماندا .....

جلال عمر سام آغا
سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی

ئەرکی ڕاگەیاندن لەهەرەمی پاکسازیدا

بەرپرسیارێتیی حکومەت

... پرسیار ئەوەیە: بۆچی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەیە دواکەوتووە و کێیش لەو کارە، ئەگەر بشێ ناوی بنێین گەندەڵی؟ هەڵبەت جێگەی نیگەرانییە ئەو پاکسازیکردن، هەروەک چۆن وەک دروشم هەڵیگرتووە، و ئەم ڕەخنەیەیشم دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەکە بەسەر چاوپێکەوتنێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی ...

لەسەر بەڕێوەبەری گشتی، و ڕاوێژکارو شارەزاو بڕیارەکانی (٢٢٨، ٢١٦، ٢٩٦) لە (٢٠٠٤/٦/١٤، ٢٠٠٥/٤/٢٨، ٢٠٠٥/٥/٣٠) بەنیسبەت جێگری بەڕێوەبەری گشتی و ...

کە لەژێر سێبەری حزبەکاندایە، و سیاسەتی ڕاگەیاندنی داخراویان پەیڕەوکردووە کە پەردەپۆشکردنی بەڵگەنامەو هەموو ئەو بابەتە هەستیارانەیە کە پەیوەندییان ...

دامەزراوە پسپۆڕەکانی حکومەت بۆ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی.

وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەی پێشوو بەوجۆرە دەدەمەوە: ئەوە حکومەتە ...

بەپلەی یەکەم کە بەرپرسیارە لەخەوشەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتە، نەوەک ئەو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتی و بەناو شارەزایانەی مەرجی یاساییان بۆ ئەو پلانە تێدانییە، هەر بۆ ئەوەی حکومەت لەو بەرپرسیارێتییە دەربچێت، جارێکی تر ئەوەی لەئەستۆیە ئەو کێشەیە چارەسەربکاو بۆ ڕایگشتیشی بڵاوبکاتەوە، و بەستخۆشیش لە ڕۆژنامەی "چاودێر" بکات لەهاوکاریکردنی و خستنەڕووی ئەو ڕاپۆرتە بۆ ڕایگشتی، و حکومەت بخاتە بەر تیشکی ڕوناکی، و شەفافیەت لەرووی ئیداری، دارایی، و.. یەوە بۆ ڕایگشتی ئاشکرابکات.

ئەنجام

دواجار رووی پرسیارم لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمە.. هەروەک چۆن دوێنێ ...

سەبارەت بەئەگەری گۆڕینی ئاوی روباری سیروان بۆ ئەهوازو ئەبادان

جەزا تۆفیق تاڵب (پسپۆڕی جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی):

کاریگەری بەسەر ئاسایشی دیمۆگرافی و ئابوری دەبێ و پێویستە لەڕێگای وەزارەتی دەرەوە تەدەخول بکرێ

سازکردنی: پامێر

لەماوەی رابردوودا هەندێ هەواڵ بڵاوکرانەوە سەبارەت بە دروستکردنی تونێلێک بۆ گۆڕینی ئاوی روباری "سیروان" کە دەڕژێتە دەریاچەی "دەربەندیخان" بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ئاوەکە بچێتە سەر روباری ...

روباری سیروان بەرەو هەرێمی کوردستان و ناوچەی دەربەندیخان بڕوات، ئەمە لەچەند روانگەیەکەوە مەترسی دەبێ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و لەنێو ئاسایشی نەتەوەییشدا مەترسی دەبێ بۆ سەر ئاسایشی ئابوری، ...

جەزا تۆفیق تاڵب (پسپۆڕی جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی)

سیروانیش زیانی گەورەی دەبێ و دواجار کاریگەری بەسەر ئاسایشی دیمۆگرافی و ئابوری ناوچەکەوە دەبێ، و ناوچەکە بەرەو تێکچوون دەچێ..

چاودێر: پێت وایە کاریگەری لەوجۆرە ...

... ئەگەر سەدد... ئەوا تەسەورد... یان ئێراندا... ڕێژەی ئاوەکا...

چاودێر: ... حکومەت ... هەرێم دەبێ چ... بکات؟

-بێگومان... ■